# کۆنترۆڵی میدیاو ڕاگەیاندنەکان

## ڕاگەیاندنە گروپییەکان ئەندێشەکان کۆنترۆڵدەکەن

## نوام چامسکی

**و: کەریم قادرپوور**

**٢٠٠٨سلێمانی**

**سەرپەرشتیاری پرۆژە: جەبار سابیر**

**جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق**

# ناوی کتێب: کۆنترۆڵی میدیاو ڕاگەیاندنەکان

# وەرگێڕانی: کەریم قادرپوور

# بابەت: ڕاگەیاندن

# تایپو هەڵەبڕی: وەرگێر

# نەخشە سازیو بەرگ: ناوەندی دیزاینی (یانەی قەڵەم)

# تیراژ: ١٠٠٠ دانە

# چاپ: چاپی یەکەم(٢٠٠٨)

# چاپخانە: چاپخانی کارۆ، بازاڕی سۆز، نهۆمی سێ

# سەرپەرشتیاری چاپ: ئاسۆ پێنجوێنی

# ژمارەی سپاردنی ()ی وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ.

**لەچاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم**

**زنجیرەی ژمارە(٢٦)**

**ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێهەم. ژمارەی تەلیفۆن: ٠٧٧٠١٥٧٥٧٢٦**

پێشکەشە بە:

هاوڕێی خۆشەویست، ئومێد ڕەحمانی کە لەم وەگێرانەو زۆر کاری تردا دڵسۆزانە یارمەتی داوم.

پێرست


الف : کۆنترۆڵی ڕاگەیاندنە گروپپیەکان _ سەرکەوتنی بەرچاو

پێشەکی .......... ٧تا ٩

سەرەتای مێژووی پروپاگەندە.......... ٩ تا ١٢

دیمۆکراسی چاودێر .......... ١٣ تا ٢١

پێوەندیە گشتیەکان .......... ٢٢ تا ٣٢

داڕشتنی تیۆری.......... ٣٣ تا ٣٩

خستنە ڕووی ناراستیەکان لەجیاتی ڕاستیەکان .......... ٤٠ تا ٤٢

کەلتووری ناڕەزایی .......... ٤٤ تا ٤٧

سەیرکردنی دوژمنان .......... ٤٨ تا ٥٢

درکی هەڵبژاردە .......... ٥٣ تا ٦٠

شەڕی کەنداوی فارس .......... ٦١ تا ٧٦

ب: هەواڵنێرێك لە هەسارەی مەریخەوە.......... ٧٧ تا ٨١

بە چ شێوەیەك شەڕ بە دژی تیرۆر ڕاپۆرت بکرێ

هەواڵنێرێك لە هەسارە ی " مەریخ " ەوە ..........

ممارسەی هۆکاری دەسەڵات .......... ٨١ تا ٨٤

شەڕی یەکسان بەئامانجی جیاوازەوە.......... ٨٤ تا ٨٧

پاشگەز بوونەوە لە هاوسەنگی ئەخلاقی .......... ٨٧ تا ٩٠

واتای بێ کەڵك .......... ٩٠ تا ٩٤

کاتالۆگی تیرۆریزم .......... ٩٤ تا ٩٦

نمونە گەلی بێ ململانێ .......... ٩٦ تا ١٠٠

دەستەمۆ کردنی زۆرینە .......... ١٠٠ تا ١٠٢

شەریکە تامەزرۆ کان .......... ١٠٢ تا ١٠٥





خەڵاتی دڵڕەقی .......... ١٠٥ تا ١٠٨

داوای لێبوردن بە سەر شۆڕپیەوە.......... ١٠٩ تا ١١٤

پەرچە کردارگەلێك سەبارەت بەتیرۆریزم .......... ١١٤ تا ١١٦

## پێشەکی

ڕۆڵی ڕاگەندیانە گروپیەکان وامان لێدەکات، لە سیاسەتەکانی سەردەم دا لە خۆمان بپرسین لە ناو کام کۆمەڵگاو لە چ جیهانێك دا بژین و بە تایبەت بە چ تێگەییشتنێك لە دیمۆکراسی حەزمان لێیە کۆمەڵگایەکی دیمۆکڕاتیکمان هەبێت؟ ئیزن بدەن بابەتەکە بە دوو تێگەییشتن لە دیمۆکڕاسیەوە درێژە بدەین. لە تێگەییشتنی یەکەم لە دیمۆکراسی وادەردەکەوێت کە زۆرینەی خەڵك بەهرەمەندن لە توانست و ئامڕازەکانی بەژداری کردن لە ڕێبازێکی واتابەخش لە بەڕێوە بردنی کاروبارەچارەنوس سازەکانی خۆیانداو هەر وەها خاوەنی ئامڕازگەلێك لە زانیاری ئازاد و قەدەغەکراو بن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قامووس، لە گەڵ واتاگەلێك هەر بەم شێوازە بەرەوڕو دەبینەوە.

تێگەییشتنێکی تر لە دیمۆکڕاسی ئەمەیە کە ئەندامانی کۆمەڵگا دبێت بێبەش بن لە دەخاڵەت و بەشداری کردن لە چارەنوسی خۆیانداو پێوستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر بە توندی لە ژێر چینی دەسەڵات داری کۆمەڵگادا بن، ڕەنگە ئەم لێکدانەوەیە زۆر دڵخۆشکەر نەبێت ، بەڵام باشتر وایە ئەمە بە



هەند وەرگرین ئەم تێگەییشتن و درکە زاڵە بە سەر کۆمەڵگاکاندا، ماوەیەکە نەتەنیا لە کردەوەدا بەڵکو لە تیۆریشدا جێ‌شوێنی خۆی کردۆتەوە. پێشینەی ئەم دیدگایە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم. سەردەمە سەرەتاییەکانی گەشەی دیمۆکڕاسی لە بەریتانیا، کە باسی لەم شێوازە بیرکردنەوەیە لە پانتایەکی بەرفراوان دا دەکرد. دەمەهەوێ تەنیا ئاوڕبدەمەوە لە سەردەمی نوێ‌و چەن قسەیەك بکەم سەبارەت بەوەی کە بە چ شێوەیەك ئەم تیۆری دیمۆکراسیە گەشە دەکاو بە چ شێوەیەك مەسەلەی ڕاگەیاندنەکان و نەبوونی گەیاندنی زانیاری ڕەخنە دەکاتە سەردەمی ئەو تیۆرەوە.

## سەرەتای مێژووی پڕوپاگەندە

ئیزن بدەن باسەکەمان بە یەکەمین چالاکی پڕوپاگەندەی مۆدێرنی حکومەت دەست پێبکەین و بگەڕێینەوەبۆ سەردەمی سەرۆك کۆماری وودراو ویلسۆن[1]. لە ساڵی ١٩٧٦، ویلسۆن لە هەڵوێستی " ئاشتی بە بێ سەرکەوتن"ەوە بۆ پلەی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردرا. ڕیك لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهان دابوو. بە تەواوەتی خەڵك خۆشگوزەران خواز بوون و هۆکارێکی ئەوتۆیان نەدەدی بۆ بەشداری کردن لە شەڕێکی ئەورووپی دا. بەڵام حکومەتی ویلسۆن سوور بوو لە سەر شەڕو خوێن ڕێژی، بێ ئەم لاولا دەبوایە لەم بوارەدا کارێك بکات. پەرەپێدەرانی پڕوپاگەندەی شەڕخوازی ویلسۆن دەستیان دایە دروست کردنی کومۆسیۆنێکی پڕوپاگەندەی دەوڵەتی لە ژێرناوی کۆمیسیۆنی کریل[2] کە توانی لە ماوەی شەش مانگ

WOODRAW WILSON - 1
CREEL COMISSION - 2



دا ئەو خەڵکە ئاشتی خوازو خۆشگوزەران ویستە بکات بە کۆمەڵێك لە جۆری خولیای جەنگ خوازو کە خوازیاری لەناوچونی هەموو شتێکی ئاڵمان بوون و هاواریان ئەکرد کە دەبێت هەموو ئەندامی لەشی ئاڵمانییەکان کوت کوت بکەین.

ڕێك هەر لەم ڕۆژگارەداو دوای شەڕ، دیسانەوە هەر ئەو شێوازانەیان بەکار هێنا هەتا مەترسی بزوتنەوەکانی دژی کۆمۆنیستی لە ناو بەرن، دەستەواژەیەك کە خۆیان کەڵکیان لێ وەردەگرت، هەتا ڕادەیەك بە لێکترازانی ڕیزی سەندیکاکان و کردنەوەی توخمگەلی مەترسی داری وەك ئازادی خوازان و چالاکی ئازادی ڕاگەیاندن و ئەندێشە سیاسیەکان لە بازنەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دا ، سەرکەوتن.

لە بنەرەت دا گەورەترین لایەنگرانی ئەم هزرە، ڕۆژنامەکانی ڕاگەیاندن و نووسینگەکانی بازرگانی ماڵی پێوەندی دار بوون کە لە ڕاستی دا بە بەڕێوەبەرانی ڕووداوەکە دەزاندران.

ڕوناکبیرانی پێشکەوتووخواز کە لە دەوری ئەندێشەکانی جان دەیوی کۆببونەوە، لەو کەسانە بوون کە چالاکانەو بە حەزوو مەیلەوە لە شەڕێك دا کە ویلسۆن دەستی پێکردبوو بەشداریان دەکرد . ئەوان بە لە خۆبایی تەواوە لە بەرهەمە نوسراوەکانی ئەو سەردەمەدا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە " ئەندامانی ڕوناکبیری کۆمەڵگا " کە مەبەستیان خۆیان بوو ، لە توانایان دایە بە ترساندنی خەڵکی بێلایەن و نەخوازی شەڕ و بەرەو پێشەوە بردنی نیشتمان پەروەرانی دواکەوتوو خوازو و

دولایەنە گەرم و گوڕیان بەخشی بە شەڕ. ئەو ئامرازانەی کەڵکیان لیٚ وەردەگرتن فراوان بوون. بۆ نمونە قۆپی کردنی بەڵگەکانی سزادانی گەلی هوون[٣] لە بەلژیك کە بە چ جۆرێك مەچەکی مناڵەکانیان لە لەشیان جیادەکردەوەو، دەکریٚ سەرجەم ئەم چیرۆکە پڕمەترسیانە ئێستاش لە کتێبە مێژوییەکان دا ببینینەوە . زۆبەی ئەم مەیدان سازیانە دەستکردی وەزارەتی پڕوپاگەندەی بەریتانیا بوو. هەروەك لە توێژینەوە نەهێنیەکان دا باس کراوە، لەو سەردەمەدا لێکدانەوەی خۆیان ئەمە بوو کە" ئەندێشەو هزری هەرە زۆری جیهان هیدایەت دەکەن." ئەوان زۆر بوێرانە دەیانویست ئەندێشەی زۆربەی روناکبیرانی ئەمریکایی کۆنترۆڵ بکەن و دواتریش حەزو مەیلیان بەوە بوو دەست بدەنە پڕوپاگەندە، هەتا بە تەزویر و قۆپی، بتوانن کۆمەڵگای ئاشتی خواز بکەنە وڵاتێکی خوازیاری نەخۆشیانەی شەڕ. ئەندێشەو ئامانجەکان پڕاکتیکی کران. زۆر بەباشیش بەڕێوە چوو، وانەیەك فێر بوو: کاتێك کە پڕوپاگەندەی دەوڵەت لە ژێر لایەنگری چینی خوێندەواردا بیٚ و کاتێکیش جەوازی رزگاری و ڕەهایی بە هیچ جۆرێك نەدرێت. کاریگەری گەورە لە دوای خۆی بەجێدێلیٚ.

[٣] - huns ، یەکێکە لە هۆزە بیابانشین و شەڕخوازە ئاسیاییەکان کە لە ساڵی ٣٧٥ی دوای زایین دەستیان بە سەر ئەوروپادا گرت و هەتا سەرەتای سەدەی پێنجەم دەسەڵاتیان بە سەر زۆربەی ئەو کیشوەرەدا هەبوو.



ئەمە وانەیەك بوو لە لایەن هیتلێر و زۆر کەسی ترەوە کاری پێکرابوو ، هەتا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

# ديموكراسی چاودێر

گروپێکی تر کە کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم بارودۆخەوە، خاوەن تیۆرانی ئازادی خوازی دێمۆکرات و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ڕاگەیاندنە گروپییەکانن، والتێر لیپمەن[٤]، سکرتێکری کۆلیجی رۆژنامەوانی ئەمریکاو بڕیاردەری سەرەکی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەمریکاو هەروەها یەکێك بوو لە تیۆری دارێژەرانی سەرەکی لیبڕاڵ دێمۆکرات. گەر چاوێك بخشێنن بە سەر کۆی بەرهەمەکان دا، ئاگاداری بابەتگەلێکی وەك " تیۆری پێشکەوتنخوازانەی هزەرە لیبڕاڵ دێمۆکڕاتیکەکان" دەبن. لیمپەن لە ناو کۆمسیۆنە پڕوپاگەندەییەکان داچالاکی هەبوو، هەروەها ئاگاداری سەرکەوتنەکانیشیان بوو. ئەو ئاوا دەیسەلماند کە (( شۆڕش لە هونەری دێموکڕاسی ))دا دەتوانێ بۆ(( دەستەبەر کردنی ڕازی بوون)) بە کار بهێندرێ. کە خۆی دەبێتە ڕازی بونی بەشێك لە کۆمەڵگا کە ئەوان لە ڕێگای شێوازە نوێکانی پڕوپاگەندەییەوە حەزناکەن بیان بێت. هەروەها ئەو فێریش دەبوو کە ئەمە بیرو باوەڕێکی زۆرباشەو لە راستیدا پێویستیشە. لە دیدگای ئەوانەوە پێویستە، چونکە بەرژەوەندی بە کۆمەڵ بە تەواوی بیروباوەڕی گشتی لە خۆی دوور

---

WALTER LIPMANN - ٤



دەخاتەوەو تەنیا لە لایەن چینێکی تایبەت لەو پیاوانەی کە هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن و Iq بەرزیان و توانای درکی مەسەلەکانیان هەیە، جێگای تیشگەییشتن و بەڕیوەبەرایەتیە. بە پێی ئەم تیۆرە تەنیا تاقێك لە نوخبەکانی کۆمەڵگا ، واتا ئەو تاقمانەی کە پەیڕەوی قوتابخانەی دەیوین دەتوانن تێبگەن. مێژووی ئەم تیۆرە دەگەرێتەوە بۆ چەن ساڵ بەر لە ئێستاو لە ئەسڵدا بە تەواوی تیۆرەیەکی لێنینیستیە. لە ڕاستیدا وەك ئەو بەشە لە تێگەییشتنە لێنینیستیەکەیە کە دەڵێت: ڕوناکبیرانی شۆڕشگێڕ وەك پێشڕەوانی کۆمەڵگا بە کەڵك وەرگرتن لە بزاڤە گشتیە شۆڕشگێرییەکان وەك ئەو هێزانەی کە ئەوان دەگەیەننە کورسی دەسەڵات، هێزی مەکینەی دەوڵەت دەگرنە دەست و دواتر کۆمەڵی ناهوشیاری خەڵك بەرەو داهاتویەك هان دەدەن کە خۆیان ناتوانن وێنای بکەن. تیۆرەی ئازادیخوازانەی دێمۆکڕاتیك و مارکسیسم – لێنینیسم زۆر نزیکە لە تیۆرە ئایدۆلۆژیکیەکەیان. تێبینی من ئەمەیە بۆچی لە ماوەی ئەم ساڵانەدا خەڵك بەبێ ئامانج و بە سانایی و بە بێ بونی بچکووکترین درکێك لە گۆڕان ، لە هەڵوێستێکەوە بەرەو هەڵوێستێکی تر هەنگاویان نا. ئەمە تەنیا بابەتی هەڵسەنگاندن و دیاری کردنی پێگەی دەسەڵاتە. ڕەنگە شۆڕشێکی خەڵکی بەرپا ببێ و ئێمە بگەیێنێتە پلەو پایەی دەسەڵاتی دەوڵەت. گەر شتێکی وەها ڕو نەدات ، لەو کاتەدا ئێمە وەك هێزی کاری مرۆیی بۆ ئەوانەی دەستیان بەسەر مەکینەی دەسەڵات دا

گرتوه، کارێك دەكەین: كۆبوونەوەی بازرگانی. بەڵام ئێمە ئەو كارانە هەر ئەنجام دەدەین. واتا خەڵكی ناهوشیار بۆ ئەم لاولا هان دەدەین كە توانای درك و تێگەییشتنیان نیە.

لیمپەن گریمانەكە بە گریمانەیەكی دێمۆكڕاتیانەی پێشكەوتن خوازانەوە پەسەند دەكات. ئەو دەڵێت : لە كۆمەڵگایەكی دێمۆكڕاتیكدا كە كردەوەی بنەڕەتیانەو سەرەكی لە ئازادیە، بوونی چینە جیاوازەكانی هاوشاریان شتێكی سروشتیە. بەر لە هەر شتێك قسە لە بوونی ئەو هاوشاریانەیە كە دەبێت لەو كاروبارانەدا كە ئێستا لە كۆمەڵگادا هەن رولّی چالاكانە بگێڕن. ئەمە بە چینێكی تەواو پسپۆر دادەندرێت، واتا ئەوانەی لەناو سیستمە سیاسی و ئابوری و ئایدۆلۆژیكیەكاندا رۆڵی شرۆڤەیی، بەڕێوەبەرایەتی ، جێبەجێكاری و بڕیاردان ئەگێڕن، زۆر ئاساییە كە لە بواری چەندیەتیەوە ڕژەیەكی كەم لە كۆمەڵگادا پێك دەهێنن. هەر كەس لەڕوی ڕەسەنایەتیەوە ئەم بیرۆكەیە بێنێتە گۆڕێ، هەموو كات بەشێك لەم گروپە بچوك و بەردەوامە لە بیری ئەوەدایە كە لە بارەی(( ئەوانی ترەوە)) چی بكرێت. ئەوانی تر ئەو كەسانەن كە لەناو دارو دەستەیەكی بچووكدا پێگەیان نیەو لقێك لە بەشێكی گەورەی كۆمەڵگا پێك دێنن و هەر ئەوانەن كە لیمپەن پێیان دەڵێت،(( جەڵەبێكی سەرلێشێواو)) ئێمە دەبێ خومان دور وەخەین لە جەڵەبی سەرلێشێواوو ماڵ بە كۆڵەوە. لە دێمۆكڕاسیدا لە گەڵ دوو بە كارهێنان دا بەرەو ڕوو دەبینەوە



: یەكەم چینی پسپۆڕ، تاكە بەرپرسەكان ، جێبەجێ كارانی ئەركە بەرییێوە بەرایەتیەكان واتایەكی وەهای بە خۆ گرتۆە كە ئەوان لە جیاتی هەمو ئەندامانی كۆمەڵگا بیردەكەنەوەو پڕۆژەو بەرنامەكە ئەخەنەڕوو. هەروەها ئەوانن كە بەرژیەوەندییەكانی چینی ناهوشیارو زۆرینەی خەڵك تێدەگەن. دووەم ((جەڵەبی سەر لێشێواو)) كە ئەوانیش ڕۆڵی پراكتیكیان لە دێمۆكراسیدا هەیە. بە پێی وتەی لیمپەن ڕۆڵی ئەم گروپە لەناو بزاڤە دێمۆكڕاتیكیەكاندا ڕۆڵی (( تماشاوانیە)). نەك ئەكتەری . بەڵام ئەم تاقمە هەندێك جار رۆڵی زیاتر ئەگێڕن. چونكە لە كۆمەڵگایەكی دێمۆكڕاتیك دا ئەژین. ئەوان ئیزنی ئەوەیان هەیە قورسایی كێشی خۆیان بخەنە سەر شانی یەكێك لە تاكەكانی (( چینی پسپۆڕ)) . بەواتایەكی تر ئەوان ماڤ ئەوەیان هەیە بڵێین كە(( داواتان لێ دەكەین ببنە ڕێبەری ئێمە)) یان تكاتان لێدەكەین ڕێبەری ئێمە بن، چونكە كۆمەڵگاو دەوڵەت دێمۆكڕاتیكە نەك دیكتاتۆڕی. ئەمەیە واتای هەڵبژاردن. بەڵام بە هۆی ئەوەوە كە قورسایی كێشی خۆیان خستۆتە سەر شانی ئەم تاكە یان هەر ئەندامێكی تری چینی پسپۆڕ، دەبێ پلەو پایەیان بدەنێو كورسیان پێ ببخەشن و ببنە بەشێك لە تماشاوانەكان .، نەك بەشداربوان. ئەم یاریانە لە ناو دێمۆكڕاسیدا بەڕێوە دەچن.

لە پشت ئەم ڕوداوەی سەرەوە لۆژیكێك خۆی حەشار داوەو تەنانەت دەكرێ بڵێین جۆرێك لە گوشارەكانی بنەمای ئەخلاقی

هەیە. ئەو بنەما بەرباسە بڕوای وایە کە زۆرینەی خەڵك بە جۆرێك گەوج و تێنەگەیشتوون کە توانای درکی کۆمەڵگایان نیە. ئەگەر ئەوان بیانهەوێ سوکانی کاروباری کۆمەڵگا بەدەستەوە بگرن، ئەگەری زۆری هەیە کە توشی مەسەلەی نائەخلاقی و بێبنەما دەبن. کەواتە لەم بوارەدا نابێ بە وان ئیزن بدرێت. ئەرکی ئێمەیە کە ئەم جەڵەبە وەحشیانە ماڵی و دەستەمۆ بکەین و نەهێلین ئەم جەڵەب و مێگەلە وەحشیە سەر هەڵدەن و زەمین و زەمان پێشێل بکەن و لەناوی بەرن.

ئەمانە ڕێك ئەو لۆژیکە بەکاردەبەن کە ئەگەر مناڵێکی سێساڵانە بیهەوێت لە ناوەڕاستی شەقامەوە ڕاکات ئێوە بەو مناڵە وەها ئازادییەك نابەخشن ، چونکە ئەو نازانێت بە چ جۆرێك لەو ئازادیەی پێی بەخشراوە کەڵك وەربگرێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەیە ئێوە ئیزن نادەن کە جەڵەبی وەحشی لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا دەخالەت و دەست تێوەردانیان هەبێت و گەر وا نەبێت گێرەو کێشە دروست دەبێت. لە ئەنجامدا ئێمە پێویستمان بە شێوازێك هەیە کە لە توانای دابێت ئەو جەڵەبە وەحشیانە ڕام بکات و ئەویش شتێك نیە بێجگە لە شۆڕشێکی نوێ لە دێمۆکڕاسیدا: پێکهێنان و دروست کردنی ڕەزایەت .

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گروپی ، سیستەمی پەروەردەو کەلتوری گشتی دەبێ دابەش بکرێت. دەبێ بۆ چینی سیاسی و بڕیاردەر جۆرێك درك لە واقعیەتی نەرم و نیان فەراهەم بکەین،



سەرەڕای ئەوەی کە دەبێ وردەوردە بیروباوەڕی شایستەسالاری بێنینە ناوەوە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە لێرەدا بابەتێکی جێگیر کراو، لەوە پێش هەیە کە باسی لێنەکراوە. بابەتی لەوەپێش جێگیرکراو پەیوەندی لە گەڵ ئەم پرسیارەدا دروست دەکات کە چینی حاکم و دەسەڵات دار چۆن ئەم پلەو پایەیان بەدەست هێناوە، لە کاتێك دا لە پلەوپایەی بڕیادان دان. هەڵبەت ئەو ڕێبازەی هەڵی دەبژێرن، خزمەت بە خەڵك لە گەڵ دەسەڵاتی ڕاستەقینەدایە. ئەو کەسانەی دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان هەیە، لە ئەسڵدا خاوەنی کۆمەڵگان و بە زۆریش گروپێکی زۆر کەم لە کۆمەڵگا پێك دێنن. ئەگەر چینی پسپۆر بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت و بڵێ کە دەتوانێ خزمەت بە داخوازی و بەرژییەوەندیەکانی ئێوە بکات ، دەبێتە بەشێك لە گروپی بەڕێوە بەرایەتی ، دەبێ ئەوانە هەر بەو بێدەنگیە بمێننەوە. بەم واتایەی کە دەبێ هێواش هێواش بیروباوەڕو تیۆری گەلێك بخرێتە مێشکیانەوە کە ئەرکی ئەوان خزمەت کردنە بە بەرژەوەندی چینی کەمینەی دەسەڵاتداری کۆمەڵگا. هەتا ئەو کاتە نەگەییشتونەتە ئەو پلەو پایە لە بیرو باوەڕ، ناتوانن ببنە بەشێك لە چینی پسپۆڕ. چونکە ئێمە تەنیا یەك سیستەمی پەروەردەییمان هەیە کە بەرەو پیاوانی بەرپرس هیدایەت دەکرێ، بەرەو چینی لێهاتوو. ئەمانە زۆر بە قوڵی دەبێ بچنە ناو دەریای بەهاو پێوانەکانی بەرژەوەندی هێزی تایبەتی چینی دەسەڵات دارو شەریکەو کۆمپانیا ماڵیە

وابەستەکانی ئەوانەوە. دەبێ بیروهۆشی پاشماوەی خەڵکی مەڕ سیفەتی سەرلێشێواو چەواشە بکەن. دەبێ سەرەنجیان بەرەو بابەت و مەسەلەی تر هان بدرێت و ئەوان لە مەسەلەی سەرەکی هەروا دوور ڕاگیرێن. دەبێ ئەو دڵنیاییە دروست ببێت کە وەك تماشاوانی مەیدان بە تەواوی لە گێڕانی ڕۆڵی ئەکتەری دوور بخرێنەوەو جاروبار قورسایی خۆیان بخەنە سەر شانی ئەکتەرە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا کە وێدەچێ هەڵبژێردراوی خۆیان بن.

ئەم تیۆرە لە لایەن زۆر کەسەوە گەشەی پێدراوەو لە ڕاستیدا بۆتە شتێکی باو. بۆ نمونە، ڕینهۆڵد نیبرا[٥] خاوەن تیۆری ناودارو ڕەخنەگری سیاسەتە دەرەکیەکان کە هێندێك جار بە تیۆری زانی ئۆرگانی ناوی دەبەن و ڕوناکبیرانی لایەنگرانی جۆرج کێنان[٦] و کەنێدی[٧] ئاوایان دەوت کە لە بواری لۆژیکیەوە لێهاتوییەکی زۆری بە زۆر سنووردار کراو دەبیندرێت.

تەنیا تاقمێکی کەم لە خەڵك دەستیان پێی رادەگات. زۆرینەی خەڵك تەنیا لە ڕێگای هەست و ئەنگێزە کوت و پڕو ڕاچڵەکێنەرەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. ئەم تاقمەی ئێمە کە خاوەنی عەقڵ و لۆژیکین، دەبێ هەستیاری بە هێزی" ساکار ڕوانینی لە ڕادەبەدەر"و فریودانی زەرورو پێویست لە

٥ - ROINHOLD NIEBUHR
٦ - george kenan
٧ - kennedy-



کۆمەڵگادا پێك بهێنین و هەتا ئەو جێگایەی لە تواناماندا بێت، خەڵکی نەپوختەو ساویلکە لە هێڵی مەبەستی خۆماندا ڕاگرین. ئەم سیاسەت و هزرە بەر باسەی ئێستا بۆتە بەشێکی جیا نەکەرەوەی زانستی سیاسی هاوچەرخی جیهان. لە ماوەی دەیەی ١٩٢٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٣٠ ، هاڕۆڵد لاسوول[٨]،یەکێك لە بەرچاوترین زانایانی سیاسی ئەمریکاو داهێنەری مەیدانی پەیوەندیە مۆدێرنەکان وتی کە ئێمە نابێت تەسلیمی دۆگماتیسمی دیمۆکراتیکی ببین کە بڕوای وایە خەڵك باشترین دادوەرانی بەرژەوەندیەکانی خۆیانن، چونکە ئەوان بەم جۆرە نیین. ئەوە ئێمەین باشترین پارێزەری بەرژەوەندیەکانی خەڵك دەبین. دوور لە بازنەی ئاکارە باوەکان ، دەبێ لەوە دڵنیا بین کە خەڵك تواناو دەرفەتی دانیشتن لە پێگەی دادوەری و پارێزگاری لە مافە پێشێلکراوەکانی خۆیانیان نیە. بابەتەکە زۆر ساکارە، ئەمە هەر ئەو شێوازەیە کە ئەمڕۆ ناوی لێدەنێین (( دەوڵەتی دیکتاتۆری)). یان حکومەتی (( میلیتاریزمی)). گورزو کوتەك لە سەرسەریان ڕابگرن و ئەگەر بۆ ساتێك ویستیان لە هێڵی دیاریکراو لادەن، زۆر بە توندی لە سەریان ڕاکێشێن. هەر ئەوەندەی کە شنەی ئازادی و دیمۆکراسی لە وڵات دا هەڵی کات، ئێوە پێگەی دەسەڵاتی خۆتان لە دەست دەدەن.

٨ - Harold lass woll

له ئەنجام دا، بەردەوام دەبێ روو بکەینە پرو پاگەندە کە ڕۆڵی گورزو کوتەك لە حکومەتە دیکتاتۆڕیەکان دا چیە؟ لۆژیکی کارەکە زۆر ڕوونە. جەوهەری پڕوپاگەندە لە سیستمە دێمۆکڕاتیەکان دا وەك گورز وایە لە سیستمی دێمۆکڕاتیك دا. بەم پێیە خۆپاراستن لە ژێدەرە بە کۆمەڵیەکانی کۆمەڵگای پاتاڵ سیفەت کارێکی ئاقڵانەیەو بە زۆریش جێگای پەسەندە، ئەوان هەست بەم بابەتە ناکەن.



## پەیوەندیە گشتییەکان

ئەمریکا لە پیشەی پەیوەندیە گشتیەکاندا رۆڵی پێشڕەوانەی گێڕا. بەڵێنیەکانی بریتی بوو لە" کۆنتڕۆڵی ڕای گشتی" ئەویش بەو شێوازەی کە ڕێبەرانی ئەمریکا ئەیانویست. لە ئەزمون و سەرکەوتنەکانی کۆمیسیۆنی کریل و هەروەها دروست کردنی هێلی سور و جوڵەکانی پشت سەریەوە وانەگەلێك فێر ببوون. لەو سەردەمەدا بوو کە پیشەی پەوەندیە گشتیەکان لە ڕادەبەدەر گەشەی کرد. بە جۆرێك کە لە ماوەی دەیەی ١٩٢٠دا توانی سەرجەم جوڵە بازرگانی و گشتیەکانی کۆمەڵگا بخاتە ژێر کۆنتڕۆڵی ڕەهای خۆیەوە. بابەتەکە ئەوەندە خێراو نائاسایی هاتە بەرچاو کە لە ماوەی دەیەی ١٩٢٠ دا هەر دوو پاڕلەمان دەستیان دایە لێکۆڵینەوەو بەدواداچون. لەم ڕێگایەوە بوو کە زۆربەی زانیاریەکانی ئێمە دەستەبەر بوون.

پەیوەندیە گشتیەکان پیشەیەکی زۆر بەربڵاوە. ئەو بودجەیەی ئەمڕۆ بۆ ئەم پیشەیە تەرخان دەکرێت ساڵی لە سەروی یەك ملیارد دۆلارەوەیە. سەرەکی ترین ئامانجەکەی

کۆنترۆلی ڕای گشتیە. دیسانەوە لە دەیەی ١٩٣٠ دا، گێرەو کێشەی زۆر هاتە سەر ڕێ، ڕێك لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم دا. لاوازی زۆری بازاڕی بازرگانی لە لایەکەوەو گەشەی سەندیکا کرێکاریەکان لە لایەکی ترەوە زۆر زەق و بەرچاو بوو. لە ڕاستی دا ساڵی ١٩٣٥ بوو کە کرێکاران یەکەم سەرکەوتنی گەورەی یاسایی خۆیان بەدەست هێنا: ماڤ پێك هێنانی ڕێکخراوی کرێکاری بە پێی پەیمانی " واگنەر[٩]" پەیمانی ناوبراو بوو بە هۆی سەرهەڵدانی دوو پرسی سەرەکی و جێگای گفتوگۆ، یەکەمیان ئەوەی کە دێمۆکڕاسی کردەیەکی ناخۆشی هێنایە گۆڕێ. جەڵەبێکی سەرلێشێواوی ئەو سەردەمە کە لە ڕاستی دا هەبوون و خەریك بوو سەرکەوتنی یاساییان بە دەست دێناو بڕیار نەبوو کە هەنگاوی وەها هەڵێندرێتەوە. کێشەیەکی تریش ئەمەبوو کە بارودۆخ بە جۆرێك ڕەخسابوو، خەڵك مەجال و دەرفەتی جم و جۆڵی گرووپی و ڕێکخراویان بەدەست هێنابوو. ئەم کارە دروست نەبوو، خەڵك بەردەوام دەبوایە گۆشەنشین ببوونایەو جیا لە یەکتر دەژیان. بڕیار وانەبوو کرێکاران سەندیکاکانی خۆیان پێك بێنن، چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو لە جیاتی ڕۆڵی تماشاوان ، داخوازی و بابەتی تر بێننە گۆڕێ. لەبیرمان نەچێت ئەگەر بێت و خەڵك تەنانەت بە کەمترین داخوازی و نزمترین سەرچاوەو توانستەکانیان کۆمەڵێك پێك بێنن و بێنە ناو مەیدانی

---

[٩] wagner act -



سیاسیەوە، ئەو کاتە تەنیا ڕۆڵی تماشاوانیان نابێت بەڵکو دێنە ناو مەیدانەوەو دەست دەدەنە ئەفراندنی ڕۆڵ. ئەو کاتەیە هەڕەشەی ڕاستەقینە خۆی دەردەخات. دژکردەوەیەکی بنچینەیی کە لە بەشی بازرگانی دا دڵنیا کەرەوە بوو بۆ ئەوەی کە وا بێتە بەرچاو کە ئەمە سەرکەوتنی کوتاییە لە شێوە یاساییەکەیدا بۆ چینی کرێکارو هەروەها ئەوەی کە ئەمە یەکەمین و دوایین چەواشەکاری دێمۆکڕاتیکانەی ڕێکخاوێکی مرۆییە، نیشان دراو لە ڕاستی دا سەرکەوتنی کۆتایی کرێکاری بوو لە شێوە یاساییەکەیدا. هەرچەن لەو کاتە بەدواوەوە– بۆ خولێکی دیاریکراو لە میانەی شەڕی دووەمی جیهانیدا ڕێژەی خەڵك لە ناو سەندیکاکاندا بە شێوەی بەرچاو زیادی کردبوو، دواتر کەم بۆوە– بەشێوەیەکی سەرەکی پێوانەی سەندیکاکان لە جۆری سیستماتیکەوە بەرەو داڕمان ڕۆیی. ئەم کارە بە ڕێکەوت نەبوو. ئێستا لێدوانەکەی ئێمە لە سەر کۆمەڵگای بازرگانیە کە لە ڕادەبەدەر پارەو تێبینی و هزر پاشەکەوت دەکات هەتا تێبگات بە چ جۆرێك لە ڕێگای پەیوەندی گشتی و ڕێکخراوەکانی ترەوە، وەك سەندیکا نەتەوەییە بەرهەم هێنەرەکان و ڤۆرك شۆپی بازرگانی و ... دەکرێ بە سەر ئەم گێرەو کێشانەدا زاڵ بین. هەر بە دوای ئەوەدا ئەوانیش دەکەونە جم و جۆڵی ئەوەی کە بە چ شێوازێك لە گەڵ ئەم لادانە دێمۆکڕاتیکیانەدا بەربەرەکانی بکەن.

یەکەم هەنگاو لە ساڵی ١٩٣٧ تەوە واتە ساڵی دواترەوە هەڵێندراوە. لەو ساڵەدا مانگرتنێکی گەورە لە لایەن کرێکارانی پیشەسازی پۆڵا شاری جان تاون[١٠] لە رۆژئاوای ویلایەتی پنسیلوانیا[١١] رێك خرا. خاوەن پیشەسازی و بازرگانیەکان شێوازی نوێیان بەکار هێنا بۆ سەرکوت کردنی کۆبوونەوە کرێکاریەکان کە زۆر زووش کاریگەری خۆی دانا. ئەمە شێوازێکی نوێ نەبوو لە لایەن گۆپاڵ بەدەستانەوە بۆ شکاندنی قەڵەمی پێی کرێکاران، چونکە کەڵك وەرگرتن لە شێوازەکانی توندی و تیژی ئیتر پێگەی خۆی لەدەست دابوو. بەڵام ئەوان لە رێگای پڕوپاگەندەی ژەهراویی و ئامڕازە کاریگەرەکەیەوە بوو کە بە ئاسانی سیاسەتمەدارانی توانیان بگەنە ئامانجەکانی خۆیان . بیرۆکەکە ئەمە بوو کە چۆن دەکرێ خەڵك دژی مانگرتنە کرێکاریەکان یەکریز بکەیی و مانگرتوان وەك تێکدەرانی ئابووری و دژی بەرژەوەندیە گشتیەکانی وڵات بناسێنی. بەرژەوەندی گشتی شتێك نیە بێجگە لە داخوازیەکانی" ئێمە"ی خاوەن بازرگانیەکان، کرێکاران و ژنانی ماڵەوە. مەبەست لە ئێمە هەر ئەم شتەیە. ئێمە حەزمان لێیە یەکگرتوو بین و لەژێر ناوی دروشمی یەك بوون، بۆ هەرچی زیاتر بە ئەمریکایی کردنی سیستەم لە دەوری یەکتر کۆ وەبین. دەمێنێتەوە ئەو تاقمە لە مانگرتوە رەوشت پیسەکان کە

١٠ - gohns town
١١ - pennsylvania



لە بازنەی یەکیەتی "ئێمە"دا دوور دەکەونەوە . ئەوانە وێران کەروو گێرەشێوێن و تێك دەری هەماهەنگی ئێمەو لادەرانی دوور لە بە ئەمریکایی بوونن. ئەرکی ئێمە خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەو گروپەدایە هەتا بە ئاسانی بتوانین لە چوار دەوری یەکتر کۆوەبین. لە بیرتان نەچێ کە بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵگا لە گەڵ گەسك لێدەرانی دایرەو فەرمانگەگان هاوبەشن و یەکێکە. ئێمە دەتوانین هەمومان بە یەکەوە کار بکەین و بۆ سیستەمی بە ئەمریکایی بوون لە ژێر هەماهەنگی دڵخوازمان دا، دەست بخەینە ناو دەستی یەکترەوە. جەوهەرو ناوەرۆکی پەیامەکە ئەمە بوو. هەوڵی زۆر بەربڵاوو بەرفراوان درا هەتا ئەم پەیامە بە گوێی خەڵك بگات. لە ئەنجام دا،ئەوە کۆمەڵگای سەرمایەداری بوو بەم شێوازە کۆنترۆڵی راگەیاندنە گرووپیەکان و سەرچاوە گەورە پڕوپاگەندەییەکانیان لە ژێر چەتری خۆیان دابوو. ئەم سیاسەتە بە باشی وەڵامی دایەوەو کاری خۆی کرد. دواتر ئەم فۆرمۆلەیان ناونا فۆڕمولی مووهاك والێی[١٢]، کە زۆر جار لە ناو مانگرتنەکان دا کەڵکی لێ وەرگیرا. خاوەن پیشەکان شێوازی ناوبراویان ناونا ،(( رێگا زانستیەکانی دژی خۆپێشاندان)) و بۆ یەك ریز کردنی دەنگی گشتی بۆ لایەنگری لە چەمك گەلی پووچ و بێناوەرۆکی وەك (( بە ئەمریکایی بوون)) گەییشتنە سەرکەوتن گەلێك. ئێستا کێ توانای خۆڕاگری لە بەرامبەریان

١٢ - Mohawk valley formula

دا هەیە؟ یان وەك كاتی شەڕ لە كەنداوی فارسداو دروشمی (( لە چەكدارانی خۆمان لایەنگری بكەین.))

ئایا كەسێك بە ئاشكرایی دەیتوانی سەرپێچی بكات؟ یان رووبانی زەرد بە درەختەكانەوە، ئایا كەسێك توانای دژایەتی كردنی لە گەڵ ئەم جوڵە بە تەواو بێ ماناو پوچەدا هەیە؟

ئەگەر كەسێك لێیان بپرسێ لایەنگری لە خەڵكی ئایوا[١٣] دەكەن، لە راستی دا مەبەست و ناوەڕۆكی پرسیارەكەی ئەو چیە؟ ئێوە ئەتوانن بڵێن، بەڵێ ئەتوانین لایەنگری لێبكەین ، یان لایەنگری لێ نەكەین؟ پرسیارێكی بێ پێوەندیە. لە ئەسڵدا پرسیار نیە. خاڵەكە لێرەدایە. لە راستی دا دروشمەكانی پەیوەندی گشتی وەك (( لە چەكدارانی خۆمان لایەنگری دەكەین)) زۆر تاكخوازانەو بێ ناوەڕۆكە. بە زۆری بیروڕای دروشم دەران ئەوەیە كە بزانین ئێوە لە خەڵكی ئایوا لایەنگری دەكەن یان نا. لە بنەڕەت دا داخوازی دروشم دەران ئەمەیە كە ئایا ئێوە پشتیوانی لە سیاسەتەكانی ئێمە دەكەن؟ لە راستی دا خەڵك نایانهەوێ سەبارەت بە بابەتەكە بیر وەكەن.لە ئەسڵ خاڵی سەرەكی سەرجەم پڕوپاگەندەكانیش هەر ئەمەیە. ئێوە دەبێ دروشمێك دابنێین كە كەس دژایەتی لە گەڵدا نەكاو هەمو پشتیوانی لێبكەن. هیچ كەس نازانێت ماناكەی چیە،چونكە ماناو واتایەك لە ئارادا نیە. ئامانجە بونیادیەكەی ئەمەیە كە رەوت و سەرەنجی بیركردنەوەی ئێوە بە هۆی پرسیارێك كە لە

---

١٣ - Iawa **ویلایەتێكە لە ئەمریكا**



پشت دروشمەكەوە خۆی حەشارداوە چەواشە ببێت: ئەوەی كە ئایا ئێوە پشتیوانی لە سیاسەتەكانی ئێمە دەكەن؟ ئەمە بابەتێكە كە ئێوە مافی ئەوەتان نیە قسەی لە بارەوە بكەن. بەم پێیە ئایا ئێوە خەڵكانێكتان هەیە كە بۆ پشتیوانی لە سوپا باس و وتووێژ بكەن؟ " هەڵبەت ، مەگەر دەكرێ پشتیوانیان لێنەكەی. ئەو كاتە ئێوە سەركەوتن بەدەست دێنن. رێك وەك سیاسەتی بە ئەمریكایی بوون و دامەزراندنی یەكیەتی. ئێمە هەمو بە یەكەوەیین، دروشمێكی تەواو بێناوەڕۆكە، لێگەڕێن با یەكیەتیمان هەبێت، ئیزن بدەن دڵنیا ببین لە وەی كە ئێمە نامانهەوێ ئەو كەسە خراپانەی كە لە خۆمان نیین لە دەوروبەرمان بن كە بە قسەی پڕوپووچ و بە بێ پێوەندی جیاوازیە چینایەتیەكانی ئەم جۆرە دروشمانە بەیەكدا دەدەن. هەرچۆنێك بێت رێگایەكی زۆر كاریگەرە. هەتا ئەمرۆش متمانەو لێهاتویی خۆی پاراستوە. هەڵبەت زۆر بە وردی لە بارەیەوە بیر كراوەتەوە. ئەو سیاسەتمەدارانەی لە پشتەوەی پەیوەندی گشتی دا خۆیان حەشار داوە ، بۆ رابواردن لەوێ لە دەوری یەكتر كۆبوونەوە ئەوان كاری زۆر جیدی جێبەجێ دەكەن. هەوڵ دەدەن وردە وردە بەها درووستەكان بگەیەنن.لە راستی دا تێگەییشتنیان لە دیمۆكراسی بریتیە لە: سیستمێك كە دەبێ لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆی دا چینێكی پسپۆڕ بۆ خزمەت كردنی پیشەو سەرمایە بەكار بێنێ‌و زۆرینەی كۆمەڵگا واتا ئەوەی كە ماوەتەوە لە هەر چەشنە رێكخستنێك بە دوور

بن، چونکە هەرچەشنە کۆرو کۆمەڵ و سەندیکایەك کێشە دروست دەکات. خەڵك دەبێ روبەڕووی تەلەفزیۆن لیی پاڵ کەون و دروشم و پروپاگەندە وەك درێڵ بە مێشکیان دا رۆچێت. دوای شۆردنەوەی مێشك بگەنە ئەم بڕوایە تەنیا بەهایەك کە لە ژیاندا هەیە، بریتیە لە بوونی کاڵای زۆری بەرخواردو پەیڕەوی لە شێوازی ژیانی چینی مام ناوەندی خۆشگوزەران کە مات و حەیرانی بەها جوان و هاوئاهەنگی بە ئەمریکایی بوونە.ئەمە بنەماو ناوەرۆکی ژیان لە ئەمریکادایە. رەنگە ئێوە وای بو بچن بێجگە لە وەی کە نیشانی دەدەن شتی دیکەش هەیە، وای دانێین کە شێتن و ئەوەی کە بە تەنیایی سەیری دەکەن، دروستە.لەوێوە کە دەرفەتی خۆدەرکەوتن بە هیچ رێکخراوێك نادەن، خۆی لە خۆی دا بابەتێکی زۆر بنەڕەتیە، ئێوە هەرگیز ریگای دەربازبوون لەم داخراویە نادۆزنەوە یان بە شێوەی سروشتی بە زەین و دەگات کە ئەوە ئێوەن شێتن.

لە ئەنجام دا دەسەڵات داریەتی ئەم بابەتە زۆر شیاوو گونجاوە. هەوڵ و تێکۆشانی زۆر بەرفراوان بۆ گەییشتن بەم ئامانجە دەدرێت. روون و ئاشکرایە کە ئەنجامێکی دڵنیاکەرەوە لە پشتەوەی ئەم سیاسەتەوە خۆی حەشار داوە. ئەوەی کە من ئاماژەم پێدا، چەمکی دێمۆکراسیە. جەڵەبە سەرلێشێواوەکان ئەفرێنەرانی کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگان و ئەرکی ئێمەیە کە لە یاخی بوون و پێشێلکاریەکانیان بەرگری بکەین. دەبێ وەها



بیرو هۆشیان پەرت و بڵاو بکەین کە کاس و ووڕ بن. ئەم خەڵکە سەرلێشێواوی مەڕ سیفەتە دەبێ بیرو هۆشیان بەرەو لای سەیری کێبەرکێو فلیمە توندو تیژیەکان راکێشرێ. جارو بارەش ئامادەیان بکەیت هەتا درووشم گەلی بێواتای وەك " لە چەکدارانی خۆتان پشتیوانی بکەن " بدەن. بەردەوام ئەوان لە ترس و دڵەریاوکێی بێناوەرۆکدا راگرن ، چوونکە کاتێك بە تەواوی ترس و دڵەڕاوکێ ڕۆچۆیە دەروونیانەوەو وایان دانا کە جۆرو شێوەکانی دێوو شەیتان لە شوێنێك بێ، لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات دەیانهەوێ ئەوان بەرەو نابوودی بەرن، ئەوان دەست بە بیرکردنەوە دەکەن کە لە راستی دا دەسەڵات دارو حاکم زۆر مەترسیدارە، چونکە خۆیان ناتوانن ئەندێشەو بیرکردنەوە لەم بارەوە بخولقێنن. بەم پێیە زۆر گرنگە کە بیرو هۆشیان پەرت و بڵاو ببێو بەرەو گۆشەنشینی هیدایەت بکرێ.

ئەمە یەکێکە لە تێگەییشتن و چەمکەکانی دێمۆکڕاسی. لە بنەڕەتەوە بە لەبەرچاوگرتنی چیەتی کۆمەڵگای سەرمایەداری، پەیمانی واگنێر لە ساڵی ١٩٣٥ دا بە دوایین سەرکەوتنی یاسایی بۆ کرێکاران دەزاندرێ . دواتر شەڕ دەستی پێکردوو سەندیکا کرێکارییەکان لەگەڵ کەلتووری دەوڵەمەندی چینی کرێکار کە لە پەیوەندی چڕوپڕ لە گەڵ سەندیکاکاندا بوو، بەرەو داڕمان رۆیی. بە واتایەکی تر ئەوانی بەرەو تیاچوون برد. ئێمە هەنگاومان نایە جیهانێکەوە کە بە چەشنێکی بەرچاو سووکانی بەلەمەکەی لە دەست سەرمایەدابوو. ئێرە تەنیا

کۆمەڵگایەکی پیشەسازی سەرمایەداریە کە تەنانەت بڕیارە ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگا هاوشێوەکاندا وەك چاومان لێیە، تێیدا پەیدا نابێت. وای بۆ دەچم کە بێجگە لە ئەفریقیای باشوور ئێرە تەنیا کۆمەڵگایەکی پیشەسازیە کە بیمە(insurance ) ی تەندروستی و کۆمەڵایەتی نەتەوەیی نیە. بۆ ئەو تاقمە لە هاونیشتیمانان کە ئەم بارودۆخ و یاسایانە پەسەند ناکەن و ناتوانن بەدواداچوون بکەن بۆ شتگەلی خۆیان، لێرەدا هیچ بڕیارێکی گشتی، تەنانەت بۆ کەمترین ستانداردەکانی ژیانیش لە ئارادا نیە. لە ئەسڵدا نەتەنیا وڵات لە وجوودی سەندیکاکان بێبەریە، بەڵکو لە باقی ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان، ڕێکخراوە بونیادیەکان، حیزب یان ڕێکخراوە سیاسیەکانیش دەنگێك نیە. هەتا گەییشتن بە کۆمەڵگای ئاڕمانی مەودایەکی زۆر ماوە. ڕاگەیاندنە گروپیەکان لە ژێر سەیتەرەو چاودێری تەواوی نوسینگە ماڵیە پاوانخوازیەکانی وڵاتدا بەڕێوە دەچن. بەم پێیە ڕاگەیاندنە گروپیەکان ڕەنگدانەوەی هزری خاوەندارانی تاکەکانی سەروەت و سامانن.
لە ڕاستی دا لە ناو ئەمریکا دوو حیزبی دێمۆکڕات و کۆماری خواز دوو دیوی دراوی سەرمایەن. هەر لە بەر ئەمەیە کە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە ئەمریکا ئەتوانن دەنگ بدەن، هیچ حەزوو مەیلێکیان نیە بۆ ئەوەی بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچن ، چوونکە بێناوەرۆکی و بێواتا بوونی نواندن و خستنەڕووی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوان روون و ئاشکرایە. لە



ئەنجامدا خەڵك بەرەو پەراوێزبوون رادەکێشرێن و بیروو هۆشیان بەرەو لای ئەوەوە نیە کە تێدەپەڕێ. ئامانجیش بێجگە لە مە شتێکی تر نیە. ئیدوارد بێر نەیز[١٤] کەسایەتی بەناوبانگ لە جیهانی پیشەی پەیوەندیە گشتیەکان دا، لە ئەندام بوون لە کۆمسیۆنی کریل چۆیەدەر. ئەو بەشێك بوو لەو کۆمسیۆنە، وانەگەلێك لەوەوە فێر ببوو، دوای خۆی دەستی دایە گەشەی ئەندێشەیەك کە ناوی لێنا " ئەندازیاری رازی بوون" [١٥] کە خۆی لە بارەی ئەوەوە ئاوا دەڵێت: " جەوهەرو کاکڵی دێمۆکڕاسی"[١٦]. خاوەنی سەروەت و دەسەڵاتن – واتا جیهانی سەروەت – ئێوەش کاریان بۆ دەکەن.

---

١٤ - Edward bernays
١٥ - engineering of consent
١٦ - the essence of democracy

## دارشتنی تیۆری

ئەگەر لە ڕێگای شەق و زۆر لێکردنیشەوە بووبێ دەبێ خەڵك وا لێبکەن پشتیوانی لە ڕووداوەکانی دەرەوەی سنوور بکەن. لە بنەڕەت دا خەڵك ئاشتی خوازن، دروست بەو شێوەیەی کە لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی دا بوون . ئەوان هۆکارێك نادۆزنەوە بۆ بەشداری کردن لە ڕووداوە دەرەکیەکان و کوشتن و ئەزیەت و ئازار. کەواتە ئەگەر بە زۆر لێکردنیش بووبێ دەبێ خەڵك بخەنە ناو چاڵەوە . بۆ سەر کەوتن لە جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتەدا، ناچارن بیانترسێنن. بێرنێز بۆ خۆی لەم بوارەدا سەرکەوتنی گرنگی بەدەست هێنابوو. ئەو هەر ئەو کەسە بوو لە ساڵی ١٩٥٤ کۆمیتەی پەیوەندیە گشتیەکانی بۆ بەشداری کردن لە یونایتێد فرووت[١٧] دامەزراند. ڕێك ئەو کاتەی کە ویلایەتە یەك گرتوەکانی ئەمریکا بۆ ڕوخاندنی ڕێژیمی سەرمایەداری دیمۆکراتیکی گواتمالاو دامەزراندنی حکومەتی مرۆۆ کوژ و هەڵواسینی پەتی سێدارە بڕیاری دا، کە هەتا

١٧ - united fruit co



ئەمڕۆش چەپاندنی بەردەوامی یارمەتیە بێ ئەم لاولاکانی بۆ بەرگری کردن لە بزاڤە دیمۆکراتیکەکان درێژە دەدا. تێکدانی پڕۆگرامە ناوخۆییەکان کە خەڵك لە گەڵیا دژایەتی دەکەن، شتێکی پێویستە.، چونکە هیچ بەڵگەیەك لە ئارادا نیە کە خەڵکی ئاسایی سەبارەت بە پڕۆگرامە ناوخۆییەکان کە زەرەرو زیانیان پێدەگەیەنێ حەزوو مەیل لە خۆیان نیشان بدەن . ئەم بابەتە پڕوو پاگەندەی زۆر بەرین و گەورە دەخوازێ. لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوەوە، ئێمە شایەتی زۆر یەك لەم بابەتانە بووین. بە شێوەیەکی بەرچاو پڕۆگرامەکانی سەرۆك کۆمار ڕۆناڵد ریگان پڕ بوو لە نەبوونی داخوازی خەڵك . دەنگدەرانی ساڵی ١٩٨٤ ی بەڕێز ریگان، بە ڕێژەی سێ بە دوو هیوادار بوون کە سیاسەتەکانی ئەو پراکتیکی نەبن. بۆ نمونە پرسی چەك و تەقەمەنی کە بە بیانووی نەهێشتنی تیاچوونە کۆمەڵایەتیەکانەوە داڕێژرابوو، بەرەوڕووی دژایەتی توندی زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگا بۆوە. بەڵام هەتا ئەوکاتەی خەڵك خرابوونە پەراوێزەوە، بیرو هۆشیان ئەوەندە پەرتەوازە ببوو کە نەتەنیا هیچ ڕێگایەکیان بۆ ڕێکخستن و بە ئۆرگانیزەکردن و درێژەدانی داخوازیە سروشتیە کۆمەڵایەتیەکانیان نەبوو، بەڵکو بەم ڕاستیەش نەگەییشتن کە کەسایەتی تریش لە گەڵیان دا هاودەنگ و هاوبیروڕان و هاتوونەتە ریزی ئەوانەوە. ئەم کەسانە لە تایبەت دانی بودجەگەلی زۆرو لە ڕادەبەدەری خەزانەی دەوڵەت بۆ چەك و تەقەمەنی سەربازی لە جیاتی خەرج کردنی

بۆ تێچوونە نەتەوەییە کۆمەڵایەتیەکان زۆر بە توندی تووڕە ببوون. بەڵام بە داخەوە بە وەها بیروباوەڕێکەوە وەها کەوتبوونە چنگی داوی دەسەڵات دارەکانەوە کە دەنگیان لە هیچ شوێنێکی وڵات دا نەدەبیسرا. هەڵبەت قەراریش نەبوو کە ببیسرێ. هەڵبەت ئەگەر ئێوەش لەو گروپە ناڕازیانە بوونایە و ئەگەر هات و پێتان خۆش بوایە دەنگی خۆتان بە جۆرێك لە یەكێك لە رادەربڕینەکان دا بگەیەننە گوێی کەسانی تر، بە دڵنیاییەوە تێدەگەییشتن کە لەم بزاڤانەدا تەنیاو غەریب ماونەتەوە. هەتا ئەوکاتەی کە هیچ چەشنە دەرفەتێکی هاودەنگ بوون و لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە لە گەڵ هاوبیران و پشتیوانانی هاودەنگتان بە ئێوە نەدرێ کە بتوانن بە هاوکاری کردن و بە یەکەوە بوون یارمەتی یەکتر بدەن، هەستی نامۆبون و نەهێلیستی هەر بەو شێوازە بە سەرتان دا زاڵ دەبێ. لە ئەنجام دا، ئاخریەکەی گۆشەنشینی هەڵدەبژێری و دەکەونە تەڵەی تێزی ماڵ وێرانکەری " چ پەیوەندیەکی بە منەوە هەیە". لەو کاتەدا سەبارەت بەوەی لە دەوروبەرتان لە ناو کۆمەڵگایەکدا کە تیا دەژین، تێدەپەڕێ، نایخەنە پاڵ هیچ روداوێکەوەو بیرو هۆشی رۆژانەو زیاتر لە هەر کام لە پرسە سیاسیە کۆمەڵایەتیەکانی وڵات ، بە ئەنجامەکانی کێبەرکێی تۆپی پێوە سەرقاڵ دەبێت . هەچەن هەتا رادەیەك ئەم سیاسەتە سەرکەوتوو بوو، بەڵام هەرگیز بە تەواوی سەیتەرەی نەکرد. لە ناو کۆمەڵگادا ئەندێشەو رێکخراو گەلێك هەن کە سڕینەوەیان



هەتا ئێستاش لە توانادا نیە. بۆ نموونە هەتا ئێستاش کڵێسەکان بەردەوامن. زۆربەی نارازی و چالاکانی بواری سیاسەت لە ناو کڵێسە ئەمریکیەکانەوە سەرهەڵدەدەن، ئەویش بە پێی بەڵگەیەکی زۆر ساکار کە لەو شوێنەدا هەیە. وردببنەوە ، کاتێك ئێوە دەچنە ئەوروپاو د،دەتانهەوێ لە وتاربێژیەکی سیاسی دا بەشدار بکەن، دەزانن کە شوێنی ئەم کۆبوونەوەیە بە ئەگەری زۆرەوە لە ناو داڵانی رێکخراوەکەدا سازدراوە. بەڵام لە ئەمریکا وەها ئیمکانات و توانست گەلێك لە بەردەست دا نیەو رێکخراوو دامەزراوەکان هەتا رادەیەك یان هەر بوونیان نیە یان بە هیچ جۆرێك وەك رێکخراوە سیاسیەکان کارەکانیان راناپەڕێنن. بەڵام کڵێسەکان ئامادەو لە بەردەست دان . کەواتە ئێوە بە زۆری دەرفەتی وەها گوتاربێژیەکتان دەبێ. رێکخراوی یەکگرتووی ئەمریکای ناوەندی زۆربەی کاتەکان لە ناو ئەم کڵێسانەدا گەشە دەکەن.

هەرگیز جەڵەبە سەرلێشێواوەکان بە مەیلی خۆیان دەستەمۆ نابن، کەواتا ئەو ناکۆکی و ململانێیەی کە هەیە هەموو کات بەردەوام دەبێت. لە میانەی دەیەی ١٩٣٠ دا، هەندێك بزوتنەوە سەریان هەڵدا کە زۆر زوو سەرکووت کران و لەناو چوون. لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠ دا، لە دژایەتی هاوکات لە گەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکادا دەرکەوتن لەم قۆناغەدا ناوێك خرایە پاڵ ئەم بزاڤانەوە کە لە لایەن چینی پسپۆڕەوە پێی بەخشرابوو:" قەیرانی دیمۆکراسی". لە ماوەی ئەو ساڵانەدا

دێمۆکراسی وەك دەست پێکەری قەیران لە ئامریکادا هەڵدەسەنگێندرا. چونکە خەڵك بە شێوەیەکی بەرچاو حەزیان دەکرد رێك بخرێن و لە ناو مەیدانە سیاسییەکاندا رۆڵیان هەبێت. لێرەدایە دیسانەوە ئێمە لەگەڵ چەمکی دێمۆکراسی بەرەوڕوو دەبینەوە. بە پێی لێکدانەوەی قامووس دێمۆکراسی پێشکەوتوو رێك بریتییە لە داخوازییەکانی خەڵکی کۆمەڵگایەك بەڵام بە پێی درکی سیاسەتمەدارانی ئامریکا کە لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا باس کرا، ئەم داخوازییە بەرچاوانەی خەڵك گێرە و کێشەی زۆری بە دواوەیە. قەیرانێکە کە دەبێ هەر لە سەرهەڵدانیەوە بنەبڕ بکرێت.دەبێ شێوازێك رەچاو بکرێ کە لە توانای دا بێت بە سەر ئەم قەیرانانەدا زاڵ ببێت. هەندێ هەوڵ دراون بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە بپێکن.لە یەك وتەدا دەبێ بڵێین کە پراکتیکی نەکراون. بە خۆشییە قەیرانی دێمۆکراسی هەتا ئێستاش چالاك و زیندووە، بەڵام نە بەوجۆرەی کە بتوانێ بە شێوازێکی کاریگەر سیاسەتەکانی ئەمریکا بگۆڕێت.بەڵام قەیرانی دێمۆکڕاسی بە پێچەوانەی ئەوەوە کە هەندێك بۆی دەچوون لە سەر ئاستی گۆڕانی شێوازی بیر کردنەوەی خەڵك سەرکەوتوو بووە.لە دوای دەیەی ١٩٦٠ ەوە دەوڵەت هەوڵی بەرفراوانی دا کە بە سەر ئەم نەخۆشی قەیرانەدا زاڵ ببێت. یەکێك لە تێگەیشتنەکانی ئەم نەخۆشییە بەراستی ناوێکی تەکنیکی بە خۆە گرت" هێمای نەخۆشی ڤێتنام" هەتا رادەیەك ئەم ناوە لە دەیەی ١٩٧٠ وە لە سەر بنەما ی بارودۆخێك بوو بە



باو . یەکێك لە لایەنگرانی رۆناڵد ریگان بە ناوی نۆڕمەن پادهۆرتز[١٨] بەم شێوە پێناسەی کردوە:

" رێگرتنی هاوشێوەی نەخۆشیانە دژی کەڵك وەرگرتن لە هێزی میلیتاریزمی". لە زۆرینەی بەشەکانی کۆمەڵگادا ئەم هەستە" هاوشێوەی نەخۆشیانەی رێگر" بە دژی توندوتیژی و خوێن رشتن بەرچاو دەکەوێ. بە شێوەیەکی گشتی خەڵك دەیانویست بزانن بۆچی ئەمریکا لە زۆربەی بەشەکانی جیهان دا دەستی داوەتە وەها کوشت و بڕوو ئەزیەت و ئازاروو ئەشکەنجەو ماڵ وێرانکەریەك و بە بۆمبگەلی هێشوویی وەها کەوتوونە گیان و ماڵی خەڵکەوە. ئەگەر خەڵك بتوانن بە سەر ئەم خسڵەتە هاوشێوەی نەخۆشیانەدا سەرکەون، هەر بەو جۆرەی گوڵبێڵز[١٩] ئاماژەی پێدەدات ، بارودۆخ بۆ دەسەڵات داران دژوارتر دەبێ‌و ئیتر ناتوانن درێژە بە ئاژاوە نانەوەکانی دەرەوەی سنوور بدەن. گۆڤاری واشینگتۆن پۆست لە رۆژەکانی شەڕی کەنداوی فارسدا بە لە خۆبایی بونی زۆرەوە رێزگرتن لە بەها بەرزەکانی شەڕی دەرخوادی خەڵك دەدا.بابەتەکە زۆر گرنگە. ئەگەر خوازیاری کۆمەڵگایەکی پڕ لە گێرەو کێشەن و زۆر بە ئاسانی هێزە سەرکووت کەرەکانی خۆتان بەو جۆرەی دڵتان دەیخوازێ بەکار بەرن و هەروەها کۆتایی بێنن بە سەرێتی بوونی نوخبەی کۆمەڵگای ناو خاکی خۆتان ، لە لایەکەوە

---

[١٨] - Norman podhoretz
[١٩] - GOPBBELZ

پێویستە پرۆگرامی پوختەو رێك و پێكی رێز لێنان لە ئیمان و خۆپاراستنی چەكدارەكانتان هەبێو لە لایەكی ترەوە دژی نەخۆشی بەرگریانەی كەڵك وەرگرتن لە توندوتیژی هەستان و شۆرش بكەن. ئەمەیە هێمای نەخۆشی ڤێتنام. زاڵ بوون بە سەر ئەم نەخۆشیەدا پێویستە.



## خستنە ڕووی ناڕاستییەكان لە جیاتی ڕاستییەكان

ئەمەش پێویستە كە دەبێ مێژوو چەواشە بكرێت. ئەمەش شێوازێكی ترە بۆ زاڵ بوون بە سەر هێزەكانی رێگر لە بەدەم توندوتیژی دا. دەبێ كارەكە وابخەینە ڕوو ، كاتێك هێرش دەكەین و كەسێك لەناو دەبەین ، وەك ئەوەی وایە بە راستی لە بەرامبەر هۆكارەكانی توندوتیژی ،كێوی و دڕندەكان بەرگری لە خۆمان بكەین.

دوای شەڕی ڤێتنام بەم لاوە لەم بوارەدا چالاكی زۆر ئەنجام دراون كە وەها مێژوویەك دیسانەوە دروست بكرێتەوە. كەسانێكی زۆر بەتایبەت ئەو گەنج و سەربازانەی بەدوای بزوتنەوەی ئاشتی خوازانەوەن ، دەستیان داوەتە دركی بابەتەكە كە بەراستی لە دەوروبەرمانەوە تێدەپەڕێ. ئەمەش زۆر جێگای دڵخۆشی نەبوو. پێویست بوو ئەم جۆرە هووشیاریە خراپانە بە جۆرێكی تر رێك بخەین و تاقمێك لەمانەش دوور لە چاوی خەڵكەوە سەریەك بخرێن و بێكەڵك بمێننەوەو سەرەڕای

بە ڕەسمیەت ناسینی ئەوەی کە ئەنجامی دەدەین، جل و بەرگی دروست و ڕەسەنایەتیان بە بەرداکەین.

ئەگەر ئێمە ڤێتنامی باشوور بۆمباران بکەین، تەنیا لەبەر ئەم هۆیەیە کە ئیمە لە ڤێتنامی باشوور لە بەرامبەر " کەسێك دا" لە خۆمان بەرگری دەکەین. لە واقیع دا لە ڤێتنامی باشووریدا بێجگە لە خەڵکی ئەو وڵاتە کەسێکی تری لێنەبوو. شەڕەنگێزی ئێمە لە لایەن روناکبیرانی کەنەدیەوە بە بەرگری لە بەرامبەر توندوتیژی ناوخۆیی لە ڤێتنامی باشووردا دادەندرا. ئاڵا هەڵگری ڕاستەقینەی ئەم بیرۆکەیە ئادلای ستیوێنسۆن[٢٠] بوو کە کەسانی تریش پێشوازیان لێکرد. وێنا کردنی فەرمی و درك پێکردنی بابەتەکە پێویستی و زەرورەت بوو. لە راسیتیشدا هەروا دەرچوو.کاتێك ئێوە ڕاگەیاندنە گروپیەکان و سیستەمی پەروەردەیی وڵات دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆتانەوە زانست و لێکۆڵینەوە بۆ هاوڕیزی بوون لە بیروکەی خۆتاندا هان دەدەن ، ئەو کاتە دەتوانن بە ئاسانی ئەسپی خۆتانی لیّ لینگ بدەن. ئەوەی راستی بێ ئەم وتەیە کاتێك لە لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی ماساچۆست سەبارەت بە مەیلی خەڵك بەرەو قەیرانی کەنداوی فارس پێداگری لە سەر کرابۆوە ، روون تر بۆوە.

لە توێژینەوەیەکدا کە لە سەر بیرو باوەڕو مەیلەکانی ئەنجامی سەیرکردنی پرۆگرامە تەلەفزیۆنیەکانەوە بەرێوەچوو، یەکێك لە پرسیارەکان ئەمە بوو کە لەو شەڕە ماڵ وێرانکەرەدا

---

٢٠ - Adlai Stevenson



دوو ملیۆن ڤێتنامی ژیانی خۆیان لەدەست دا، بەڵام لە راستی دا ژمارەی راستەقینە لە نێوان سێ بۆ چوار ملیۆن کەس دا بوو. دانەرانی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە پرسیارێکی تریشیان کردبوو: ئەگەر ئەمڕۆ ئێوە لە خەڵك پرسیارتان بکردایە کە لە ڕووداوی مرۆڤ کوژی نازیەکان دا چەند جولەکە تیا چوون و وەڵام دانەوە بەم پرسیارە بگەییشتایە سێسەد هەزار کەس، ئێوە دەتانتوانی چ سەرەنجێکتان سەبارەت بە کەلتووری سیاسی ئاڵمانیەکان ببوایە؟ ئەم ژوومارەیە چ شتێك لە بارەی کەلتووری سیاسی ئاڵمانیەکانەوە دەخاتەڕوو؟ لە ڕاستی دا زۆرینە ئەم پرسیارەیان بێ وەڵام هێشتەوە. بەڵام ئێوە دەتوانن بۆ ئەم بابەتە بەدواداچوون بکەن. لە بارەی کەلتووری خۆتانەوە چ وێنەیەك دەتوانن بخەنە ڕوو؟ تەنیا سەرە دەرزیەك ئاماژەی پێدەکرێ. بە دڵنیاییەوە دەبێ لە بەرامبەر دەرکەوتنی هەستە لاوازو هاوشێوەی نەخۆشی دا لە بەرامبەر کەڵك وەرگرتنی سەربازی و باقی چەواشەکاریەکانی دێمۆکراسی خۆڕاگری بکەین. فەلسەفەی بەرباس لە بارەی ئەم پرسە تایبەتەوە وەڵامی دایەوەو لە بارەی هەر بابەتێکی تریشەوە ڕاست دەردەچێ. خۆتان بابەتێك بە حەزی خۆتان هەڵبژێرن، وەك: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،تیروریزمی جیهانی، ئەمریکای ناوەندی یان هەر شتێکی تر کە وێنای دەکەن لای خۆتان ، وێنا کردنێك کە ئەم بابەتە بو خەڵکی ئەمریکا باس دەکات، بچووکترین پەیوەندی لە گەڵ ڕاستیەکان دا نیە. لەو

راستیەی ژێرەوەدا خەروار درۆی لە پشت سەریەوە حەشار داوە. لە روانگەی نادیاری ترس لە دیموکراسی لە ژێر بارودۆخی ئازادی دا سەرکەوتنێکی گەورە بە ئەژمار دێت و هیچ لێك چونێکیشی لە گەڵ سیستەمی دیموکراسی دا نیە، چوونکە لە وەها کۆمەڵگایەکدا سەرجەم کارەکان بە پاڵپشتی هێزی سەرکووت کەرەوە بەرێوە دەچن. ئەم سەرکەوتنانە تەنیا لە ژێر ناوی بارودۆخی ئازادی بە شێوەی ئەمریکایی و هاورێکانیەوە دەستەبەر دەبێ.

ئەگەر حەزمان لێ بێ لە بارودوخی کۆمەڵگای خۆمان دا بیخەینە بەرباس، دەبێ لە بارەی ئەم راستیانەوە زۆر بە قوڵی بیر وەکەین. توێژینەوە لە بارەی ئەم راستیانەوە بۆ هەموو هاونیشتیمانیەك، بە تایبەت بۆ ئەوانەی لەو کۆمەڵگایەدا کە تیا دەژین، گرنگی دادەنێین، ئەرکێکی گەورەو مەترسی دارە.



## کلتوری ناڕەزایی

سەرەڕای ئەم هەموو رووداوانە کەلتووری ناڕەزایی رزگاری بوو. لە ماوەی دەیەی ١٩٦٠ دا ، ئەم مەسەلە بە پێی پێویست لە کۆمەڵگادا گەشەی کرد. لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ دا هزری کەلتووری ناڕەزایەتی دەربڕین هێواش هێواش بە تەواوەتی پەرەی سەند. هەتا ساڵانێکی زۆر دوای بۆردومانی ئەمریکا هیچ ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانێك دژی شەڕی هێندو چین بەرچاو ناکەوێت. کاتێکیش دەستی پێکرد، بزاڤێکی زۆر کەم جوڵە بوو کە بە زۆری لە لایەن خوێندکاران و گەنجانی وڵاتەوە دەستی پێکرد. لە دەیەی ١٩٧٠ دا بابەتەکە بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕا. ئیتر گەورەترین بزوتنەوە جەماوەریەکان گەشەیان کردبوو: وەك بزوتنەوەی لایەنگرانی ژینگە، لایەنگرانی ماف ژن، بزووتنەوەی نەیارانی تاقیکردنەوە ئەتۆمیەکان و هێتد. جوڵانەوەکان لە ماوەی دەیەی ١٩٧٠ دا سەرەڕای گەشەی ڕێکخراوەیی بۆ خۆی بۆیە پتەو بوونی نێوان بزاڤەکان کە بە لانی کەمەوە لە مێژووی ئەمریکادا، یان رەنگە لە

ئاستی جیهانیشدا، هەنگاوێکی گرنگ و پڕبایەخ بوو. ئەمانە نەتەنیا جوڵانەوەگەلێك بوون بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەڵکوو لە کردەوەدا بە بێ واسیتە بە کێشەکانی خەڵکی چەوساوەی جیهانەوە خەریك بوو. لەم ڕێبازەدا ئەزموون گەلێك بە دەست هات کە لەچەقی کۆمەڵگای ئەمریکایی دا کاریگەری یەکگرتووخوازانەی خۆی دانا. زۆرینەی ئەم بزاڤانە کاریگەری بەرچاویان لە سەر خەڵك دانا. هەر کەس بۆ ماوەیەك سەرقاڵی ئەم جۆرە چالاکیانە ببوایە ، پێویست بوو سەبارەت بە فەلسەفەی ڕووداوەکان هوشیاری بەدەست بێنایە. لە بیرمە جۆری ئەم گوتاربێژیەی ئەمڕۆ لە دواکەوتووترین ناوچەکانی وڵات، وەك ناوەندی ویلایەتی جۆرجیا، گووندەکانی ویلایەتی کنتاکی و هێتد دەیان خەمەڕوو، بابەتگەلێکن کە لە سەردەمەدا لە باڵاترین ناوەندەکانی بزاڤی ئاشتی خوازانە، بۆ کۆمەڵگای لایەنگرانی بزوتنەوە ئازادی خوازەکان نەمدەتوانی باسیان بکەم. بەڵام لەم ڕۆژگارەدا ئێوە لە هەر شوێنێك حەزتان لێبێ دەتوانن ئەم جۆرە گوتار بێژیانە بکەن. ڕەنگە خەڵك هاودەنگتان بن یان دژی ئێوە هەڵوێست بگرن، بەڵام بە لانی کەمەوە درکی ئەوەیان هەیە کە ئێوە لە بارەی چیەوە قسە دەکەن و هەندێك شتی هاوبەش هەیە کە دەتوانن بەدواداچوونی بۆ بکەن.

سەرەڕای ئەم هەموو پڕوپاگەندەو هەوڵانە بو کۆنترۆڵ کردنی ڕای گشتی و دروست کردنی لەمپەر لە بەردەم کۆڕوو کۆبوونەوە کۆمەڵایەتیەکان دا، سەرجەم ئەم



پێشکەوتنانەیشانەو هێما گەلێکن لە کاریگەری شارستانی بۆ سەر کۆمەڵگای مرۆیی. هەر چۆنێك بێت خەڵك مەیلیان بەرەو ئەوە جووڵاوە کە سەر لە ئیش و کارەکانیان دەربێنن. گوومان کردن لە بارەی دەسەڵاتی حاکم بە سەر وڵات دا پەرەی سەندوەو مەیلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بە شێوازی جۆراوجۆر گۆڕاون . تەنانەت ئەگەر زۆر هێواش و نەرم و نیانیش بێت و وەك ڕێ ڕۆییشتنی مراویش بێت و وابێتە بەرچاو کە تەنانەت لە جێگای خۆی دا هەڵبەزوو دابەز دەکات، گرنگی زۆرەو دەکرێ تێیبگەیین. ئەمەش کە ئایا بارودۆخی زاڵ بە سەر جیهان دا خێرایی پێویستی بۆ گۆڕانی خێرا هەیە یان نا، خۆی پرسیارێکی بنەڕەتیە. ئیزن بدەن نمونەیەکی ئاشنا بێنمەوە:

جیاوازی بەناوبانگی نێوان ژن و پیاو. لە دەیەی ١٩٦٠دا، نە ژنان و نە پیاوان، لە نەهێشتنی هاوشێوەی نەخۆشیەکان پەشۆکاو نەبوون. هەموو پەرچەکردارەکان یەکسان بوون. هەموو کەس باوەڕی وابوو کەڵك وەرگرتن لە هێزی توندوتیژی بۆ سەرکووت کردنی خەڵك دروست بوە. دوای تێپەڕبوونی سالانێك ئەم بیرۆکەیە گۆڕا. بەڵام لە هەمان کاتدا مەودای نێوان ئەم دوانە زیاتر دەبوو کە ئێستا بەرچاوە.

بە پێی ئاماری فۆرمی ڕاپرسی، ئەم بۆشاییە گەییشتۆتە لە سەدا بیست و پێنج . چی ڕووی داوە؟ ڕووداوەکە بەم شێوەیە کە بە لانی کەمەوە جۆرێك لە بزوتنەوەی نیمچە ڕێکخراوەیی

خەڵك هەوێنی گرتووە كە ژنان پێوەی سەرقاڵن: بزووتنەوەی فەمێنیستی. ئەم بزووتنەوەیە كاریگەری خۆی هەیە. بەم واتایەی كە ئێوە تێدەگەن تەنیا نین. كەسانی تریش هەن كە ئەم بیرۆكەیەی ئێوەیان هەیە. ئێوە دەتوانن ئەندێشەو بیروو باوەڕی خۆتان سەبارەت بە وەی بیری لێدەكەنەوەو باوەڕتان پێیەتی، بە هێز بكەن و زیاتر فێر ببن. ئەمانە بزاڤگەلێكی نافەرمین كە لێكچوونێكیان نیە لە گەڵ ئەو رێكخراوانەی ئەندام وەردەگرن . رێك حاڵەتێكە كە دەرخەری پەیوەندیە گرووپیەكانی خەڵكە. وەها بزووتنەوە گەلێك كاریگەری بەرچاو لە خۆیان بەجێ دێڵن. مەترسی دێمۆكراسی لەم جۆرە بزاڤانەوە سەرچاوە دەگرێ: ئەگەر ئەم بزاڤ و جوڵانە گەشە بكەن، ئەگەر خەڵك ئیتر چاو لە تەلەفزیۆن نەبڕن، رەنگە ئێوە شایەتی ئەم شێوازە بیركردنەوە گەمژانەیەی خەڵك بن لە ناو مێشكی خەڵك دا. رێك وەك نەهێشتنەكانی هاوشێوەی نەخۆشیانەی دژی كەڵك وەرگرتن لە هێزی توندوتیژی سەربازی. دەبێ دژی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە نەخۆشیانە یەك بگرین، بەڵام هەرگیز وەها بارودۆخێك بە نسیبی خاوەندارانی زێڕوو سەركووت كەر نەبوە.



## سەیركردنی دوژمنان

لە جیات ئەوەی لە بارەی شەڕی رابردووەوە قسە بكەین ئیزن بدەن لە بارەی شەڕی رابردووەوە قسەتان لەگەڵ بكەم چونكە هەندێ جار باشتر وایە بزانیین كە خۆ ئامادە كردن بۆ داهاتوو زۆر باشتر لەوەیە دژكردەوە سەبارەت بە رابردوو نیشان بدەین. لە ئامریكا جۆرێك گەشەی تایبەت لە كامڵ بوون دایە.ئاساییە ئێرە تەنیا وڵاتی جیهان نیە كە وەها بارودۆخێكی تیا دروست بووە. لە بنەمادا كێشە و گرفتی زۆری ناوخۆیی لە بەشە جۆراوجۆرە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكاندا خەریكی زۆر بوونە رەنگە گەیشتبێتە قۆناغی تەقینەوەش.هیچ كام لە خاوەن پلە و پایەكانی ئەم وڵاتە نایانهەوێ لەم بارەوە هیچ كارێك بكەن ، ئەگەر سەرنجێكی كورت بدەینە پرۆگرامەكانی دەوڵەت لە ساڵی رابردووە وە – تەنانەت لە ناو گرووپی ئۆپۆزیسیۆنی دیموكراتیكیشدا – بۆتان دەردەكەوێ سەبارەت بە گرفت و كێشەكانی پاك و خاوێنی گشتی، فێركاری گشتی، بێخانە و لانەكان، بێ كارەكان زۆربوونی لە رادەبەدەری دانیشتوان، زۆر بوونی تاوان و لادان، بارودۆخی بەندیخانەكان و نموونەی وەك ئەمانە كە روخساری شارەكانی وڵاتی داپۆشیوە، هیچ چەشنە

گەڵاڵە و پرۆگرامێکی دیاریکراویان نیە.ئەمانە گرفتگەلێکن کە هەمووتان لەگەڵیا بەرەوڕوو بوونەوە و ئاشناییتان لە بارەیەوە هەیە و رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر دەبێ. بۆ نموونە تەنیا لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی حکومەتی جۆرج بووشدا سێ ملوێن منالی تریش چوونە ژێر هێلی هەژارییەوە، قەرزەکانی وڵات بەرەو زۆر بوون چوون، چۆنیەتی ئاستی پەروەردە لە رادەبەدەر نزم بۆتەوە،مووچەی رۆژانەی راستەقینەی زۆرینەی خەڵك گەڕاوەتەوە  ئاستی ساڵەکانی ١٩٥٠ و کەسیش گوێی ناداتێ.
لە وەها بارودۆخێکدا ئێوە دەبێ جەڵەبە سەرلێشێواوەکان زیاتر کاس و وڕ بکەن،چونکە ئەگەر بەرەبەرە وشیار وەبن و هەست بەو گرفت و بەڵا سەریەك کەوتووانە بکەن کە خەریکە بە سەریاندا دەڕووخێن ئەو کاتە دەبنە لەمپەر لە بەر دەم خاوەندارانی دەسەڵات و ئەمەش بە هیچ جۆرەیەك لای کار بە دەستانی کاتی دەوڵەت جێگای دڵخۆشی نین.بۆ ئەوەی ئەم گەلە زیاتر دیل بکرێن ئیتر چەقاندنیان لە بەر دەم  تەلەفزیۆن و وون بوونیان لە سەیر کردنی توپی ێیدا بە تەنیا وەڵام ناداتەوە پێویستە ئەوان لە دوژمنە خەیاڵیەکان بترسێنین. هیتلێر ئەم تێزەی لە دەیەی سی دا بە کار هێناوەو خەڵکی لە مەترسی جۆلەکەمان و قەرەجەکان ترساند. ئەو دروشمەی دەدا کە بۆ بەرگری لە خۆتان پێویستە هەموویان لە ناو بەرین . لە سەدەی بیست و یەکیشدا ئەم فەلسەفەیە بە شێوازە تایبەتەکانی خۆی بەکار دەهێندرێ. لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا بینیمان کە بە چ



شێوەیەك هەر یەك یان دوو ساڵ جارێك دێوەزمەیەکی گەورە دروست دەکرێت کە ئێمە دەبێ لە دژی دا بوەستین و بەرگری لە خۆمان بکەین. بەردەوام ئەم دوژمنە دێوەزمە سیفەتانە لە باخەڵی دەسەڵات دارانی کومەڵگادا خۆیان حەشارداوەو هەر کات حەزیان لێبوایە دەیانهێنانە دەرەوە، وەك رووسەکان. ئێوە هەموو کات ناچار بوون لە بەرامبەر رووسەکاندا راوەستن.
بەڵام ئەم دێوەزمە گەورەیە جێگای سەرنج بوونی خۆی وەك دوژمن لە دەست داوەو روژ لە دوای رۆژ دژوارتر دەبێ کە هەمان شێوازەکانی پێشووتر بەکار بێنێ. کەواتە بۆ دروست کردنی دوژمنی خەیاڵی نوێ، پێویست بوو رێبازی نوێ لە بەرچاو بگیرێ . لە راستی دا خەڵکی ئەمریکا جۆرج بوشیان بە وەی کە بێتوانایەو ئێمە بەرەو دواوە دەگێرێتەوە، بە دوور لە ئینساف دەزانی. بە راستی دوورە لە ئینساف. بەر لە دەیەی ١٩٨٠ ئەو کاتەی ئێوە لە خەودا بوون دەتانتوانی کاسێتی رووسەکان ئەو کاتەی کە خەریکە دێن بڵاو بکەنەوە. بەڵام جۆرج بوش ئەم دەرفەتەی لە دەست داو دەبوایە بەدوای کاسێتێکی نوێوە بوایە، رێك وەك ئەو دام و دەزگا پەیوەندیە گشتیانەی رۆناڵد ریگان لە دەیەی ١٩٨٠ خستنیە کارەوە، سناریۆی تیروریسمی جیهانی، قاچاخچیانی ماددە بێهۆشکەرەکان، عەرەبە شێتەکان و هیتلێری واتە سەددام حسەین کە خەریکە جیهان داگیر دەکات. ئەوان ناچارن ناوی دوژمنە خەیاڵیەکانی خۆیان بەردەوام لە ناو دەنگی

پڕوپاگەندەیی کەڕەنای خۆیان دا فوو تێکەن. وەها خەڵکی توشی دڵە راوکێ کردوەو ناو دڵیانی خاڵی کردۆتەوە، کە تەنانەت بڕیاری سەفەرکردنشیان لێ سەندراوەتەوەو کێشاویانە ژێر چەتری ترس و وەحشەتەوە.

لەم کاتەدایە کە هێرش دەکەنە سەر وڵاتە بێ بەرگریەکانی وەك گراناداو پاناماو هێتد. بە بێ ئەوەی تەنانەت ئاوڕیان لێبدرێتەوە تێکیان دەشکێنن ، دواتر سەرکەوتنی خۆتان دەکەنە جەژن، ئەم کردەوە وەحشی و دڕندانەیە ئارامتان دەکاتەوە. ئێمە لە کۆتایی رووداوەکەدا رزگارمان بوو. ئەمە یەکێکە لەو شێوازانەی کە دەتوانن لەو رێگایەوە رەوتی وردبینی و سەرنجی جەڵبە سەرلێشێواوەکان بەرەو ئەوەی لە دەورو بەرمان روو دەدات چەواشە بکەن و ئەوان بخەنە ژێر کۆنترۆڵ و ئامانجەکانی خۆتانەوە رووداوێکی تر کە دەکرێ باسی بکەین کە ئەگەری زۆری هەیە روو بدات کوبایە. شەڕ دژی کوبا لە رێگای بەردەوامی شەڕەوە گەمارۆی نائاسایی ئابووریەوە دەکرێ، کە ئەگەری زیندو بوونەوەی تیرۆریسمی بێ وێنەی جیهانی لێدەکرێ . گرنگترین تیرۆریسمی جیهانی لە سەردەمی دەسەڵاتی جان کەنەدەی لە ژێر ناوی هێرشەکانی مەنگووسەوە [١] رێکخراوو رووداوەکانی تری دژی کوبا بە دوای ئەودا روویان دا. رەنگە بێجگە لە هێرشەکانی دژی دەوڵەتی ئەو کاتی نیکاراگۆیە هیچ هێرشێك بەراورد ناکرێت لە

١- operation mangoose



گەڵ ئەو زووڵم و زۆرەی دژی دەوڵەتی کوبا کراوە. هەڵبەت گەر بتانهەوێ ناوی لێنێین هێرشی تیرۆریستی.

دادگای نێودەوڵەتی بە شتێك وەکو دەست درێژی پۆلێین بەندی کرد. هەموو کات هێرشەکان ئایدۆلۆژیکیانە بوون کە دەستی داوەتە دروست کردنی دێوەزمەیەکی بێ بنچینەو دواتر بۆ تێك شکانەکەی خەڵکی کۆکردۆتەوەو رژاندوونیە سەر شەقەمەکان.

ئەگەر دوژمنی خەیاڵی ئێوە توانای شەڕی دوو لایەنەی هەبێت، ئیتر ئێوە ناتوانن بچنە ناو ئەو ڕووداوەوە. بابەتەکە زۆر لەمە مەترسی دارترە. بەڵام ئەگەر دڵنیا بن ئەوان تێك دەشکێنن، رەنگە هێرشیان بکەنە سەرو لە ناویان بەرن و هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشن.

## درکی هەڵبژاردە

زۆر دەمێك بوو بارودۆخەکە هەروا درێژەی هەبوو. لە مانگی مای ساڵی ١٩٨٦، بیرەوەریەکانی، زیندانی ئازادکراوی کوبایی بە ناوی ئارماندۆ ولادارس [٢٢] کەوتە بەردەستی گشت خەڵك . زۆر بە خێرایی بابەتەکە بوو بە ناوەندی بە یەکگەییشتنی راگەیاندنە گروپیەکان. هەوڵ دەدەم لێرەدا چەن نمونەیەکتان لەم بیرەوەریانە بۆ وەگێڕم. بە پێی راگەگەیاندنی راگەیاندنەکان ، لەقاودانەکانی ئارماندۆ ئاشکرا کەری سیستەمی پان و بەرینی ئەشکەنجەو بەندیخانەی دەسەڵات داری فیدل کاسترۆیە کە زیندانە سیاسیەکانی کوبا لە گەڵیا بەرەو ڕوون . "ئەم لەقاودانانە بابەتگەلێکن کە لەبارەی بەندیەکانەوە لە بیر ناکرێن کە بە چ شێوازێکی نامرۆیی ئەشکەنجە دەکرێن"،راپۆرتەکە لە بارەی توندوتیژی دەوڵەت لە شێوەی رشەکوژیەکانی کوبا کە ئێمە بە لانی کەمەوە لەم کتێبەدا سەبارەت بەوان دەیخوێنینەوەو تێدەگەین بە چ شێوەیەك ئەو جەهەننەمەی کوبا کە ولادارس تیای ژیاوە، ئەشکەنجە وەك

[٢٢] - Armando valladares



ڕێگا چارەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، یاسایی کراوە. ئەوەی کە تێبینی دەکرێت و وەرگیراون لە راپۆرتگەلی دوبارەکراوەی گۆڤارەکانی وەك واشنگتۆن پۆست و نیۆیۆرك تایمز، ئەوان فیدل کاسترو وەك دیکتاتۆڕێکی گەورە بە خەڵك دەناسێنن. بە پێی نووسراوەکانی واشنگتۆن: کردەوە ستەمکارییەکانی بە جۆرێك شرۆڤە دەکرێن کە "تەنیا خوێن ساردترین و بێ دەربەست ترین رووناك بیرە رۆژئاواییەکان دیفاع و بەرگری لە دەسەڵاتدارێکی زاڵم دەکەن." لە بیرتان بێت ئەمە شیکردنەوەی رووداو گەلێکە و بۆ تاکێك لە وڵاتێکدا دێتە پێش. لێگەڕێن وای دانێن سەرجەم ئەوانەی کە نووسراون دروستن . دیسانەوە ئیزن بدەن بە هیچ جۆرێك سەبارەت بە لێدوانەکانی کەسێك کە بانگەشەی ئەوە دەکات لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا بووە هیچ پرسیارێك نەکەین . لە کۆبوونەوەی رۆژی دیفاع لە مافی مرۆڤ لە کۆشکی سپیدا رۆناڵد رەیگان ڕێزی لە داکۆکیکەری ناوبراو بۆ ئەو بوێرییەی بۆ خۆراگری لە بەرانبەر ئەشکەنجە و ئازارەکانی دەسەڵاتداری زاڵمی کوبایی لە خۆی نیشان دا. بە دوای ئەودا کەسایەتی ناوبراو وەك نوێنەری ئەمەریکا لە کۆمەیتەی بەرگری لە مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگگرتووەکان هەڵبژێردراو و تەنیا خزمەتێك کە توانی ئەنجامی بدات، دیفاع بوو لە حکوومەتەکانی ئێلسالوادۆر و گواتمالا لە بەرانبەر ئەو تاوانانەدا کە لە بارەی کردەوەی توند و تیژی بەرفراوانەوە خرابوونە پاڵیان هەوڵ و چالاکی نواندن بۆ بچووك کردنەوەی

کردەوەی دەسەڵاتدارە تاوانبارەکانی ئەم دوو وڵاتە بوو کە لە راستیدا، لە بارودۆخی ئەو کاتەی کووبا چاوپۆشی کرد. هەر چۆنێك بێت ئەمە بابەت گەلێك بوون کە دەرخواردی خەڵکیان ئەدا. مانگی مەی ساڵی ١٩٨٦ رووداوێکی سەرەنج راکێش هاتە گۆڕێ ، لەمە ئەدوا کە بە چ شێوەیەك دەکرێ لە کۆمەڵگلدا رەزایەت دروست بکەین هەر لەو مانگەدا بوو کە ئەندامانی رزگار بووی گروپی دیفاع لە ماف مرۆڤی ئێلسالوادۆر دەستگیر کران و کەوتنە ژێر ئەشکەنجە و ئازارەوە کە (هێربێرت ئانایا) ((Herbert anaya))شی لە خۆ دەگرت.

لەوە پێش رێبەری ئاشتی خوازی ئەم گرووپەیان کوشتبوو،هەروەها دەستگیرکراوەکانیان بەرەو بەندیخانەی ئێسپرازا(la esperaza) رەوانە کردبوو. ئەوان لەو ماوەدا کە بەند کرابوون بەردەوام درێژەیان بە چالکییەکانی دیفاع لە ماف مرۆڤ دابوو. زۆربەی ئەوانە پارێزەری دادگا بوون و دەیانزانی کە دانپیانانەکان بە چ جۆرێك رێك بخەن. ٤٣٢ کەس لەو بەندیخانەدا ئەسیر کرابوون کە هەموویان سوێندیان خواردبوو ئەشکەنجە کراون و دانپیانانەکانیان ئیمزا کرد. ئەشکەنجە کارەباییەکان و زۆر شێوازی دڕندانەی تر، وەك ئەشکەنجەی ئەفسەری یۆنیفۆرم پۆشی ئەمریکایی کە باسەکەی بە دوور و درێژی لە راپۆرتەکاندا هاتووە. ئەمە دیانپیانانێکی ئاشکرا و هەمەلایەنە و رەنگە بەڵگە بێت لە سەر ئەو کارەساتانەی روویانداوە لە ژوورەکانی ئەشکەنجەدا کە خۆی لە خۆیدا رەنگە



بێوێنە بێت. راپۆرتی سەد و شەست لاپەرەیی بەندییەکان کە بە دەم سوێندەوە لە سەر راستی گووتەکانیان شایەتیان دابوو، لەگەڵ کاسێتێکی ویدۆیی کە تیایدا لە بارەی ئەو شێوازانەی لە سەریان تاقی کرابۆوە دەرحەق بەوان قسەی لە سەر کرابوو. دەنگەکان تۆمار کرابوون و بۆ دەرەوەی دیوارەکانی بەندیخانە دزەی کردبوو. رێکخراوی نووسینگەی هاوبەشی هێزە بەر پرسیارەکانی قەزای مارین[23]کۆپی کردن و بڵاو کردنەوەی راپۆرتەکانی وەئەستۆ گرت. گۆڤار و بڵاوکراوەکانی وڵات لە باسکردن و بڵاو کردنەوەی خۆیان پاراست و کاناڵە تەلەفزیۆنەکانیش لە بڵاو کردنەوە و لێدانی راپۆرتەکە خۆیان دور خستەوە. تەنیا بابەتێك کە رۆژنامەی ناوچەیی قەزای مارین بە ناوی سانفرانسیسکۆ ئێگزامینێر ( francisco examiner) بڵاو کرایەوە و هیچی تر. کەسی تر دەستی پێی رانەگەیشت.لە سەردەمێکدا دەسەڵاتدارێتی ئەم خۆ پاراستنە بە سەر کۆمەڵگادا زاڵ ببوو بە تەنیا تاقمێکی کەم لە رووناکبیرانی خوێن سارد و بێ دەربەستی رۆژئاوایی خەریکی کۆ کردنەوەی ئیمزای رێز گرتن لە جوزێ ناپلئۆن دووئارت(jose napoleon Duarte) رۆناڵد رەیگان بوون.

ئانایا جێگای رێزگرتن و ستایش نەبوو ، لە بارودۆخی رۆژی جیهانی ماف مرۆڤدا خۆی نەدۆزییەوە. هیچ پلەوپایەی بە دەست نەهێنا.ئانایایان کاتی گۆڕینەوە لەگەڵ زیندانی تر ئازاد

[23] Marin county interfaith task force

کردوو به دوای ئەودا له لایەن هێزه ئەمنیه پارێزەکانی ئامریکاوه تێرۆر کرا. له هیچ شوێنێکدا بچووکترین زانیاری لەم بارەوه نەخرایه روو. راگەیاندنه گرووپپیەکان هەرگیز ئەو زوڵم و زۆرەی که سەبارەت بەو کەسه کرابوو نەبردە ژێر پرسیارەوەو رەنگه ژیانی مرۆڤێکی رزگار بکردایه. ئەوان خۆیان دەستیان به سەر رووداوەکەدا گرتبوو و دو لێویان نەدەجووڵاند بێجگه لەم شێوازەی که گرتبوویانه بەر رەنگه بیانتوانیایه گیانی مرۆڤێك رزگار بکەن. به پێی ئەو شتانەی باس کران دەتوانین تێبگەین که به چ جورێك سیستمی چالاك رەزایەت بەرهەم دێنێ. بەراورد کردنی له قاو دانەکانی هێربێرت ئانایا له ئێلسالوادۆر لەگەڵ بیرەوەرییەکانی وێلادراس وەك بەراوردی دەنکه نوکێك وایه لەگەڵ کێوێکی بڵیند. بەڵام ئێوه دەبێ خەریکی کاری خۆتان بن، ئەم ئەرکانه به بێ ترس ئێمه بەرەو شەڕی دوایی هان دەدات، من ئەوه به هەند وەردەگرم که ئێمه زۆر زۆر زیاتر شایەتی ئەم جۆره رووداوانه دەبین، هەتا ئەوەی که رووداوەکانی دوایی بێنه دی. ئێستا دەست ئەدەینه هەندێك وەبیر هێنانەوە سەبارەت به رووداوەکانی ئەم دواییانه. ئیزن بدەن بگرێینەوه سەر بابەتەکە، لێم گەڕێن به لێکۆڵینەوەکەی زانکۆی ماساچۆسێت که پێشتر ناوم هێنا بوو دەست پێبکەین. ئەنجامی سەیر و سەمەرە خۆی تیا حەشار داوه، لەو توێژینەوه و راپرسییەدا پرسیار له خەڵك کرابوو که ئایا به رای ئەوان دەبێ ئامریکا به پشت بەستن به هێزی توند و تیژی داگیر



کردنی نایاسایی و دەست درێژی بۆ سەر ماف مرۆڤ به جیددی بگرێ و شکستی بدات؟ هەتا رادەیەك خەڵکی ئامریکا به رێژەی دوو له سەر یەك وەڵام ئەرێنییان دایەوە. له راستیدا بۆ داگیر کردنی وڵاتێك بۆ خزمەت به ماف مرۆڤ دەبێ پشت به هێز و سەرکوت ببەستین. گەر ئامریکا رۆژێ بیهەوێ ئەم سیاسەته جێبەجێ بکات ئەو کاته ئێمه ئەبێ ئێلسالوادۆر، گواتمالا،ئەندۆنێزی ، دەمێشق،تەلئاویڤ ، کیپ تاون،تورکیه و واشنگتۆن و چەند سەرزەوی دیکه بۆردومان بکەین. سەرجەم ئەمانه نموونەگەلێکن که داگیر کردنی نایاسایی یان دەست درێژی جیددی بۆ سەر ماف مرۆڤ ئەکەن. ئەگەر ئێوه ئاشناییتان هەبێ به راستییه پێوەندیدارەکانی بەوانەوە تێدەگەن که زوڵم و زۆر و دەست درێژییەکانی سەددام لەو چوارچێوەدا دەگونجێ.نمونه باسکراوەکانی سەرەوە له ریزی توندترین پێشێلکاری و دەست درێژیەکاندا نیین . بۆچی هیچ کەس ناگاته ئەم ئەنجامه؟ هۆکارەکەی نەبوونی وشیاری خەڵکه. له کۆمەڵگایەکدا که سیستمی پڕوپاگەندە به باشی کار دەکات، له بارەی ئەو پێڕستەوه که باسم لێوه کرد، هیچ کەس هیچ تێناگات. گەر کەمێك به وردییەوه بڕوانین، تێدەگەین که نموونه باس کراوەکان به تەواوی دروست و شیاون.

بیهێننه بەر چاوی خۆتان که له شەڕی کەنداوی فارسدا بەدبەختانه کەسێك ئەکەوته بەر چاو، له مانگی فێورییەدا، رێك له ناوەڕاستی بۆمبارانەکاندا دەوڵەتی لوبنان داوای له دەوڵەتی

ئیسراییل کرد کە بڕیار نامەی ٤٢٥ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەر چاو بگرێ کە تیایدا ڕاگەیەندرابوو بێ هیچ مەرج و پێچ و پەنایەك دەبێ ئیسراییل لە وڵاتی لوبنان بچێتە دەرەوە. بەڕواری بڕیار نامەکە دەگەڕێیتەوە بۆ مارسی ١٩٨٧. بە دوای ئەودا دو بڕیار نامەیتریش لە ژێر ناوی چوونە دەرەوەی بێ مەرج و خێرای ئیسراییل لە وڵاتی لوبنان کرایە دەرەوە. ئەڵبەت هیچ کامیان جێ بە جێ نەکران، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە تەواوی هێزەوە پشتیوانی سەربازی و ماڵی لە داگیرکەری دەکات. سەرەڕای ئەمەش هەر لەو ڕۆژگارەشدا باشووری لوبنانی بەرەو ترس و شەڕ و خوێن برد. لەوێدا دەیان شوێنی گەورەی ئەشکەنجەی بە کەرەسەی مەترسیدارەوە لێیە. لەوێوە وەك پێگەیەك بۆ هێرش بردنە سەر شوێنەکانی تری لوینان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لە ساڵی ١٩٨٧ بەم لاوە ڕوخساری لوبنان گۆڕا. زیاتر لە بیست هەزار کەس گیانی خۆیان لە دەست دا کە نزیکەی هەشتا لەسەدیان خەڵکانی ئاسایی و دوور بوون لە سیستەمی سەربازیەوە. نەخۆشخانەو ناوەندەکانی تەندروستی و دەواوو دەرمان بوونە تەپۆڵکەیەك لە خۆڵ و چەتری تیرۆرو ڕاووڕوت و، دزی سێبەری خۆی بە سەر ئەو وڵاتە سەپاند.

سەرجەمی ئەم کارەساتانە بە پەسەند کردن و پشتیوانی ئەمریکاوە ئەنجام دران. ئەمە نموونەیەکی بچووکی ئەم ڕووداوانەیە. ئێوە لەم بارەوە شایەت و سەیرکەری هیچ چەشنە



هەواڵێك لە ڕاگەیاندنە گروپیەکانەوە نابن کە ئایا ئیسراییل و ئەمریکا دەبێ مل کەچ بن بۆ بڕیارنامەی ٤٢٥ ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان یا باقی بڕیارنامەکانی تر. ئایا کەسێك داخوازی بۆردوومان کردنی تێل ئاویڤ بوو، ئەگەرچی بە پێی بنەماکان و دوو لە سەرسێی ئێمەی خەڵك دەبوایە ئەم کارەمان بکردایە. سەرەڕای ئەوەش، دەزانین کە ئەم کردەوەیەی ئیسراییل بە داگیرکاری نائاسایی و پێشێل کاری زۆر ئاشکرای ماف مرۆڤ دێتە ئەژمار. ئەمەش نمونەیەکی ترە. نمونەگەلی خراپترو توندتر لەمەش هەن. داگرکردنی تەیمووری ڕۆژهەڵات لەلایەن ئەندۆنیزیەوە زیاتر لە دوو هەزار کەسی لەناو برد. لە ڕوانگەی کاربەدەستانی ئەندۆنیزیەوە هەموو ئەم تاوانانە بەشێکن لەو سیاسەتانەی کە بەردەوام جێگای پەسەندی کاربەدەستانی ئەمریکایی بوەو هەتا ئێستاش بەردەوامە، کە لە پشتیوانی کردنی زۆری دیپلۆماتیك و سەربازی ئەمریکا بەهرەمەندە. دەکرێ نموونەگەلی تر لەم ڕووداوانە باس بکەین.

## جەنگی کەنداوی فارس

ئەم بابەتە ئەم راستیە دەخاتە ڕوو کە سیستەمی پروپاگەندەی بەهێز بە چ شێوەیەك ئیش و کارەکانی خۆی رادەپەرێنێ. خەڵك ئەتوانن بیرو باوەڕیان وابێت کە کاتێك دژی کوێت و عێراق روودەکەینە هێزی سەربازی و توندوتیژی، بەم واتایەیە کە ئێمە بە راستی بنەماکان رەچاو دەکەین و دەبێ دژی داگیرکاری نائاسایی و پێشێل کاری مافی مرۆڤ رووبکەینە توندوتیژی و هێزی سەربازی. ئەوان لەم بابەتە ناگەن کە ئەگەر هەر ئەم رێبازە سەبارەت بە رەفتاری خودی ئەمریکا جێبەجێ بکرێت، ئەگەری چ رووداوگەلێك هەیە. هەمووی ئەمانە نیشان دەری سەرکەتنی سیستەمێکی پروپاگەندەیی تەواو لێهاتوو هەروەها سەرکەوتوە.

ئیزن بدەن ئاوڕ لە نمونەیەکی تر بدەینەوە. ئەگەر ئاوڕێکی ورد بدەینەوە لەو هەواڵانەی لە بڵاوکراوەکانی مانگی ئاگۆستی ١٩٩٠ بەم لاوە هاتوون، تێدەگەن کە دەیان دەنگی ناڕازی لە نێوەندەدا وون بوون. بو نمونە، دەنگی نەیارانی حکوومەتی عێراق کە لەشێوەی گرووپێکی بە هێزوو دێموکڕاتیك دا



کارەکانیان رادەپەرێنن. هۆکاری دەرکردنیان لە وڵات زۆر روونە چوونکە هەرگیز نەیان دەویست لە ژێر دەسەڵاتی سەددام حسەین دا درێژە بە ژیان بدەن. زۆربەی ئەو کەسانە لە ئەوروپا دەژین. لە نێوانیان دا کادیری لێهاتووی بانگدار، ئەندازیاران، موهەندیس و خوێندەواری بەرجەستە هەن. ئەم تاکانە رێك دەزانن چیان دەوێو بە دەنگی بوێرەوە قسە دەکەن. لە مانگی فوریەی رابردوودا کە هەتا ئەوکاتە سەددام حسەین هاورێی دڵسۆزو شەریکی بازرگانی جۆرج بووش بوو، نەیارانی رێژیمی عێراق، بە پێی بەرژەوەندی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکڕاتیکی عێراق، بە داواکارییەکی لایەنگری بۆ کردنەوەی بانگەوازی هەڵبژاردنی ئازاد لە عێراق دا هاتنە واشنگتۆن. بەڵام زۆر زاڵمانە دەستی رەتیان بە سنگەوە نان و ئەمریکا بە هیچ جۆرێك حەزوو مەیلی لە خۆی نیشان نەدا. لە دیدگای گشتی دا هیچ پەرچە کردارێك بو ئەم بابەتە بەرچاو ناکەوێ. لە مانگی ئاگۆست بەم لاوە بە هیچ نەزانینی ئەم گرووپە باشتر خۆی نیشان دا. لەم مانگەدا، ئێمە کوت و پڕ دیدگای خۆمان گۆڕی و دژی سەددام هەستاین. ئێستا گرووپی نەیارانی رێژیمی عێراق بۆ خۆی پێگەیەکی دۆزیبۆوە کە دەبوایە زۆر بەئاسانی بیروڕای خۆیان لە بارەی داهاتووی عێراقەوە دەربڕیایە. ئاساییە کە زۆر خۆشحاڵ دەبوون کاتێك شایەتی رووخانی حکومەتی سەددام حسەین بوونایە، چوونکە سەددام برای ئەوانی کوشتبوو، خوشکەکانیانی راپێچی شوێنەکانی ئەشکەنجە کردبوو،

خۆشیانی به زۆری دەرکربوو. له ماوەی دەسەڵات داریەتی ڕۆناڵد ریگان و جۆرج بووش که سەددام حسەین لەریزی باشترین و نزیك ترین هاوبیرو شەریکی ئەمریکا دەهاتە ئەژمار، ئەمانە دژی سیستەمی زوڵم و زۆری ئەمریکا چالاکیان دەکرد. ئایا دەنگی نەیاران له شوێنێك دا تۆمار کرا؟ با چاوێك بخشێنین به ڕاگەیاندنە گروپیەکانی ئەمریکاو بزانین ئایا دەتوانین له مانگی ئاگۆست هەتا مارسی ١٩٩١ یەکەوە هەواڵێك، تەنانەت کورتیش، له مافی ڕەوای ئەم گروپە دیمۆکراتیکیەی عێراقی دەرەوەی وڵات و دەست دەکەوێ؟ نا، وشەیەك نادۆزنەوە. ئەم گروپە بڵاو کراوەو ئاگاداری و پێشنیارو داواکاریان هەبوە. ئەگەر به وردییەوە بڕوانین، تێدەگەین که له نێوان ئەم گروپەو لایەنگرانی بزوتنەوەی ئاشتی و ئازادی له ئەمریکادا هیچ جیاوازیەکی بەچاو نابیندرێ. ئەوان هەم دژی سەددام حسەین بوون و هەم دژی شەڕوو پەلامارو هێرش کردنە سەر عێراق بوون. ئەوان نەیان دەویست وڵاتەکەیان ببێتە تەپۆڵکەیەك له وێرانە. ئەوەی ئەوان دەیانویست ڕێگایەکی ئاشتی خوازانە بوو بۆ چارەسەر کردنی قەیران و کێشەی عێراق و به دروستی دەیان زانی که ئیمکانی گەییشتن بەن ئەنجامە ئەستەمە. بەڵام له ڕوانگەی دەسەڵات دارانی ئەو کاتی ئەمریکاوە بیرۆکەی ئەوان پەسەند نەکراو دەبوایە له بازنە بچوایە دەرەوە. هەر وەك وترا، لەم بارەوە وتەیەك نابیستین. ئەگەر کەسێك ئەیهەوێ هەواڵێکی له بارەی



ئەم گرووپەوە دەست کەوێ، دەبێ بگەڕینەوە بۆ گۆڤاروو بڵاوکراوەکانی ئاڵمان و ئینگلیز. هەرچەن لەم وڵاتانەش دا بابەتی زۆر لەم بارەوە ناکرێنە دەرەوە، ڕاگەیاندنەکان له ئەوروپادا کەمتر له ئەمریکا کۆنترۆڵ دەکرێن و جاروبارە بابەتێك چاپ دەبێ. ئەمە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی پڕوپاگەندەییە. یەکەم ئەوەی که دەنگی نەیارانی سەددام به تەواوی خەفە کراو هەروەها هیچ کەس بەم تاکتیکەی نەزانی. به ڕاستی جێگای سەرسوڕمانە به ڕاستی وەهایان پێ وترابوو که وا هەست بکرێ خەڵك لەم کارە نەگەییشتوون که بۆچی ئێمە گوێمان له دەنگی زووڵاڵی نەیارە دیمۆکراتیکە عێراقیەکان نەبوەو پرسیاری له بارەوە ناکەین. هۆکارەکەی زۆر ئاشکرایە، چوونکە دیمۆکراتیکیە عێراقیەکان بەو ئەندێشەو بیرۆکەوە که هەیانە، له گەڵ بزاڤی ئاستی جیهانی دان و له ئەنجام دا دەبێ له بازنەی پشتیوانی لێکردن بچنەدەرەوە.

وەرە با جارێکی تر به دوای هۆکارەکانی شەڕدا بچین، ئەو هۆکارانەی که بۆ دەستپێکی شەڕ به دژی عێراق خرانە ڕوو، بریتین له: نابێ هانی هێرش بەرەکان بدرێ و دەبێ به جوڵەیەکی خێرا کردەوە توندوتیژیەکانیان بنەبڕ بکەین. ئەمە بوو هۆکاری شەڕی له گەڵ عێراقدا. له ئەسڵدا هۆکارێکی تر نابیندرێ. بەڵام ئایا وەها لۆژیکێك دەتوانێ هۆکاری باوەڕ پێهێنان بێت بۆ دەست پێکردنی وەها شەڕیك؟ ئایا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەرگیز پابەندی ئەو بنەمایە بوە، که

نابێت هێرش بەرەکان هان بدرێن و توندوتیژی بە توندوتیژی وەڵام بدەینەوە؟ حەزناکەم بە هێنانەوەی راستیەکانی سیاسەتی ئەمریکا سووکایەتی بە هەست و شعووری ئێوە بکەم، بەڵام راستی کارەکە ئەمەیە کە تەنانەت دەکرێ گەنجێکی خوێندکار لە ماوەی دوو خولەکدا ئەم باسانە دەست بخات. هەرچۆنێك بێت ئەوان هەرگیز بەدوای ئەم بابەتەوە نەبوون. چاوێك بە راگەیەنراوە گرووپییەکاندا بخشێنن، بە شرۆڤەوانە لیبراڵ و رەخنەگرەکان کە لە کۆنگرە سوێندیان خواردووە سەیر بکەین ئایا کەسێك ئەم گریمانەیەی کە ئامریکا پشتیوانی ئەو بنەمایەیە بردۆتە ژێر پرسیارەوە؟ ئایا ئامریکا هەرگیز دژی توند و تیژی و دەست درێژییەکانی خۆی لە پاناما، قسەیەکی کردووەو بە پێچەوانەوە پاناماییەکان بۆ بەرگریکردن لە کردەوە توندوتیژیەکانی ئەمریکا واشنگتونیان بۆردومان کردووە؟ لە ساڵی ١٩٦٩ دا کاتێك داگیرکردنی نائاسایی نامبیا لە لایەن ئەفریقیای باشووریەوە رووی دا، ئایا ئەمریکا گەمارۆی ئابووری و قەدەغەکردنی ناردنی ماددەی خۆراکی و دەواو دەرمانی بە دژی ئەو وڵاتە بەکارهێنا؟ ئایا دژی ئەفریقیای باشوور شەڕی دەست پێکرد؟ نا، زیاتر لە بیست ساڵ دیپلۆماسی بێدەنگی هەڵبژاردوو لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا ئاوی خۆش لە قوڕگی خەڵکی نامیبیا نەچووە خوار. تەنیا لە سەردەمی دەسەڵات داریەتی ریگان – بوش، زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو لە خەڵکی بێتاوان لە لایەن رێژیمی



رەگەزپەرەستی ئەفریقیای باشووریەوە لە وڵاتانی دراوسێی ئەو وڵاتەدا گیانیان لە دەست دا. با رووداوەکانی ئەفریقیای باشوورو نامیبیا لە بیری خۆمان بەرینەوە هەتا رۆحی هەستیارمان چی دی ئازار نەچێژێ. ئێمە درێژەمان بە دیپلۆماسی بێدەنگی داو کۆتاییمان بە هاندانی زۆردارو داگیرکەران دا. ئەوان بەندەری سەرەکی نامبیایان بە هەموو ئیمکانات و پێداویستیە بەرفراوانەکەیەوە کە زەمانەی ئاساییشی ئەو وڵاتە بوو، گرتە دەستی خۆیانەوە. ئەو بنەمایانەی لە بارەیانەوە قسە دەکەین لە کوێن؟ دیسانەوە ئەمە یاریەکی منداڵانەیە کە جێبەجێ کراو، هۆکاری باوەڕپێهێنان بوو، بۆ چوونە ناو شەڕەوە. ئێمە هیچ کات بنەماکانمان رەچاو نەکردوە. هیچ کەسیش رەچاوی نەکردوەو گرنگی بابەتەکەش لێرەدا خۆی حەشار داوە. هیچ کەس ئەم ئەرك و زەحمەتەی بە خۆی نەدا کە بە دەنگی بوێرەوە رابگەیەنێ بوچی هیچ بەڵگەیەکی ئەساسی و جێگای پەسەند بۆ هەڵاییسانی شەڕوو رۆییشتن بۆ مەیدانی شەڕ نەخراوەتە ڕوو؟ هیچ، بەڵێ هیچ بەڵگەیەك نەخرایە ڕوو کە تەنانەت قوتابیەکی گەنجیش لە ماوەی دوو خۆلەك دا نەتوانێ شرۆڤەی بکات و بیخاتە بەرباس. ئەمە ئەوپەڕی هێمای نواندنی کەلتووری خۆ بە زل زانی ئەمریکاو هاورێکانیەتی. دەبێ حەتمەن بمانترسێنن کە بە قووڵی رۆبچینە ناو سیاسەتی خۆبەزل زانیەوەو جیهان بەرەو شەڕو شۆڕ بەرین، بە بێ ئەوەی بچووکترین بەڵگەیەك لەمبارەوە

بخرێتە روو، بە بێ ئەوەی هیچ کەس ئاوڕ لە داخوازیەکانی وڵاتی لوبنان بداتەوە. بەداخەوە ئەمەیە رواڵەتی مەسخ کراوی راستەقینەی سیاسەتی رۆژئاوایی.

دروست بەر لە دەست پێکردنی بۆردوومانەکان لە ناوەڕاست مانگی ژانویەدا، ناوەندێکی راپرسی بەربڵاوی سەر بە رۆژنامەی واشنگتۆن پۆست بابەتگەلێکی جێگای تێڕامانی بە چاپ گەیاند. پرسیار لە خەڵك کرابوو ئەگەر عێراق مەیلی ئەوە لە خۆی نیشان بدات لە خاکی کوێت بێتە دەرەوەو ملکەچی داواکاریەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بێت و لە لایەکی ترەوە خەریکی مەسەلەی ناکۆکیەکانی عەرەب و ئیسراییل بێت، ئایا ئێوە پێشوازی لەم پرۆژەیە دەکەن؟ بە رێژەی دوو بە یەك خەڵکی ئەمریکاو هەروەها زۆرینەی خەڵکی جیهان بە ئەندامانی بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی نەیاری سەددام حسەین دەنگی ئەرێنی و پۆزێتیڤیان پێدا. هەوڵدرا کە دوو لە سەر سێی دانیشتوانی ئەمریکا هاورێیەتی پرۆژەکە بکەن. ئەگەری ئەوە هەیە ئەوانەی لە گەڵ پرۆژەکەدا بوون، وای بۆدەچوون تەنیا کەسانێکی تایبەت خاوەنی وەها بیروو بۆچوونێکن. بە دڵنیاییەوە لە بڵاوکراوەکان دا باسی ئەوە نەکراوە کە ئەو بیرووڕایە جێگای پەسەندە. تەنیا باسێك لە رۆژنامەی لوس ئانجلێس تایمزدا بە پێنووسی ئالێکس کوك بوورن( Alex Cockburn ) دەبیندرێ کە پرۆژەکەی پەسەند کردوە. ئەو کەسانەی پۆزێتیڤ بیریان دەکردەوە، خەیاڵیان وابوو لەم



سەرزەوییەدا تاك و تەنیان. با وای دانێین ئەوان دەیانزانی نەتەنیا تەنیا نیین، بەڵکوو زۆر کەسیش لە گەڵیاندا هاوڕان، وەك نەیارە دیمۆکڕاتیکە عێراقیەکان. وای دانێین کە ئەوان دەیانزانی بابەتەکە تەنیا گریمانە نیەو لە ئەسڵدا عێراق وەها پێشنیارێکی باس کردوە. رێك بابەتەکە هەشت رۆژ پێشتر لە لایەن کاربەدەستانی باڵای ئەمریکاوە بەیان کرابوو. لە دوەمی ژانویەدا کاربەدەستانی ئەمریکایی پێشنیاری عێراقیان کە بریتی بوو لە چوونەدەرەوەی بە تەواوی لە خاکی کوێت لە بەرامبەر ئاوڕدانەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە کێشەی عەرەب و ئیسرائیل و بەدواداچوونی چەکە کۆمەڵ کوژەکانیان راگەیاند. ئەمریکا زۆر بەر لە هێرشی عێراق بۆ خاکی کوێت بە تەواوی رەتی دەکردەوە کە ئەم مەسەلەیە بەرەو کورسی ئاشتی بەرێ. وای دانێین کە خەڵکی ئەمریکا بە باشی دەیانزانی کە پرۆژەی ناوبراو لەراستیدا لە سەر مێزی رێککەوتنەو زۆر بە بەربڵاوی پشتیوانی لێکراوەو لە ئەسڵدا پێشنیارێکە کە هەر مرۆڤێکی لۆژیکی کە تامەزرۆی ئاشتی بێت، پەسەندیەتی. هەر بەو جۆرەی کە لە نموونەکانی تردا کارمان دەکردوو، لە نموونەی زۆر دەگمەن دا ئێمە حەزمان لێیە توندو تیژی بە توندوتیژی وەڵام بدەینەوە. وای دانێین بابەتەکە هەر بەو جۆرەی کە واقعیەتی بوو بۆ ڕای گشتی دەناسرا. ئێوە بۆچوونەکانی خۆتان لە بیر بێت، بەڵام من حەزم لێیە وای دانێم کە رێژەی دوو لە سەر سێی دەنگی خەڵك بۆ ٩٨٪ ی دانیشتوان بەرز دەبۆوە.

ئەگەر خەڵك بیانزانیایە كە تەنیا نین، بە ئەگەری زۆرەوە بە بێ گێرەو كێشە كۆتایی بە سیاسەتی شەڕ دەهات.

لە بارەی ئەمەوە كە ئایا گەمارۆ باسكراوەكان جێبەجێ دەكرێن ، باسی دوور و درێژ لە ئارا دایە . بەرپرسی ڕێكخراوی سیا لەگەل ئەم پرسیارە دا بەرەو روو بۆوە هەرچۆنێك بێت هیچ لێدوانێك لە بارەی ئەم پرسیارەوە نەهاتە گۆڕێ : ئایا گەمارۆكان هەتا ئەمرۆ كاریگەر بوون؟ وەڵام پوزەتیڤە . لەراستی دا هەتا كۆتایی مانگی ئاگۆست یان ڕەنگە هەتا كۆتایی مانگی دسامبر بەم ئەنجامە گەیشتبون . لەراستیدا زۆر بە ئەستەم دەكرێ گومانی ئەوە بكەین هۆكار گەلێكی تر بێجگە لەوەی كە كار بەدەستانی ڕەسمی ئەمریكا دەری دەبڕن ، بۆ هۆكاری كردنەدەرەوەی هێزە عێراقیەكان لە خاكی كوێت دا هەیە . لەئەنجامدا پرسیاری سەرەكی ئەمەیە : ئایا گەمارۆكان كاریگەری هەبوو؟ ڕێگایەكی چونەدەرەوە هەیە؟ ڕێگایەك كەبەشێوەیەكی گشتی جێگای پەسەندی خەلكی جیهان، بەتایبەت هێزە دیموكراتیكەكانی نەیاری ڕژیمی سەددام بێت ؟ لەم جۆرە پرسیارانە ئاوڕ نەدرایەوە لەراستی دا لە روانگەی سیستمی پروپاگەندەیی دەسەڵات داریشەوە زۆر حەیاتی بوون كەباسێك نەیەتە گۆڕێ . چونكە بەرپرسی كۆمیتەی نەتەوەیی كۆماری خوازانی هاندا قسەگەلێك بكات كەئەگەر تەنانەت تاكێك لەحیزبی دیموكرات لەسەر كورسی ئیدارەی خۆیەوە ببوایە، ئیمڕۆ شایەتی ئەم جۆرە لەئازاد كردنی كوێت



نەدەبوین . هیچ دیموكراتێك هەڵنەستا كەبڵێ ئەگەر من سەرۆك كۆمار بومایە ، كوێت نەتەنیا ئەمڕۆ بەڵكوو شەش مانگی تر رزگار دەبوو ، چونكە بارودۆخێك ڕەخسابوو كەدەمانتوانی كەڵكی لێوەرگرین و بەبێ ئەوەی دەیان هەزار كەس لە خاك و خوێن بگەوزێن و شایەتی یەكێك لە مەترسی دار ترین روداوەكانی ژینگەبین ، كوێت ئازاد دەبوو . هیچ دێمۆكراتێك توانای وەها دەربرینێكی نەبوو. هیچ كامیان وەها هەڵوێستێكیان نەگرت. هێنری گۆنزلێز(Henry Gonzalez) و باربارا باكسێر( Barbara Boxer) تەنیا كەسانێك بوون كە وەها هەڵوێستێكیان بوو. بەڵام ڕێژەی ئەو كەسانەی پشتیوانی ئەوان بوون بۆ ئەژمار نەدەبوون لە ئەنجام دا دەكرێ چاوپۆشیان لێبكەین. بە وتنی ئەم راستیە كە هەتا رادەیەك هیچ سیاسەتمەدارێكی دێمۆكڕات توانای وتنی ئەو وتەیەی نەبوو، كلەیتۆن یوتێر ( Clayton Yeutter ) ئازادە كە باسی خۆی بكات.

ئەو كاتەی مووشەكە ئیسكاتەكان بەرەو ئیسرائیل ڕەوانە كران، بە هیچ جۆرێك لە بڵاو كراوەكان دا ستاییشی ئەم كارە نەكرا. دیسانەوە، ئەمە راستیەكی جێگای سەرەنجە لە بارەی سیستەمی پروپاگەندەیی سەركەوتوەوە. دەبێ پرسیار بكرێ بۆچی وای لێهات؟ بە شێوەیەكی گشتی باس و لێدوانەكانی سەددام حسەین بە باشی لێدوانەكانی جۆرج بوش بوو. ئاخریەكەی قسەكانی ئەو چی بوون؟ ڕێگەم پێبدەن گەر بۆ

نمونەش بووبێ ئاوڕێك لە مەسەلەی لوبنان بدەینەوە. سەددام بانگەشەی ئەوەی دەكرد كە ناتوانێ لە بەرامبەر بابەتی لكاندن دا خۆی رابگرێ. ئەو ناتوانێ ئەم ئیزنە بە ئیسڕائیل بدات كە بەرزاییەكانی جەولانی سوریەو رۆژهەڵاتی ئورشەلیم بە پێچەوانەی لێدوانە بەربڵاوەكانی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان بە بەشێك لە خاكە داگیركراوەكانی خۆی بزانێ. ئەو بە هیچ جۆرێك ناتوانێ دەست بەسەر داگرتن و لكاندنی ئەم ناوچانە قەبووڵ بكات. هەروەها ئەو توانای ئەم هەموو توندوتیژیەی نیە. لە ساڵی ١٩٧٨ دا، ئیسرائیل بە پێشێل كردنی بڕیارنامەكانی نەتەوە یەكگرتوەكان باشووری لوبنانی داگیر كرد. هاوكات لە گەڵ دژایەتی نەتەوە یەكگرتوەكان دا، سەرجەم وڵاتی لوبنانی خستە ژێر هێرشە وێرانكەرەكانی خۆیەوەو هەتا ئێستاش زۆربەی خاكی ئەم وڵاتە لە ژێر ئەم پەلامارانەدایە. سەددام حسەین ناتوانێ ئەم سیاسەتانە پەسەند بكات. رەنگە ئەو راپۆرتی رێكخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دڵڕەقیەكانی ئیسرائیلی خوێندبێتەوە. دڵی پڕ لە خوێنە. توانای خۆڕاگری ئەم بارودۆخەی نیە. لابردنی گەمارۆكان ناتوانێ كاریگەر بێت، چونكە ئەمریكا وێتۆیان دەكات. لە لایەكی ترەوە، چونكە لە بەرامبەر رێككەوتنەكانیش دا بەردەوام ئەمریكا لەمپەری دروست دەكردن، بە هیچ شوێنێك نەدەگەیيشت. لە ئەنجام دا بێجگە لە سەركووت چ رێگایەكی تر مابۆوە؟ ئەو ساڵەهایە كە چاوەڕوانە.



سێزدە ساڵ بۆ كێشەكانی لوبنان و بیست ساڵیش سەبارەت بە كەنارەی رۆژئاوایی. پێشتر ئێوە لەم بارەوە هەندێك شت و بیستوە. تەنیا ئەو جیاوازیەی ئێستا هەیە لە نێوان ئەو شتانەی لەوە پێش بیسراون وئێستا ئەیبیستن ئەوەیە كە سەددام حسەین دەتوانێ بانگەشەی ئەوە بكات كە سەرجەم گەمارۆو رێككەوتنەكان چوونكە ئەمریكا لەمپەری لە بەرامبەریان دا دروست كردوە، كەڵكیان نیە. بەڵام جۆرج بووش دەتوانێ پێچەوانەی ئەو بیروڕایەی هەبێت لە بەر سەركەوتنی رێژەیی گەمارۆكان، دەتوانین ئەوە قەبووڵ بكەین، ئەگەری ئەوە هەیە رێككەوتنەكانیش بێنە بواری جێبەجێ كردنەوە – بەڵام ئەوە دەزانین كە ئەو هەموو كات زۆر بە سەرسەختیەوە رێگا پێشنیار كراوەكانی رەت كردۆتەوەو زۆر بە ئاشكرا دەری دەبڕێ كە بە هیچ جۆرێك وەها كارێك ناكرێت. ئایا ئێوە كەسێكی واتان پێ‌شك دێت وەها بیروباوەڕێكی لە راگەیاندنە گروپیەكان دا بڵاو كردبێتەوە؟ نا. ئەمە بابەتێكی زۆر گرنگ نیە. جارێكی تر وەبیر دێنینەوە كە ئەمە پرسێكە تەنانەت خوێندەواری نەوجەوانێكیش توانی درك و وەڵام دانەوە پێی لە ماوەی خولەكێك دا هەیە. بەڵام هیچ كەس، تەنانەت لێكۆڵەرو سەرنوسەرێكیش ئاوڕی لێنەداوە. دیسانەوە بارودۆخی زاڵ و دەسەڵات دار هێمایەكی زۆر باشە لە سەر كەلتورێكی تاغووتی و باسی ئەوە دەكات كە هەتا ئێستاش بەرهەم هێنانی رەزایەت لە لایەن راگەیاندنەكانەوە لێهاتویی هەیە.

با دەست بە شرۆڤەی کۆتایی لەم بارەوە بکەین.رەنگە نمونەی زۆر وەبیر بێنینەوەو ئێوەش بتوانن بە پێی هزرو سەلیقەی خۆتان شرۆڤەیان بکەن. هەروەها ئەم ئایدیایەش قەبوڵ بکەین کە سەددام حسەین بە راستی دێوەزمەیەکە، خەریکە هەموو جیهان داگیر بکات،– باوەڕێکە کە خەڵکی ئەمریکا زۆریان ئیمان پێیەتی. ئەم بوچوونەیان بەردەوام، سەدان جار لەدوای سەدان جار بە درێژ بە مێشکی خەڵك دا بردۆتە خوار کە: سەددام دەیهەوێ جیان قووت بدات و ئێمەش هەردەبێ لەم رۆوە لەمپەر بین لە بەردەم پڕاکتیکی کردنی بیرو بۆچوونەکانی دا. لێرەدا دەبێ ئەم پرسیارە بکرێ کە راستی سەددام ئەم هەموو دەسەڵات و ئۆتۆریتەیەی لە کوێوە دەست کەوتوە؟ عێراق وڵاتێکی بچووك و بە بێ ژێرخانی ئابووری لە وڵاتانی جیهان سێیەم دا . عێراق هەشت ساڵی بەردەوام لەگەڵ ئێراندا شەڕی کرد، ئێرانێك کە تازە سەرەمی شەڕی تێپەڕ کردبوو، یەك لە سەر دەی سوپا و سەربازەکانی خۆی لە دەست دابوو، لەم شەڕەدا بوو کە عێراق لە لایەن کەسانی ترەوە پشتیوانی لێ کرابوو، ئامریکا، سۆڤییەت، ئەورووپا و زۆرینەی وڵاتە عەرەبی و بەرهەمهێنەرەکانی نەوت کە ئەچوونە گرووپی پشتیوانییەوە.سەرەڕای ئەم هەموو پشتیوانییە دەرەکییانەوە نەیتوانی بە سەر ئێراندا سەرکەوێت. بەڵام جارێکی تریش لە قاو دەدەن کە سەددام دەیهەوێ دنیا داگیر کات!ئایا ئێوە دەزانن کێ پەرەی بەم بیرۆکەیەدا؟راستییەکە ئەمەیە کە عێراق



یەکێکە لە وڵاتانی جیهان سێیەم بە سوپایەکی دواکەوتووەوە. لە راستیدا دنیایەك زانیاری نادروست سەبارەت بە بنکەی سەربازی و چەك و تەقەمەنی و هەروەها کیمیایی و زۆر شتی تر لە بارەی عێراقەوە درابووە دەر. ئایا کەسێك بە دوای ئەم بابەتەدا چوو؟نا.لە راستیدا ئێوە کەسێکی وا نادۆزنەوە ئەمەش نموونەیەکی ئاشکرای ترە لە بارەی ئەو سیاسەتانەوە باسکرا. سەرنج بدەن کە ئەم پڕوپاگەندەیە رێك ساڵێك دوای هەمان شێوازی پڕوپاگەندەیی بوو کە لە بارەی مانوئێل نورییێگا(Manuel Noriega)ەوە بەکار هاتبوو.ئەگەر ئێوە نۆرییێگا لەگەڵ هاوڕێی جۆرج بووش واتە سەددام حسێندا یان باقی هاوڕێیانی لە پێکەن یا خودی بووش بەراورد بکەن ، تێدەگەن کە ئەو مرۆڤ کوژێکی بچووکە.بەڵێ لە کاتی بەراورد کردنی ئەوان لەگەڵ مانۆئێل نۆرییێگادا دەردەکەوێت کە ئەو مرۆڤێکی مەترسی داری دواکەوتوو بووە. ئەو کەسێکی خراپە بەڵام نە لەریزی ئەو چینە مرۆڤ کوژە بەرزانەی جیهاندا کە ئێمە دەیانناسین.لەو دێوەزمەیەکی گەورەتر، لەو راستییەی کە هەبوو دروست کرد.نۆرێگا خەریکبوو لەگەڵ رێبەرانی قاچاخی مادده سڕکەرەکان گیانی ئێمەی بەرەو تیاچوون ئەبرد ناچار بووین زوو قۆڵ هەڵماڵین و ئەو لە لوتکەی دەسەڵات بێنینە خوارەوە. بە کوشتنی چەند سەد کەس یان رەنگە هەزاران کەس حکوومەتێکی بچووك لە سەدا هەشتی سپی پێستانی ئەو وڵاتە بە سەرکردایەتی ئەفسەرانی سوپای ئامریکا لە بوارە

جۆراوجۆرەکاندا پێك بێنین کە بکرێ تەواوی وڵات لە دەست ئێمەدا بێت. ئێمە ناچارین دەست بەینە وەها کارێك، چونکە پێویستە بەر لە هەر شتێکی تر خۆمان رزگار بکەین یان تیاچوونی خۆمان بە دەست ئەم دێوەزمەیە قەبووڵ بکەین. ساڵێك دواتر هەر ئەم چیرۆکە لە بارەی سەددامەوە بەکار هات. ئایا کەسێك لە گوڤاردا یا هەر شوێنێکیتر ئاماژەیەکی پێدا. ئایا کەس لە خۆی پرسی چی رووی داوە و بۆ چی؟ ئێوە دەبێ زۆر بە وردییەوە سەرنج بدەنە ئەم رووداوانە.

سەرنج بدەن ئەمە هەموو ئەو جیاوازییانە نیە کە کۆمیسیونی کریل خەڵکی ئاشتی خوازی کرد بە نتەوەیەکی وەحشی خوێن مژ کە خوازیاری وێران کردنی هەموو شتێکی ئاڵمان بوون. هەتا ئێمە لە دەست هۆزی هوون، ئەو سەربازانەی کە بە کردەوەی وەحشیانەی خۆیان هەموو باسك و مەچەکی منداڵانی بلژیکیان هەڵکەند، رزگار بکەن. رەنگە ئێستا تەکنۆلۆژیا سەرەڕای ئەم هەموو ئامرازی پێوەندی گشتی و ئەو رێژە پووڵەی کە رژاوەتە ناو ئەم سیستمەوە ئاڵۆزتر بوبێ، بەڵام لە ئەسڵدا کردەوەیەکی کۆنە پەرستانەی هەیە.

با بگەڕێینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکان. وای بۆدەچم بابەتەکە تەنیا نەبوونی زانیاری دروست و پێویست و قەیرانی کەنداوی فارس نیە. بابەتەکە زۆر لەمە بەر بڵاوترە. یان ئەوەیە کە ئێمە دەمانهەوێ لە ناو کۆمەڵگایەکی ئازاددا بژین و یان ئەوەیە دەمانهەوێ لە ژێر گوشارە تاغووتییەکاندا رۆژگار



تێپەڕێنین و لەگەڵماندا وەك جەڵەبی دستەمۆکراو رەفتار بکەن و هەتا هەر شوێنێك خۆیان حەزیان لێیە لێمان خوڕن ، رێنوێنیمان کەن، بمانترسێنن، بە دروشمگەلی نیشتمان پەروەرانە بە سەرماندا بقیژێنن. بە ژیانی خۆیان ئێمە بخەنە وەحشەتەوە و بۆ رێبەرێك کە ئێمەی لە تیاچوون رزگار کردووە رێز دانێین و سپاس و پێزانینمان دەربڕین، لە کاتێکدا کە گرووپە پەروەردە کراوەکان وەك بزن و بە چاوی کوێرەوە دەستووری کاربەدەستان جێبەجێ دەکەن و دووپاتی دەکەنەوە و ماڵەوەش لە ناو خۆیدا( ناوخۆی وڵات) بەرەو تیاچوون بچێت. لە ئەنجامدا وەك سەربازێکی زۆرداری دەوڵەتی، پلە و پایەیەك بە دەست بێنین و وەها چاوەڕوانییەك لە خۆماندا پێك بێنین کە دیتران یان کەسانێتر یارمەتی ماڵیمان بدەن هەتا دنیا ژێرەو زەبەر بکەین. ئەمە ئەو خاڵانەن کە لە بەر دەمماندان. هەر چۆنێك بێت وەڵامی سەرجەم ئەم پرسیارانە لە دەست خەڵکانێکی وەك من وتۆدان.

## هەواڵنێرێك لەهەسارەی ‹مەریخ›ەوە

**بە چ شێوەیەك شەڕ بە دژی تیرۆر ڕیپۆرتاژ بکری؟**
**ئەو تێکستەی لە بەر دەستدایە، کورتکراوەیەکە لە گوتابێژییەك**
**لە جەژنی پانزەهەمین ساڵوەگەڕی ڕێکخراوی**
(fairness & accuracy in reporting)(FAIR)
**کە لە بەڕواری ٢٢ی ژانویەی ٢٠٠٢ لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی**
**شاری نیۆیۆرکدا ئامادە کراوە.**





پێموایە سەردێرێکی شیاو بۆ دەرفەتێکی وەك ئەمە زۆر ئاشکرایە: باشتر وایە ئاوا باس بکری ˚ کە لە مانگەکانی رابردوودا میدیا گرووپییەکان بە چ جۆرێك ڕووداوە سەرەکییەکانی وەك ‹شەڕ دژی تێرۆریزم› بە تایبەت لە جیهانی ئیسلامیدا گرتۆتە دەست خۆیانەوە، حەزم لێیە میدیا گرووپییەکانی ئەم وڵاتانە، بە تایبەت گۆڤارە شیکاری و شرۆڤەیی و ئایدیایی و لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی گشتی ڕاپۆرتگەلی کەلتووری ڕووناکبیری لە پانتایەکی بەرفراوانتردا کاریان لە سەر بکرێت.

بە ڕاستی بابەتێکی زۆر گرینگە بابەتێك کە لە نێوان بابەتەکانی تر دا بە شێوەیەکی ڕێك و پێك لە لایەن FAIR خوێندنەوەی بۆ کراوە. هەر چۆنێك بێت سەردێڕێکی سەرنج ڕاکێش بۆ گوتار بێژی نایەتە ئەژمار،چونکە شرۆڤەگەلی ڕاڤەیی و تێر و تەسەل دەخوازێ. کەواتە ئەوەی حەزم لێیە جێ بە جێی کەم بریتیە لە هەڵس و کەوتێکی جیاواز لەگەڵ بابەتەکە و کردنی پرسیارێك کە بە چ جۆرێك بە پێی بنەما گشتی و پەسندکراوەکان، بە سەر چیرۆکەکەدا زاڵ بین: بنەماکانی ڕاستی، وردبینی، بۆنەو هتد...

رێگەم پێ بدەن بابەتەکە لە رێگەی تاقی کردنەوەیەکی هزرییەوە درێژە پێ بدەم. مێریخییەکی زیرەك لە بەر چاو بگرن. لە سەرەتاوە بە من وتراوە کە ئەو پیاوە، کەواتە منیش ئەو وەك پیاو ئەناسم. وای دانێین ئەم بەرێزە مێریخییە چۆتە زانکۆ متمانە پێکراوەکانی وەك هاروارد و کۆلۆمبیا و لە بەشی رۆژنامەوانیدا دەستی کردووە بە خوێندن و سەرجەم رێبازەکانی هۆشمەندی و زانیاری رۆژنامەگەری خوێندووە و بە تەواوی ماناوە پابەندی بنەماکانییەتی. با بەم گریمانەوە پرسیارەکەمان بپرسین کە ئەم بەرێزە مێریخییە بە چ شێوازێك و چلۆن چیرۆکەکە راڤە دەکات.

وای بۆ دەچم کە ئەو بە تاقمێك لە تێبینییە وردەکانی خۆیەوە کە گۆڤارەکە بۆ هەسارەی مەریخ دەنێرێ، راڤەکەی دەست پێ ئەکات. یەکێك لە تێبینییەکان ئەمەیە کە راگەیاندنی شەڕ دژی تێرۆریزم لە یازدەهەم سێپتامبری ٢٠٠١ دا نەبووە. بەڵکوو بە هەمان شێوازی پڕوپاگەندەیی بیست ساڵ لەمەوبەرەوە دەستی پێکردووە. هەر وەکوو ئێوەش دەزانن، کاتێك حکوومەتی رەیگان چووە سەر کورسی دەسەڵات رایگەیاند کە شەڕ دژی تێرۆریزم ناوەندی یەکگرتنی سیاسەتە دەرەکییەکانی ئامریکا بێت و رەیگان هەر بەو بابەتەی کە بە بەڵای شەیتانی تێرۆریزم ( Eril Scqurage of Terrorism)ی ناودێر کردبوو مەحکووم کرا. مەبەستی سەرەکی شەڕی نێونەتەوەیی دژی تێرۆریزم کە لە لایەن



ئامریکاوە پشتیوانی لێدەکرا بەرەوڕووی جیهانی ئیسلامی و هەروەها وڵاتانی ئامریکای ناوەندی بۆوە. تێرۆریزمی نێو دەوڵەتی وەك تاعوونێك وەسف کرا کە لە لایەن نەیارانی خۆدی شارستانییەتەوە لە بزاڤێکی دواکەوتووانە و کۆنەپەرەستانە و گەڕانەوە بۆ سەردەمی بەربەریەت لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا تەشەنەی سەندووە. لە راستیدا منیش لە زمان حکوومیەکی میانەڕەوە دەیگێڕمەوە.واتە جۆرج شوڵز(george Shultz)، وەزیری دەرەوە.

رستەیەك کە گێڕامەوە هی رەیگان بوو، کە لە ساڵی ١٩٨٥ لە بارە تێرۆریزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وتبووی. هەر لەو ساڵەدا بوو لە راپرسییەکی ساڵانەی ئاسۆشێیتێد پرێس کە لە لایەن بڵاوکراوەکانەوە ئەنجام درا، تێرۆریزمی نێودەوڵەتی لە ناوچەدا وەك چیرۆکی سەرەکی ساڵ هەڵبژێردراو و رێك بابەتێکە کە مێریخییەکەی ئێمەش بۆ دووهەمین جار لە ساڵی دوو هەزار و یەکدا ئاماژەی پێداوە و شەڕ بە دژی تێرۆریزم راگەیەندرا. سەرەڕای ئەوەش خاڵی سەرنج راکێش ئەمەیە کە بەردەوامی و پێداگری لە سەر بابەتی ناو براو لە لایەن هەمان کاربەدەستانی سەرەکییەوە ئەنجام دەدرێ. کەواتە دۆناڵد رامسفێڵد کە ئێستا رێبەرایەتی قۆناغی دووهەمی شەڕ دژی تێرۆریزمی لە ئەستۆیە، هەر ئەوکەسەیە کە لە سەردەمی رۆناڵد رەیگاندا هیدایەتی قۆناغی یەکەمی شەڕیشی لە ساڵی ١٩٨٥ – کە بە ترۆپکی ئەو شەڕە دەزانرێ – فەرماندەیی کردووە.

کەسێك کە چەند مانگ لەوە پێش لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ پۆستی بەرپرسایەتی دیپلۆماتیك هەڵبژێردرابوو، جان نێگرۆ پۆنتە (John Negroponte) بوو کە قۆناغی یەکەمی شەڕی سەربازی ئامریکای دژی تێرۆریزمی لە هێندۆراس – کە بنکەی سەرەکی ئامریکا لە رووبەرووبونەوە دژ بە تێرۆریزم دێتە ئەژمار – گرتە ئەستۆ.

## ممارسەی هۆکاری دەسەڵات:

لە ساڵی ١٩٨٥دا بابەتی تێرۆریزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پرسی سەرەکی دەزانرێ و لە ئامریکای ناوەندیشدا پێگەی دووهەمی بۆ تەرخان کرابوو. لە راستیدا شۆڵز تاعوونی لە ئامریکای ناوەندی وەك گرینگترین و وریاکەرەوەترین دەنگدانەوەی رۆژ ناساندبوو. ئەو دەڵێ گرفتی سەرەکی سەرەتانێك بوو کە رێك لە دڵی وڵاتی ئێمەدا جێگای خۆش کردبوو، ئێمەش حەزمان لێبوو بنەبڕی کەین. باشتر واشبوو هەر چی زووتر ئەم کارەمان بکردایە.چونکە سەرەتانی ئامانجی هیتلێری،واتا ‹شەڕی من›ی (Mein Kampf) کردبۆیە دالغەی مێشکی و خەیاڵی سەرکەوتنی بە سەر جیهاندا هەبوو. بەراستی بارودۆخێکی پڕ مەترسی بوو. مەترسییەکە ئەوەندە



جیددی بوو کە لە رۆژی یاسادا[٢٤] ساڵی ١٩٨٥، سەرۆك کۆمار بانگەوازی بەپەلەی ئەمنییەتی نەتەوەیی دەرکرد، چونکە هەروەك خۆی ئاماژەی پێدەکات سەرەتانی ناوبراو هەڕەشەیەکی نامۆ و بێوێنە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئامریکا و سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتە دێتە ئەژمار.

ئەو بارودۆخە ئێمێرجێنسییەی کە هەیە هەتا بنەبڕ کردنی هەتا هەتایی هەموو ساڵێك نوێ دەبۆوە. شۆڵز وەزیری دەرەوەی کاتی باسی ئەوەی کرد مەترسییەکە تا ئەو رادەیە جیددییە کە ئێوە ناتوانن بارودۆخەکە ئارام بکەنەوە.( ١٤ی ئاوریلی ١٩٨٦) ئەگەر سێبەری دەسەڵات بە سەر کورسی چەنە لێدانەوە زاڵ نەبێ، رێکەوتنەکان بە بەخشینی خاڵ، بە هەڵس و کەوتی شیاو دەڕواتە پێشەوە.ئەو، ئەو کەسانەی کە بە دوای ئامرازە یاساییەکانی یۆتۆپیایی، ناوبژیوانانی دەرەکی، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگا جیهانییەکانەوەن لە هۆکاری هاوسەنگی دەسەڵات چاوپۆشی دەکەن، بە توندی ئیدانە دەکات.

لە بنەمادا ئامریکا لە هێزە زۆردارەکانی جێگیر لە بنکەکانی هێندوراسی ژێر چاودێری نێگرۆ پۆنتەدا دەستی داوەتە مومارەسەی هۆکاری دەسەڵات لە هاوسەنگی سیاسیدا، ئەمە لە

[٢٤] Law day – بە رێکەوت رۆژێکە کە لە سەرتاسەری دنیادا وەك رۆژی یەکیەتی لەگەڵ بزوتنەوە کرێکارییەکانی ئامریکا یادی لێدەکرێتەوە. رۆژی یەکەمی مانگی مەی لە خودی ئامریکادا وەك لایەنگری لە سیاسەتە شەڕخوازەکانی دەوڵەت دەزانرێ.

کاتێکدایە لە لایەکی ترەوە لە بەردەم شێوازەکانی کەڵك وەرگرتن لە ئامرازە یاساییە یۆتۆپیاییەکانی وەك دادگای نێو دەوڵەتی لە لایەن خودی وڵاتانی ئامریکای لاتینەوە لەمپەر دروست ئەکات. هەڵبەت کە خودی سەرەتان لە سەر ئەوە پێداگرە کە بە سەر تەواوی جیهاندا زاڵ بێت.

میدیا گرووپییەکان رێك کەوتن. تەنیا کێشەیەك کەمابۆوە وت و وێژ بوو لە سەر هەڵبژاردنی تاکتیکەکان. ناوەرۆکی وت و وێژەکە لە سەر شێوازی پێشوو وەك کۆتر و باز بوو. هەڵوێستی بازەکان لە لایەن سەرنووسەرانی گۆڤاری نیو رێپابلیك ( The New Republic) دا زۆر بە باشی بەیان کرا. ئەوان بە زمانی خۆیان داوایان کرد کە ئێمە درێژە دەدەین بە یارمەتییە سەربازییەکانمان بە فاشیستەکانی ئامریکای لاتین ... بە بیٚ لە بەر چاو گرتنی ئەوەی کە چ رێژەیەك لە خەڵك کوژراون چونکە بەرژەوەندییەکانی ئامریکا لە سەروەی پاراستنی مافی مرۆڤ لە وڵاتی ئێلسالوادۆر و یان هەر وڵاتێکی تر لە هەر ناوچەیەك بیٚ. ئەمە گۆتەی هەڵۆکانە.

لە لایەکی ترەوە کۆترەکان ئاوا بەڵگە دێننەوە کە ئامرازە باسکراوەکان ئیتر لێهاتووییان نیە و پێویستە رێبازی نویٚ هەڵبژێرین و بگەڕێینەوە بۆ نیکاراگۆیە واتا بە سەر سەرەتان (لە سەر شێوازی ئامریکای ناوەندی) و ستانداردە ناوچەییەکاندا زاڵ ببین.[25] شێوازی ئامریکای ناوەندی و

[25] واشنگتن پۆست، ١٤ی مارسی ١٩٨٦ و ١٩ ی مارسی ١٩٨٦



ستانداردە ناوچەییەکان ئەوانەن کە لەو رۆژگارانەدا لە ژێر ئاڵای ئەواندا دەوڵەتە تێرۆریستیەکانی ئێلسالوادۆر و گواتمالا بە جۆرێك دەستیان دابووە کوشتار و ئەشکەنجە و وێرانی کە من نامەویٚ بە هیچ جۆرێك لە بارەیەوە بدوێم. چونکە بە پێی گوتەی کۆترەکان ئێمە هەر بەو شێوازەی ئامریکای ناوەندی بۆ نیکاراگۆیە بگەڕێینەوە. لایەنی رۆژنامەوانان و نووسەران سەبارەت بەم بابەتە نزیکەی پەنجا بە پەنجا لە نێوان کۆتر و هەڵۆکاندا دابەش کرابوو. هەڵوارتەگەلێك لەو نێوانەدا هەیە کە بە هەڵەی ئاماری دەزانریٚ. زۆر لەوە پێش بابەتێکی چاپ کراو لەم بارەوە هەبوو کە ئەگەر حەزتان لیٚی بێت دەتوانن سەیریان بکەن. لە زۆربەی ناوچە سەرەکییەکان شوێنێك کە لەو سەردەمەدا تاعوون بە زۆری پەرەی سەندبوو، بریتی بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تەنانەت بە شێوەیەکی یەکسان لە رادەبەدەر زیادەرۆیانە بوو.

## شەڕی یەکسان بە ئامانجی جیاوازەوە:

زۆر باشە، بە دڵنیاییەوە بەڕێزی مەریخی، هۆشمەندو روناکبیرێکی تامەزرۆیە بە سەرجەم رووداوەکانی مێژووی هاوچەرخ و بە وردیەوە سەرنجی داونیٚ. لە راستی دا حەزێکی بەردەوامی جێگای ستاییشەوە راپۆرتی گۆڤارەکانی هەسارەی مەریخی ئەوان بە راپۆرت بنێریٚ کە بە قەولێك شەڕ دژی تیرۆر

هەر لە لایەن ئەو کەسانەوەو بە ئامانجی هاوشێوەوە، دووبارە دەستی پێکردۆتەوە، هەرچەن مەریخیەکە مەیلی نیە بە راگەیاندنی ئەو ئامانجانە.

لە ساڵی ٢٠٠١ دا، ناڕازیانی بێبەش لە شارستانی بۆ خۆیان بەشێك لە چالاکانی ئازادی خوازی دەیەی ١٩٨٠ بوون کە لە لایەن سیاو هاوکارەکانیەوە ئۆرگانیزەو چەکدار کرابوون و هەر لە ژێر ناوی ئەو هێزە تایبەتانەوە کە ئێستا لە ئەشکەوتەکانی ئەفغانستاندا بە دوایانەوەن، پەروەردەکرابوون. ئەوان تێکەڵێك بوون لە یەکەم بەربەرەکانیەك و ئەکتەرەکان لە دژی تیرۆر کە هەر بەو شێوەی شۆڕش گێڕەکانی تر بە دژی تیرۆر شەڕ دەکەن.

ئەوان لە ئەسڵدا دەستووری کارە تیروریستیەکانی خۆیان لە ساڵی ١٩٨١ کاتێك سەرۆك کۆماری میسریان تیرۆر کرد، بە کار هێناو هەروا درێژەیان بە کارەکەیان دا. کرداری تیرۆریستی ئەوان کە بریتی بوو لە هێرشە تیرۆریستیەکانیان لە ناو خاکی سۆڤیەت دا بە ڕادەیەك بوو، وەك ئەوەی دەچوو کە لە شوێنێکدا بوو بە هۆی شەڕێکی بە تەواو مانا لە گەڵ پاکستان. ئەگەرچی ئەم هێرشانە بە مەرجی چوونەدەرەوەی سۆڤیەت لە خاکی ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٨٩ کۆتایی پێهات، بەڵام ئەنجامەکەی وڵاتێکی وێران بوو کە بۆ ئەمریکا بە جێما، زۆر زوو هەڵوێستی خۆی گۆڕی و دەستی دایە کوشتاری بە کۆمەڵ، دەست درێژی بۆ سەر نامووس وتیرۆر، بە شێوەیەکی گشتی



ئەم قۆناغە وەك خراپترین قۆناغ لە مێژووی ئەفغانستان یادی لێ دەکرێ. ئەو کەسانە لە دەرەوەی کابۆل گەڕانەوە سەر کارەکانی خۆیان و بە پێی ئەو بابەتانەی لە بڵاوکراوەکانی ئەمرۆ – ٢٢ی ژانویەی ٢٠٠١ – لە رۆژنامەی واڵ ئێستریت ژورناڵدا، دو شەڕخواز و ئاژاوەچی سەرەکی وا هەڵس و کەوت ئەکەن کە بۆی هەیە تەواوی جیهان تووشی شەڕێکی گەورە و کاولکەری دیکە بکەن کە ئاواتە خوازین وانەبێت.

تەواوی ئەم بابەتانە سەروتاری زۆربەی بڵاوکراوەکانی هەسارە مەڕیخن کە ئەڵبەت بۆ خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگاش زۆر گرینگن. ئەمانە زۆربەی زۆرینەی ئەو خەڵکە نیازمەندەن کە هێشتاش بە شێوەیەکی بەربڵاو بۆ پارویێك نان و چی پێداویستی دیکەی ژیانیانە داماون. ئەگەرچی خواردەمەنی و پێداویستییەکان لە چەندین مانگ لەوەبەرەوە ئامادە کرابوو بەڵام ئیمکانی دابەشکردنی نەبوو.

ئێمە لە داهاتەکانی ئەم بارودۆخە بێ ئاگاین و هەرگیزیش ئاگادار نابینەوە. چونکە دەسەڵات بەردەوام وەك مانا و واتایەکی کەلتوری روناکبیرانە سەقامگیر ئەبێ و دەسەڵاتدار هەر چەند بە ورد بینییەوە بڕوانێتە ئەو تاوانانەی دوژمنەکەی ئەیخولقێنێ هەر بەو رادە لە هەڵەکانی خۆی چاوپۆشی ئەکات، کە ئەمە خۆی بابەتێکی زۆر گرینگە. کەواتە ئێمە تەنیا ئەتوانین تارماییەك لە ژمارەی ئەو ڤێتنامی و ئێلسالوادۆری و کەسانی دیکە بخەینە بەرچاو کە ستەمکارانە لە خوێن و خۆڵ هەڵکشان.

## پاشگەز بوونەوە لە هاوسەنگی ئەخلاقی:

هەروا کە پێشتر وتم، ئەمانە ئەتوانن سەردێڕی گرینگترین هەواڵەکانی مەریخ بن. هەروا هەواڵنێری کارامەی مەریخی چەند بابەتی بنیادی روون بکاتەوە. سەرەتا ئەیەوێ لە مانای دەقاودەقی تێروریزم تێ بگات. لە دواییشدا بزانێت چۆنییەتی هەڵس و کەوت دروست و شیاو لەگەڵ ئەم دیاردە چیە؟ لە هەر حاڵدا وەڵامی پرسیاری دووهەم هەر چییەك بێت ئەبێ تا رادەیەك جۆرە هاوسەنگییەکی ئەخلاقی پێك بێنێت تا هەواڵنێرە مەریخییەکەمان هەر بەو رادە لە واتای ئەم هاوسەنگییە ئەخلاقییە تێبگات کە ئەو رێبرانەیش وا ئاگری ئەم شەڕەیان دژی تێرۆریزم هەڵگیرساندووە تێی ئەگەن. چونکە ئەمانە کەسانێکن کە بەردەوام بە گوێی ئێمەدا ئەخوێنن قەشەیەکی پاکداوێنن و رێزێکی زۆریش لە وەعز کردن ئەگرن و لە لایەکی دیکەشەوە لە مانای ریا و سالوسی بوون و دوڕوویی گەیشتوون، کە لە کلیساکاندا بایەخی زۆری پێئەدرێ. ئەوان بەردەوام پڕوپاگەندە بۆ ئەوە ئەکەن کە ریاکاران و سالوسیەکان کەسانێکن وا وانەی ئەو بایەخانە بۆ خەڵك ئەڵێنەوە کە خۆیان لە پەسند کردن و باوڕ پێکردنیان دور ئەخەنەوە. کەواتە مەریخی بۆی دەرئەکەوێت کە بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی



ئەخلاقی ئەبێ ئەوە قەبووڵ کەین و تەنانەت داکۆکیشی لەسەر بکەین کە ئەگەر برێ لە کردەوەکان بە لای ئێمەوە دروست و شیاون ئەوا بۆ دیترانیش هەروایە و لە پاڵ ئەمەشدا ئەگەر کەسێك تووشی کردەوەیەك ببێت کە بە هەڵەو ناشیاو بزانرێ ئەوا ئەبێ ئێمەش لە کردەوەکانی خۆماندا ئەو پێوانانە لە بەر چاو بگرین. ئەوەش بڵێم کە ئەمە هاوسەنگییەکی ئەخلاقی زۆر سەرتاییە و مەریخی بەم شتە بزانێ خێرا خۆی کۆئەکاتەوە و ئەگەڕێتەوە بۆ هەسارەکەی چونکە ئەرکی سەر شانی خۆی بە جێ هێناوە و لێکۆڵینەوەکەی بە ئەنجام گەیاندووە. لە کەنار ئەمەشدا زۆر دوورە مەریخی بە رستە و زاراوەیەکی وەها ئابستراکت گەیشتبێ کە بتوانێت شەڕێك دژی تێرۆریزم راڤە بکات وا هیچ دەسپێکێکی بۆ گەیشتن بە پێوانەیەکی ستانداردی ئەخلاقی نیە.ئەگەر ئەم قسە لە من وەرناگرن کەواتە ئەزموونە جیهانییەکان بهێننە بەر چاوی خۆتان. حەز ناکەم زێدەرۆیی بکەم. لەوانەیە هەمووتان بتوانن ئەو رستە و زاراوەگەلێك لەم لاو لاوە بێنن ، لە دوور دوورەکانەوە، تەنانەت هەر چەند بە کەمیش.

بە هەر حاڵ ئەم هاوسەنگییە ئەخلاقییە لە رەوتی سەرەکی کۆمەڵگادا بیندراوە و وا دەر ئەکەوێت جۆرە وەرچەرخانێکی مەترسیدار لە ئارادابێ. بۆیە پێویست ئەکات لە بەردەمیدا لەمپەری بە هێز دابندرێ تەنانەت بەر لەوە کەسێك بتوانێ تووشی ئەم وەرچەرخانە بێت. لە بنەمادا، لەم نێوانەدا هەندێك

زاراوەی تایبەت و پسپۆڕانە هەیە کە ئەگەر کەسێك ورەی ئەوەی بێت تووشی کوفر و وەرچەرخان بێت ئێمە ئەبێ لە ڕێگەی ئەو هاوسەنگییە ئەخلاقییەوە کە وای دەرئەخەین پەسندمان کردووە لە بەرانبەریدا بوێستین و بەری پێ بگرین.لایەنگران سەبارەت بەو شتەی کە (بە ڕێژەیی بوونی ئەخلاقی) پێ ئەوترێ تاوانبارن، واتە ئەبێ ئێمە ئەو پێوانانەی بۆ هەڵسەنگاندی کردەوەی خۆمان بە کاری ئەهێنین بۆ خەڵکی دیکەش کەڵکی لێ وەرگرین. ڕەنگە هاوسەنگی ئەخلاقی زاراوەیەك بێت کە لە لایەن جین کێرك پاتریك ( Jeane Kirk Patrick)ەوە بۆ بەرەوەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەترسی ئەوەدا داهاتبێت کە کەس ورەی ئەوەی نیە ئاوڕێك لە تاوانەکانی خۆی بداتەوە. یان ڕەنگە ئەوان خەریکن قورسایی شەرمەزار بوون لە تاوانەکانی ئامریکا لە سەر شانی خۆیان رائەگرن، یان ئەوەتا چەند دژی ئامریکان ، کە لێرەدا بابەتەکە خۆی زیاتر جێ سەرنج ئەبێتەوە. ئەم (دژە ئامریکایی)ە زاراویەکە کە تەنیا لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بۆ نموونە پێشتر لە روسییە، شوێنێك کە دژی سۆڤییەت بوون بە گەورەترین تاوان ئەهاتە ئەژمار. ئەگەر کەسێك لە ئیتالیا بیهەوێت کتێبێك چاپ بکات و وای دائەنێین پێی بوترێ دژە ئیتالیایی ئەوا ئەتوانین وێنای بکەین کە لە شەقامەکانی میلان و ڕۆمدا چ هەڵس و کەوتێکی لەگەڵ دەکرێ یان لە هەر



شوێنێکی دیکەی دنیا کە ئازادی و دیموکراسی زۆر بە جیددی وەردەگیرێ.

## واتای بێ کەڵك :

ئیزن بدەن وای دەانێین کە بەڕێزی مەریخی لە گوتاری توند و تیژ ودوور و درێژ و جوێندان نەترساوە و هەروها وای دانێین کە ئەو پێداگری دەکات لە سەر پاراستنی سەرەتایی ترین هاوسەنگی ئەخلاقی. زۆر باشە هەروا کە پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەگەر ئەو وەها بکات تەنیا کارێ کە لە توانایدا هەیە ئەوەیە کە بە پەلە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی. ئەگەر لە رووی زانخوازیشەوە بووبێ بڕیار دەدات نەگەڕێتەوە و توێژینەوەی زۆرتر ئەنجام بدات. کەواتە بڵێی چی رووبدات؟ زۆر باشە بگەڕێینەوە سەر پرسیارێکی سەرەکی و لە خۆمان بپرسین کە تێروریزم چیە؟ پرسیارێکی زۆر بنەڕەتییە.

لای هەواڵنێری مەریخی، بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارەی سەرەوە ڕێگایەکی دیاری کراو هەیە کە دەبێ پیای بڕوات، سەیری ئەو کەسانە بکرێت کە خۆیان بە دژی تێرۆریزم شەڕیان راگەیاندووە و کە چۆن ئەم گوتەیە پێناسە دەکەن، هەر ئەمەدە تەواوە. لە ئەسڵدا لە یاسای میلیتاریزمی ئامریکا و باقی شوێنەکانی تر پێناسەیەکی فەرمی لەم گوتەیە لە بەر دەستدایە کە زۆر بە کورتی باسی کراوە، تێرۆریزم ئەوەی کە من ئاماژەی

پێدەدەم بریتییە لە کەڵك وەرگرتن لە توند و تیژی یان هەڕەشەی پشت ئەستوور بە توند و تیژییەکی گەڵاڵە ڕێژ کراو بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلێك کە جەوهەری سیاسی ئایینی یان ئایدۆلۆژیکییان هەیەو لە ڕێگای ترس و وەحشەت، زورەملێ یان جوچك ترسێن کردنەوە بە دەست دێت. زۆر باشە هەتا ئەو شوێنەی من تێبگەم ساکار دەبیندرێت و واتایەکی زۆر گونجاوە. بەڵام بەردەوام دەخوێنینەوانێ کە پێناسەی تێرۆریزم زۆر ئاڵۆز و پڕ کێشە و گرفتە و ڕەنگە مەریخییەکە سەری سووڕ بمێنێ کە بۆچی ئەم پێناسانە دروستن و بەردەوامیش وەڵام هەن.

لێکدانەوە فەرمییەکان بێ کەڵکن. بە پێی دوو هۆکاری سەرەکی ناتوانن کەڵکیان ببێت. پێشتر لە هەموویان راڤە و لێکدانەوەکان زۆر نزیکن لە سیاسەتە فەرمییەکانی حکوومەتەوە. کاتێك کە تیرۆر بوو بە ڕەنگدانەوەیەك لە سیاسەت و حکوومەت ، ئەو کاتە ململانێیەکی بێ هێز یان دژە تێرۆری پێ دەوترێ.

هەروها تەنیا ئامریکا نیە کە وەها بارودۆخێکی هەیە، تا ئەو شوێنەی من ئەزانم، ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە، ئاماژە دەدەم بە نموونەیەك لە ڕووداوەکە. لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٦٠ دا سەنتەری لێکۆڵینەوەی ‹ڕاند›( Rand) کە بە زۆری لەگەڵ پێنتاگۆندا پێوەندی هەبوو، کۆمەڵێکی سەرنج ڕاکێشی لە ڕێنوێنییە دژە تێرۆریستییەکانی ژاپۆنی لە پێوەندی لەگەڵ



هێرشی ژاپۆن بە مەنچوری و باکووری چینی لە ماوەی دەیەی ١٩٣٠ دا بڵاو کردەوە. ڕاپۆرتەکە سەرنجی منی بۆلای خۆی ڕاکێشا– بابەتێکم لەم بارەوە نووسی و فورمولە ڕێنوێنی کەرەکانی ژاپۆنم لەم بارەوە لەگەڵ کردەوە هاوشێوەکانی ئامریکا لە ڤێتنامی باکووری کە زۆر لە یەك دەچوون بەراورد کرد. دەبێ دان بەوەدا بنێم کە بابەتەکە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا.

زۆر باشە هەرچۆنێك بێت ئەمە ڕاستییەکە و هەتا ئەوشوێنەی کە من ئەزانم ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە. بەڵام ئەمە بەڵگەیەکە کە ئێوە ناتوانن پێناسەی فەرمی دەوڵەت قەبووڵ بکەن. هۆکارێکی تر کە ناتوانن قەبووڵی بکەن زۆر ساکارترە، ئەوان سەرجەم وەڵامە هەڵەکان دەخەنە بەردەست، لە ئەنجامدا بۆچوونی وان لە تێرۆریزمیش هەر لە سەر ئەم شێوازەیە. کەواتە دەبێ ڕاڤە و لێکدانەوەی فەرمی دەوڵەت لەم بارەوە بخەینە لاوە و ڕوو بکەینە جۆرێك لە لێکۆڵینەوە و واتای گشتگیرتر کە ڕەنگدانەوەیەك بێت لە ڕاستی و وەڵامە دروستەکان و ئەمە ئەرکێکی گرانە. چونکە ئێوە بەردەوام دەبیسن کە وەڵام دانەوە بەم گرفتە زۆر دژوارە و مێشکە گەورەکان بەردەوام لە بەربەرەکانیدان.

بە خۆشحاڵییەوە ڕێگا چارەیەك هەیە. ڕێگا چارەکەیش ئەوەیە کە تێرۆریزم بە جۆرێك پێناسە بکەین کە وەك ئەوەی وا بێت دەیانهەوێت بە دژی ئێمە ئەنجامی بدەن، جا ئێستا هەر

کەس بین و لە هەر پلە و پایەیەکدا بین. هەتا ئەو شوێنەی کە من بزانم ئەمە بە تەواوی باسێکی جیهانی و مێژووییە. چ ئەوەی کە لە رۆژنامەوانیدا بێت یان لە باسە ئاکادێمی و هتد... . بە لانیکەمەوە من لە هیچ وڵاتێکدا شایەتی ئەوە نەبووم. بە خۆشحاڵییەوە رێگای دەرباز بوون لەم گرفتەی بەردەمماندا هەیە. ئەتوانین  سەرنجتان بو ستاندارد رابکێشین. هەتا ئێوە بتوانن لە هەموو سەردەمەکاندا ئاماژەی پێ بدەن:ئەوەی کە ئێمە و سەرجەم هاوڕێکانمان قوربانی راستەقینەی تێرۆریزمین و تێرۆریزم چەکێکە بە دەست مرۆڤە لاوازەکانەوە. ئەڵبەت تێرۆریزم لە واتا فەرمییەکەی خۆیدا چەکێکی بە هێزە وەك زۆربەی چەکەکان. بەڵام ئەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە ئەم چەکەی بە هێزە بەر دەست ئەندێشە لاوازەکان کەوتووە. لە واتا قامووسییەکەیدا ئێوە کاتێك تێیدەگەن  کە ئەم چەکە بەرەو ئێمە نیشانەی گرتبێ. هەڵبەت ئەو کاتە بە باشی تێیدەگەن کە بە چ شێوازێك تێرۆریزم چەکێکە لە بەر دەست مرۆڤە لاوازەکاندا. کەواتە ئەوانەی بەردەوام دەنووسن و ئێوە بابەتەکانیان لە گۆڤارەکاندا دەخوێننەوە بۆتان دەردەکەوێ کە ئەوان راست دەکەن. لە ئەسڵدا بابەتێکی زیادە و زۆر دووبارە کراوەیە، بە پێی داب و نەریت و گرێبەستەکان.



## کاتالۆگی تێرۆریزم:

گریمان مەریخییەکە سەرەڕای ئەو شتەی کە بە رواڵەت دانراوێکی جیهانییە،دژایەتی دەکا و لە راستیدا ئەو هاوسەنگییە ئەخلاقییەی کە ئامۆژگاری دەکەن، قەبووڵی دەکا و تەنانەت راڤەی فەرمی ئامریکای لە بارەی تێرۆریزمیشەوە قەبووڵ کردووە. دەبێ ئەوە بڵێم کە لەم سەردەمەدا ئەو زۆر لە ئەتمۆسفێری زەوی دوور کەوتۆتەوە، بەڵام درێژە بە باسەکە دەدەین. ئەگەر ئەو ئەوندە بڕواتە پێشەوەوە بە دڵنیاییەوە لەگەڵ وێنە روونەکانی تێرۆریزمدا بەرەوڕوو دەبێتەوە. یانزەی سێپتامبر بە شێوەیەکی ئاشکرا نموونەیەکی زۆر راچڵەکێنەرە لە کردەوە تیرۆریستییەکان. نموونەیەکی تر لە پەرچە کردارە فەرمییەکانی بەریتانیا–ئامریکایە، کە لە لایەن دەریاوان سێر مایکل بۆیس(Sir Michael Boyce) بەرپرسی هێزە چەکدارەکانی بریتانیاوە خرایە روو، لە بڕواری ٢٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٠١ لە لاپەڕەی یەکەمی نیویۆرك تایمزدا چاپ کرا. ئەو بە خەڵکی ئەفغانستانی راگەیاند کە هێرشەکانی ئامریکا و بریتانیا دژی ئەوان ئەواندە درێژە دەکێشێ هەتا رێبەرەکەیان دەگۆڕێ.

سەرنج بدەن کە بە پێی پێناسە فەرمییەکان ئەمە وێنەیەکە لە کاتالۆگی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی و من بە هیچ جۆرێك حەز

ناکەم کە دووبارە بیخوێنمەوە. بەڵام ئەگەر ئێوە حەزتان لێیە لە بارەیەوە بیر بکەنەوە. ئەمە ڕێك وێنەیەکی تەواو لە ڕووداوەکەیە.

دوو حەوتە بەر لەوە جۆرج بووش بە خەڵکی ئەفغانستانی وت هەتا ئەو کاتەی ئەوان گومان لێکراوەکان بە دەستەوە نەدەن پەلامارەکان هەروا درێژەی دەبێ. لە بیرتان بێت کە لە ناوچوونی ڕژیمی تاڵەبان بابەتێك بوو کە چەند حەوتە دوای بۆمب دانانەکەوە هاتە گۆڕێ. ئەویش تەنیا بۆ سەدەقە سەری ئەو ڕووناکبیرانەی کە تامەزرۆی نووسینی ڕاستییەکانی شەڕن.

بریا ئەمەش بەشێك بووبا لە کاتالۆگی تێرۆریزم: ئێمە ئەوندە بۆمبتان بە سەردا دەڕێژین هەتا ئەو کەسانەی ئێمە دەمانهەوێ بیهێننە بەر دەستمان. ڕژیمی تاڵەبان خوازیاری بەڵگە بۆ بانگەشەکانی ئامریکا بوو، بەڵام ئامریکا زۆر بە سووکایەتییەوە ئەمەی ڕەت کردەوە. ڕێك لەو کاتەدا تەنانەت ئامریکا پێشنیاری ئاڵ وگۆڕ کردنی ئەو بریندارانەی کە ڕەنگە بارودۆخیان دژوار بوایە بە تەواوی ڕەت کردەوە. ئێمە لەم هەوڵە، ئاگادارییەکی ڕاستەقینەمان نیە چونکە پێشنیارەکان پەسند نەکرا.بە دڵنیاییەوە مەریخیەکە حەزی لێیە سەرجەم ئەم ڕووداوانە تۆمار بکات. ئەگەر ئەو ورد بین بێت و ئەرکەکانی خۆی بە باشی ڕاپەڕێنێ زۆر زوو هۆکاری ڕووداوەکانی بۆ دەردەکەوێ. زۆر ساکارە: دەسەڵاتدارانی جیهان دەبێ ڕوونی بکەنەوە کە ئەوان تەسلیمی هیچ پلەو پایەیەك نابن و ڕێز بۆ



هیچ کەسێك دانانێن.کەواتە ئەوان ئەوە پەسند ناکەن کە پێویستە بەڵگە بخەنە ڕوو. لە ڕاستیدا ئەوان زۆر بە دڵنیایی و بە بێ ئەم لا و ئەولا داخوازی کاربەدەستانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەت دەکەنەوە. زۆر بە ئاسانی ئامریکا دەیتوانی هەڵوێستێکی خۆبەزل نەزانانە بگرێت– بە پێی بەڵگەهایەکی زۆر باش نا بەڵکوو دەیتوانی بە دەستیان بێنێ. ئەم کارە هەستی باشمان لا دروست دەکات، لە ڕاستیدا لە ئەدەبیاتی دیپلۆماتیك و پێوەندی نێو دەوڵەتیدا بۆ ئەم بژاڤە پێناسەیەکی تایبەت هەیە: دروست کردنی متمانە. پێناسەیەکی تریش هەیە کە ڕادەگەیەنێ، ئێمە دەوڵەتێکی تێرۆریستین و ئەگەر ئێوە بێنە سەر ڕێگامان پێویستە لە ئەنجامە دژوارەکانی ئاگادار وەبن. هەڵبەت ئەگەر ئێمە لە وشەی تێرۆریزم لە چوارچێوەی ڕاڤە فەرمییەکەیدا ، واتا ئەو شتەی کە لە بەڵگە یاساییەکانی دەوڵەتی ئامریکادا هاتووە، کەڵك وەرگرین، بە هیچ جورێك قەبووڵ ناکرێ.

## نموونەگەلی بێ ململانێ:

دەگەڕێینەوە سەر هاوسەنگی ئەخلاقی. بە پێی بیرو باوەڕی فەرمی پەسەند کراوی جیهانی کە وەك هزرێکی ڕهاو جێگای ستاییش کراوەتە دەر، ئەمریکا ئەو ئەرکەی پێ ئەسپێردراوە کە هەتا ئەو کاتەی ئەفغانەکان گوومان لێکراوانی یازدەهەمی

سێپتامبەر نەخاتە بەردەست، شەڕێکی بە تەواو مانا دژی ئەوان دەست پێبکات، کە لە خستنە ڕووی هەر چەشنە بەڵگەیەك خۆی دوور دەخاتەوە یان بە پێی گووتەکانی بۆیس، شەڕ ئەوەندە درێژە دەخایەنێ، هەتا ئەفغانیەکان ڕێبەرەکەی خۆیان چەك دەکەن. زۆر باشە، ئەو کەسانەی کە بە پێی ئەو گوتانە ناچنە ریزی ریکاروو درۆزنەکانەوە( سالوس) دەبێ وڵاتی هایتی بخەنە ئەو ریزەوە هەتا بە شێوەیەکی بەرفراوان هێرشە تیرۆریستیەکانی خۆی بە دژی ئەمریکا ڕێك بخات، هەتا ئەو کاتەی کە ئەمریکا ئیمانۆئێل کۆنستانت ( Emmanuel constant) کە دەستی بە خوێنی چوار – پێنج هەزار کەسی بێ تاوان سوور بوەو هەر بەم تاوانەش مەحکووم کراوە، تەحویل وڵاتی ناوبراو بدات.

هیچ کێشەیەك لە بارەی خستنە ڕووی بەڵگە لە ئارادا نیە. ئەوان زۆر جار داوای ئاڵ و گۆڕیان کردوەو ئاخرین کەڕەت کە دووپات بۆوە، سێی سێپتامبەری ٢٠٠١ بوو، ڕێك لە ناوەڕاستی وتووێژە بەربڵاوەکان لە بارەی ئەفغانستانەوە بوو، وەك وڵاتێکی تیرۆریست پەروەرو ئەوەی کە گەر بێتوو تیرۆریستەکان تەحویل نەدەن، دەبێ چۆن هەڵس و کەوتیان لە تەکدا بکرێ. هەڵبەت بابەتەکە لەبارەی چوار–پێنج هەزار رەشپێستەوەیە. وای بۆدەچم ئەم ژوومارانە کەمێك زیادە ڕۆیانەیە. یان ڕەنگە دەبوایە ئەوان لە ئەمریکادا خەریکی کاری تیرۆریستی بوونایە. لەوێوە کە ئەوان ناتوانن شارەکانی



ئەمریکا بۆردوومان بکەن، ڕەنگە نموونەی تری وەك تیرۆری بیۆکیمیایی و هێتد جێگای بگرێتەوە. ناتوانم گوومانی بنەڕەتی بکەم، هەتا ئەو کاتەی کە ئەمریکا لە ئەسڵدا بەرپرسی تیرۆریستیە پرمەترسیەکانە بە دژی خەڵکی هاییتی لە ماوەی سەدەی بیستەم دا، ڕێبەرایەتی خۆی بگۆڕێ.

یان بە دڵنیاییەوە نیکاراگۆیە بۆی هەیە بە پاراستنی ئەو شێوازە لە هاوسەنگی ئەخلاقی ئێستا، هەر ئەو شێوازە بگرێتە بەروو بە ڕێکەوت ئەو ڕێبەرانەی شەڕی دژی تیرۆریان ڕاگەیاندوە، بیان پێکن. لەبیرتان بێت کە پەلاماری تیرۆریستی بە دژی نیکاراگۆیە هەتا رادەیەك لە ڕووداوی یازدەی سێپتامبەر قورستر بوو، کە هەزاران کوشتەی لێکەوتەوەو وڵات وەك تەپۆڵکەیەك لە خاك و خوڵ و وێرانەی لێهات، کە ڕەنگە هەرگیز نەتوانێ لە سەر پێی خۆی بوەستێ.

ئەمە ڕووداوێکی بێ ململانێ و قسە لێکردنە، کەواتە نابێ لە بارەیەوە قسە بکەین. حوکمی داداگای نێودەوڵەتیش لە بارەی مەحکووم کردنی ئەمریکا سەبارەت بە کردەوە تیرۆریستیە نێودەوڵەتیەکانیەوە کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیشەوە پشتیوانی لێکرا، باسێکی بێململانێی و قسە لێکردنە. بەبێ باس کردن لە دەوڵەتێکی تایبەت سەرجەم دەوڵەتەکان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بانگهێشت کران کە یاسا نێو دەوڵەتییەکان لە بەر چاو بگرن. بەڵام هەموو کەس دەیزانی مەبەست چیە. سەرجەم ئەم

مانیفێستانە لە لایەن ئامریکاوە ویتۆ کران و بەریتانیاش دەنگی سپی پێدا.زۆر جار حوکمی سەلمێندراو لە لایەن ڕێکخراوی نێو دەوڵەتییەوە دراوەتە دەر کە مانیفێستی زۆری لە خۆ گرتووە ، کە بە دژایەتی کردنی ئامریکا و یەك یان دوو وڵات لە لایەنگرەکانییەوە بەرەوڕوو بووە. دادگای نێو دەوڵەتی دەستووری ڕاگرتنی کوشتاری تێرۆریزمی جیهانی و جەریمەی قورسی بۆ ئامریکا دەرکرد. ئامریکا بە بڕیاری هاوبەشی هەر دوو حیزبی کۆماریخواز و دیمۆکرات وای بە باش زانی کە زۆر زوو هێرشێك دەست پێبکات. من پێشتر پەرچەکرداری گۆڤارەکانم لەم بارەوە باس کردووە. سەرجەم ئەم ڕوداوانە هەتا نەمانی سەرەتان درێژەی هەبوو و ئێستاش دیسانەوە تۆمۆرەکە ( لووە سەرەتانیەکە) سەری هەڵداوەتەوە.

لە نەوامبری ساڵی ٢٠٠١ دا ڕێك لە ناوەڕاستی ڕاگەیاندنی شەڕ دژی تێرۆریزم ، هەڵبژاردنێك لە نیکاراگۆیە لە بەر دەستدا بوو کە ئامریکا زۆر زێدەڕۆیانە لە هەڵبژاردنەکاندا دەست تێوردانی کرد و هەڕەشەی لە نیکاراگۆیە کرد کە ڕەزایەت بەو ئەنجامە نادروستەی سەندوقی دەنگدان نادا ، تەنانەت بەڵگەیەکیشی بۆ ئەو کارەی نەهێنایەوە.وەزارەتی ئامریکا باسی کرد کە ئێمە ناتوانین لە ڕۆڵی نیکاراگۆیە لە تێرۆریزمی جیهانی لە ماوەی دەیەی ١٩٨٠دا چاوپۆشی بکەین. ئەو کاتەی کە ئامریکا لە بەرانبەر پەلاماری تێرۆریزمی نێو دەوڵەتیدا خۆڕاگری دەکرد، کاتێك بوو کە بۆ خۆی لە لایەن بەرزترین



ناوەندە جیهانییەکانەوە سەبارەت بە کردەوە تێرۆریستییەکانی بە توندی مەحکووم کرابوو.

سەرجەم ئەم بارودۆخانە بە بێ لێدوان و بڵاو کردنەوەیان لە ناو کەلتورێکی ڕووناکبیرییەوە سەرچاوە دەگرن کە زۆر بە ئاسانی و بە حەز و مەیلەوە خۆی بۆ تیرۆر و ڕیاکاری تەرخان کردووە. وای بۆ دەچم کە ئەم چیرۆکە زۆربەی سەردێڕە بەرچاوەکانی گۆڤارە مەریخییەکەی لە خۆ گرتبێ، ئێوەش ڕەنگە لە ناخەوە حەزتان لێ بێ ئەو تیۆرەی کە خۆتان پێتان خۆشە سەبارەت بە ( شەڕی دادپەروەرانە) لەم باسە بێ ململانێیەدا درێژە بدەن.

## دەستەمۆ کردنی زۆرینە:

هەڵبەت نیکاراگۆیە لە بەرانبەر پەلامار تێرۆریستییە نێودەوڵەتییەکەی ئامریکا بە دژی خۆی کە لە ژێر پەرچەمی شەڕ دژی تێرۆر بە ڕێوە دەچوو هیچ خۆڕاگرییەکی نەکرد، ئاشکرایە کە نیکاراگۆیە سوپای هەبوو،لە باقی وڵاتەکانی ئامریکای ناوەندیدا هێزە تێرۆریستییەکان پەروەردە کرابوون و لە لایەن ئامریکاو مشتەرییەکانیەوە سوپا میلیتاریەکانیان پێك دێنا و کەواتە زۆر جێگای سەر سوڕمان نەبوو کە بێرەحمییە تێرۆریستییەکان زۆر ترسناکتر بەڕێوە دەچوو.ئەمە بوو شێوازی ئامریکای ناوەندی کە کۆترەکان دەیانوت دیسانەوە

دەبێ بەرەو سەرەتان بگەڕێینەوە بەڵام قوربانی ئەم پەلامارانە لە ئامریکاییەکان نەبوون و کەواتە ئەوان توانای داواکارییان لە دادگای نێودەوڵەتی یان ئەنجومەنی ئاسایش نەبوو.وای بۆ دەچم بە ئەگەری زۆرەوە ئەگەر داخوازییان پێشکەش بکردایەت شکستیان دەخوارد. بەم پێیە بابەتەکە زۆر بە ئاسانی فڕێ درایە زبڵدانی مێژووەوە ، بێجگە لە هەسارەی مەریخ. کاریگەرییەکانی ئەو تیرورانە درێژخایەن بوو. لێرە واتە لە ئامریکادا تێڕوانینێکی تایبەت بەرچاو دەکەوێ لە بارەی کاریگەرییە بەرفراوانەکانی دڕندانە بوونی هێرشە تێرۆریستییەکەی یانزەی سێپتامبر. کەواتە وەك نموونە لە لاپەڕەی یەکەمی نیویۆرك تایمز کە لە بڕواری ٢٢ی ژانویەی ٢٠٠٢ دەرچوو بابەتێك لە بارەی ئەو کەسانەوە دەرچوو کە دەستیان بەو یارمەتیانەی بۆ بە جێماوەکانی کارەساتەکە ناردرابوو نەدەگەیشت .هەڵبەت ئاوا راپۆرتێکیش لە بابەت ئەو کەسانەوە کە وەکوو قوربانییانی پەلامارە تێرۆریستییەکانی ئامریکا و هاوکارەکانییەوە لە ئازاردا ئەژیان و لە بچووکترین پشتیوانی ماڵی و هاوخەمی بێ بەهرە بوون، لە ئازادا بوو. بەڵام لە بیرتان بێ کە راپۆرتی ئەوان تەنیا لە گۆڤاری هەسارەی مەریخدا هات. رەنگە ئێوە حەزتان لێ بێ سەبارەت بە کۆنفرانسێك کە چەند ساڵ لەمەو پێش لە لایەن یەسوعیانی ئێلسالوادۆری رێکخرا راپۆرتێك بە دەست بێنن. ئەزموونەکانی یەسوعیان لە ژێر ناوی تێرۆریزمی نێو دەوڵەتی



ئامریکادا بە شێوەیەکی بەرچاو ترسناك بوو. راپۆرتی کۆنفرانسەکە پێداگری دەکات لە سەر کاریگەری پاشماوەکانی ئەو شتەی کە ناوی لێدەندرێ کەلتووری تێرۆریزم.کەلتوورێك کە حەز و مەیلی زۆرینەی خەڵك کۆنترۆڵ و دەستەمۆ کرا. زۆرینەیەك کە پێیان وابوو کە دەبێ کارەساتی بارودۆخەکە لە کاربەدەستانی تێرۆریستی ئامریکا و راسپاردراوە ناوخۆییەکان بگەیەنن، بە پێچەوانەی ئەم شتە ئەوان دیسانەوە دەگەڕێنەوە بۆ شێوازی چالاکییە کۆنەکانی ئامریکای ناوەندی، هەر بەو جۆرەی کە لە لایەن فاختەکانەوە لە سەردەمی گەشە کردنی تێرۆریزمی جیهانیدا لە لایەن ئامریکا لە ماوەی دەیەی هەشتادا پشتیوانی لێکراوە. ئاساییە کە ئەمە راپۆرتێك نەبوو کە بکرێ لە هەسارەی زەویدا بڵاوی بکەیتەوە، رەنگە لە ریزی ئەو گوتارانەدا بێ کە بکرێ لە هەسارەی مەریخدا بیکەی بە راپۆرت .

## شەریکە تامەزرۆکان:

رەنگە بەڕێزی مەریخی لە هەندێك هاوبەشیەکانی نێوان یەکەم و دوهەمین قۆناغی شەڕ بە دژی تیرۆریزم گەییشتبێ. لە ساڵی ٢٠٠١ دا، رێك هەر حکومەتێکی تیرۆریستی کە ئێوە وێنای بکەن، زۆر بە حەزەوە پێی خۆش بوو بێتە ڕیزی هاوکارانی دژە تیرۆرەوە. هۆکاری ئەم حەزوو مەیلەش زۆر

شاراوە نەبوو. هەمووی ئێمە دەزانین کە بۆچی روسەکان ئەوەندە تامەزرۆن. بۆ نمونە ئەوان پێویستیان بە چرا سەوزی ئەمریکا هەیە هەتا بە خەیاڵی ئاسوودەوە ترسناکترین چالاکیە تیرۆریستیەکانی خۆیان لە خاکی چیچێن دا ئەنجام بدەن. تورکیە مەیلێکی تایبەتی هەبوو بێتە ئەم ریزەوە. تورکیە یەکەمین دەوڵەت بوو کە هاوکاری سەربازی پەسەند کردوو سەرۆکی وەزیران هۆکارەکەی شیکردەوە. ئەم کارەی تورکیە نیشانەی رێزلێنان لەم راستیە بوو کە دەوڵەتی ئەمریکا بە تەنیا ئامادەیی ئەوەی تیایە بە لێشاو چەك و تەقەمەنی بۆ تورکیە رەوانە بکات – لە سەردەمی حکومەتی کلینتۆن دا زیاتر لە سەدا هەشتای چەك و تەقەمەنی تورکیە لە لایەن ئەمریکاوە دابین دەکرا – هەتا تورکیە بتوانێ بە خراپترین و قورسترین هێرشی تیرۆریستی و کوشتاری بە کۆمەڵ، لە ماوەی دەیەی ١٩٩٠ دا بەرەو تیاچوون بەرێت. پیاوانی دەوڵەتی توکیە سوپاسی ئەم سیاسەتەیان کردو، پشت ئەستوور بەم بنەمایەش بوو کە تورکەکان لە بەرامبەر پشتیوانی چەك و تەقەمەنی ئەمریکادا هاوکاری میلیتارزمی بۆ دروست کردنی شەپۆلێکی نوێی شەڕ بە دژی تیرۆریزمیان قەبووڵ بێت. لە بیرمان بێت کە لە راستی دا هیچ کام لەمانە لە ریزی تیرۆریزم دا دانادرێن، چوونکە بە پێی بریارنامەکان هەتا ئەو کاتەی کە ئێمە پراکتیکی نەکەین، بە کردەوەی تیرۆریستی دانادرێت ،



پێرستی ئەم جۆرە سیاسەتە دوو لایەنانە هەروا دریژەی هەیەو من حەز ناکەم باسی رووداوەکانی تر بکەم.

بە رێکەوت هەمان شێواز لە بارەی قۆناغی یەکەمی شەڕ بە دژی تیرۆریزم دروست بوو. کە واتە راگەیاندنی بابەتەکە لە لایەن ئادمیراڵ بۆیسەوە کە ئاماژەمان پێدا، قسەیەکی زۆر نزیکە لە وتە زۆر بەناوبانگەکەی سیاسەتمەداری ئیسراییلی ئەبا ئیبان( Abba Eban) لە ساڵی ١٩٨١ دا. ئەو کاتە بوو کە رێك بەدوای راگەیاندنی یەکەمین شەڕ بە دژی تیرۆریزم ئیبان پاساوی بۆ پەلامارە دڕندانەکانی ئیسراییلی بە دژی دوڵەت و خەڵکی لوبنان دێناوە، کە زۆر گاڵتە جاڕانەو زۆر بە ئاراستە کراو دەیوت کە" لێرەدا پەرچەکردارێکی ئەقڵانی لە ئارادایەو لە سەر ئەو کەسانە کاریگەری دەبێت کە بۆ بنەبڕ کردنی توندو تیژی گوشار بەکار دێنن." سەرنج بدن کە ئەمەش کاتالۆگێکی ترە بۆ وێنا کردنی تیرۆریزمی جیهانی لە فۆریمێکی فەرمی و حکومی دا.

ئەو توندوتیژیانەی ئەو ئاماژەی پێدەدات، لە سەر سنووری ئیسراییل و لوبنان دابوو کە بە دوای یەك داو بە بێ هیچ بڕوبیانوویەك، بەڵام زۆر بە توندی لە لایەن ئەمریکاوە پشتیوانی لێدەکرا، ئیسراییل هۆکارو رێ خۆشکەرکەی بوو. لە ئەنجام دا ئیسراییل بە پێی بڕیارنامەی جیهانی، بە تیرۆریزم دانادرێ‌و بە بەشێك لە مێژووی تیرۆریزم دانادرێ. لە کاتەدا ئیسڕاییل بە پشتیوانی هەمەلایەنەی ئەمریکاوە پەلامارەکانی

خۆی بە دژی لوبنان دریژەداو هێرشی دڕندانەو بۆردومانی بێ پسانەوەی ئەنجام دان و هەوڵی دا بیانویەك بۆ پەلامارە گەڵاڵە کراوەکەی بدۆزێتەوە. زۆر باشە، وەها بیانویەك نەدۆزرایەوە، بەڵام ئیسراییل درێژە بە پەلامارو داگیرکاریەکانی باکووری لوبنان دەدا. دیسانەوە لە هەموو پێوانەکان چاوپۆشی دەکرێ چوونکە ئەمریکا پشتیوانی ئیسراییلە.

## خەڵاتی دڵڕەقی:

لە ساڵی ١٩٨١ بۆ ١٩٨٥ وە، ساڵەکانی پەرەسەندنی بێڕەحمیەکانی ئەمریکاو ئیسراییل لە باکووری لوبنان بوو کە ناویان لێنا "مستی ئاسنین"، لە ئاوەدانیانەی کە بە قسەی خۆیان پێیان دەوتن " گووندەکانی تیرۆریزم" ، کوشتاری دڕندانەی بە کۆمەڵی بەربڵاویان ئەنجام دا. هەموو ئەم تاوانانە لە سەردەمی دەسەڵات داری شیمۆن پرێز( Shimon Peres )دا ئەنجام درا، ئەو کەسەی وەك یەکێك لە دەست نیشان کراوانی وەرگرتنی خەڵات بۆ ناحەزترین کارەساتە تیرۆریستیەکانی جیهان لە ترۆپکی کوشتارەکانی ساڵی ١٩٨٥ هەڵبژێردرا. لە بیرتان بێت ئەم تاوانانە لە قۆناغێکدا بەڕێوە چوون کە "شەڕ بە دژی تیرۆریزم "بە چیرۆکی سەرەکی ساڵ دەزاندرا.



لەم نێوانەدا ڕەقیب و بەرامبەری تریش هەبوون. یەکێك لە وانە، هەڵبەت باس لە سەرەتای ١٩٨٥ ە، باسی بۆمب دانان لە ترۆمبێلێك لە بەیرووت بوو. ترۆمبیلەکە لە تەنیشت مزگەوتەکەوە ڕاگیرابوو، بۆمبەکە بە جۆرێك داندرابوو کاتێك خەڵك ل مزگەوت تەواو بوون و بەرەو ماڵەکانیان ڕێکەوتبوون و هەتا ڕادەیەك زۆرینەی ئەو خەڵکە لە دەرەوەی مزگەوتەکە بوون، تەقیەوە، کە قورسترین زیانە چاوەڕوان کراوەکانی لێکەوتەوە. بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی واشنگتۆن پۆست هەشتا کەس کوژراوو زیاتر لە دوسەدو پەنجا کەس بریندار ئەنجامی ئەم تاوانە زۆر ترسناکە بوو. جێگای ئاماژەیە زۆربەی قوربانیەکان پێك هاتبوون لە ژنان و کچان و بۆمبەکە ئەوەندە بە هێزوو ترسناك بوو کە مناڵانی لە پێخەفەکان دا ڕاپێچی مەرگ کرد. تاوانی باس کراو لە هیچ شوێنێك ئاماژەی پێنەدرا، چوونکە ڕێکخراوی سیخووری سیاو بەرپرسانی زانیاری بەریتانیا دایانڕشتبوو. لە ئەنجام دا ئەم کردەوە پڕمەترسی و ڕاچڵەکێنەرە بە تاوانی تیرۆریستی نەهاتە ئەژمار. هەڵبەت بە جۆرێك لە جۆرەکان بە پالێوراوانی خەڵات داناندرێ. لە نێوانی کارەساتەکانی ساڵی ١٩٨٥ دا، ڕووداوی بۆردومانی تونێس لە لایەن ئیسراییلەوە بوو کە هەفتاو پێنج مرۆڤی بێتاوان تیاچوون. بەشێك لەم هەواڵە پڕ مەترسیە لە لایەن تاقمێك لە هەواڵنێرە ئەمەگدارە ئیسراییلیەکانەوە بڵاو کرایەوە. ئەمریکا سەرەڕای نەگەیاندنی زانیاری بە هاوڕێیانی تونێسی خۆی کە

ئەوە بۆمبەکە خەریکە ئەتەقێتەوە، بۆ خۆی بە شەریك تاوانی ئەم کارەساتە دادەندرێ. جۆرج شوڵتزەر وەزیری دەرەوە، بە بێ دواکەوتن، پەیوەندی گرت بە ئیسحاق شامیر( Yizhak Shamir ) ، سەرۆك وەزیری ئیسرائیلەوەو هاوخەمی خۆی لە گەڵدا دەربڕی. هەرچۆنێك بێت، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە زۆرینەی دەنگ و دەنگێکی سپی ئەمریکا تاوانی ناوبراوی وەك دەست درێژی سەربازی بە توندی ئیدانە کرد، شوڵتزێر لە پشتیوانی کردنی ئاشکرای ئەم تیرۆریزمە جیهانیە پاشەکشەی کرد.

ڕێگەم پێبدەن دیسانەوە گوومانی خۆمان بەرو ڕووی کرداروو سیاسەتەکانی ئەمریکاو هاورێکانی بکەینەوە کە لە بەرژەوەندی ئەوان دا تەواو دەبێت. وەك نموونەکەی نیکاراگوێیە. دیسانەوە با وای دانێین کە تاوان تەنیا بزاڤێکی تیرۆریستی جیهانی بوو، بەڵکوو تاوانێکی جیدی توندو تیژی و دەست درێژی بۆ سەر مافی نەتەوەك نەبوو، هەر بەو جۆرەی ئاساییشی نەتەوەیی باسی کرد. ئەگەر توندوتیژی بووبێت، ئەوکاتە لە ڕەوانی و بێخەوشی ئەخلاقی دەگەین و بەرەو مەحکەمەی نۆرنبێرگ بۆ پێشەوە.

ئەمانە سێ نمونەن لەو تاوانانەی کە لە ساڵی ١٩٨٥ دا ڕوویان داو زۆر لە یەکەوە نزیکن. دوو سێ حەوتە بەر لە کارەساتی بۆردومانی توونێس سەرۆك وەزیری ئیسرائیل، پرێس، بەرەو واشێنگتن رێ کەوت و لەگەڵ رۆناڵد رەیگاندا



بانگەشەی ئەمەیان دەکرد کە قەمچی شەیتانی تێرۆریزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێ پێی خۆی هەیە. تەنانەت یەك وشەمان لە راڤەی ئەوان بۆ دەرنەکەوت. دروستیشە. چونکە بە پێی پەیمانە ئامریکاییەکە هیچ کامیان بە تێرۆریست دانادرێن. دەقی پەیمانەکە لە بەرچاو گرن کاتێك بە کردەوەیەکی تێرۆریستی دادەندرێ و ئێمە بگرێتەوە. تەنانەت ئەگەر تووشی لەوە خراپتریش ببین، شتێکی تێرۆریستی نیە. دیسانەوە بنەما جیهانییەکان. زۆر باشە رەنگە مەریخییەکە تێگەیشتبێ کە بابەتەکە جێگای باسکردن لێرەدا نیە. ساڵانێك لەمەو بەر کاتم هەبوو لەم بارەوە بنووسم، تێبینی شیاوی خۆم لە مێژوودا دەست کەوت و ئەویش ئەو تێبینی و پیاچوونەوەی رۆژنامەی واشنگتن پۆست بەرواری ١٨ ی سێپتامبری ١٩٨٨ و رەخنەیەکی دوو وشەیی بوو کە لەلایەن هەواڵنێری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نووسرابوو کە ئەویش بەم جۆرە باسی لێکرا: شێتییەکی گورچك بڕ. من بە جۆرێك لەو سەردێڕە خۆشم هات. وای بۆ دەچووم کە ئەو لەبارەی گۆرچك بڕیەوە هەڵە دەکات– ئەگەر ئێوە بابەتەکەو بخوێندایەوە تێدەگەیشتن کە زۆر هێواش و لە سەر خۆیە– بەڵام بەشی یەکەمی راڤەکە واتا شێتی دروستە. مەبەستم ئەمەیە کە کەسێك دەبێ شێت بێت هەتا سەرەتاییترین هاوسەنگی ئەخلاقی پەسند بکات و باسی هەندێ راستی بکات کە نەدەبووا لە بارەیانەوە بنووسرایە. رەنگە دروستیش بێت.

## داوای لێبوردن بە سەرشۆڕییەوە:

با بگەڕێینەوە لای مەریخیەکە. رەنگە ئەو کاس و وڕ بووبێ کە بۆچی ساڵی ١٩٨٥ ترۆپکی گەڕانەوەی ئێمەیە بۆ سەردەمی بەربەڕییەت. ئەو مافی خۆیەتی کاس و وڕ ببێت، چونکە خراپترین رووداوەکان لە ژێر ناوی تێروریزمی نێو دەوڵەتیدا لەم ناوچەیە روو دەدات. رێك وەك ئەو شتەی لە رێگای وەها سیاسەتێکەوە لە ئامریکای ناوەندیدا روویدا. چەندها نموونەی هاوشێوەی تر. لە راستیدا نموونەی ئەم ساڵانەی تێپەڕ بوون.

هەر چۆنێك بێت تەنیا ئاماژە بە بەشێك لە رووداوەکانی ساڵی ١٩٨٥ درا، و بە باشیش جەختی لە سەر کرا، چونکە باسەکە لە سەر تێرۆریزمە.خەڵاتی فەرمی بۆ تێرۆریزم لەو ساڵەدا بە رفێنەری ئاچیلە لاورۆ(Achille Lawro) و بکوژی ئامریکاییەکی کەم ئەندام بە ناوی لیئۆن کلینگ هوفێر( Leon Klinghoffer ) درا. هەتا رادەیەك هەمووان لەم بارەوە ئاگادارن، رێك تاوانێك بوو زۆر قێزەون. هەڵبەت تاوانبارەکان بابەتەکەیان بە جورێکی تر شی کردەوە کە کردەوەی ئەوان وەڵام دانەوەیەك بووە بۆ بۆردمان کردنی توونێس، ئەویش حەوتەیەك پێشتر،دزێو ترین رواڵەتی تێرۆریزمی جیهانی. بەڵام ئێمە ئەو بڕ و بیانووانەمان بە دروستی و بە سوکایەتی کردنێك کە شیاوی خۆی بوو، وێڵ کرد. سەرجەم ئەو کەسانەی کە



خۆیان لە ریزی سالووس و پیاو خراپاندا دانانێن، هەمان هەڵوێستی بنەڕەتییان گرتە بەر،چونکە سەرجەم ئەو پەلامارە توند و تیژییانە وەك شەڕ لە ئەفغانستان کە ملوێنها بێ تاوانی بەرەو برسییەتی برد لە ژێر ناوی چاوەڕوانی ئاشکرا و رووندا بەڕێوە چوون. هەروا کە باسکرا ئێمە هەرگیز نازانین ئەویش بە پێی بەڵگەگەلی بنەڕەتی. یان بە پێی ئەو کردە قێزەونانەی ئێستا لە ناوچە داگیرکراوەکانی ئیسرائیل بە پشتیوانی ئامریکا خەریکی تەواو کارین وەك هەمیشە ناچنە ریزی تێرۆریزمەوە. بە دڵنیاییەوە مەریخییەکە لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکەی خۆی دا ئەنووسێ کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاش ئێستا خەریکە خۆی بۆ شەڕێك ئامادە دەکات رەنگە هەتا لەو تاوانە تێرۆریستیانەی کە لە لایەن دەوڵەتە هاوبیرەکانییەوە رێك خراوە، پشتیوانی بکات. قۆناغی کۆتایی ئەم جۆرە کردەوانە لە سەرەتای ئۆکتۆبری ساڵی دو هەزارەوە دەستی پێکرد. لە سەرەتای ئۆکتۆبرەوە واتە لە سەرەتای یەکەم رۆژەکانی حەماسە خۆلقێنی فەلەستینییەکان ئاپاچییە ئیسرائیلییەکان پەلاماری خۆیان بۆ سەر خەڵکی بێ چەکی فەلەستینی و کوشتن و بریندار کردنی ئەوان دەست پێکرد.لێرەدا بابەتی بەرگری تاکەکەسی هیچ واتایەکی نیە.بیل کلینتۆن بە پەلە وەڵامی ئەم بێرەحمییانەی دایەوە. لە بڕواری سێی ئۆکتۆبری ٢٠٠٠ دا ، دو رۆژ دواتی ئەو بەلەمێکی پڕ لە هێلیکۆپتێری سەربازی بۆ ئیسرائیل نارد و دوای ئەم

پشتیوانییە ئاشکرایە بۆ ماوەی دەساڵ بۆ هێلیکۆپتێرە ئاپاچییەکان کەرەسە و ئامرازی تایبەتی بۆ ئیسرائیل نارد. گۆڤارەکانی سەر بە نووسینگەماڵییە گەورەکان لە بڵاو کردنەوەی بچووکترین هەواڵ لەم بارەوە خۆیان پاراست. لە ژمارەی مانگی رابردووی گۆڤاری مەریخیدا بە دڵنیاییەوە بابەتێك لە ژێر ناوی ئەوەی کە دەوڵەتی واشنگتن نەخشەی دەست درێژی و پەلاماری بۆ گەورە کردنی بازنەی نوێی تێرۆری لە بەر دەستدایە، چاپ کراوە. لە چواردەی دێسامبر ئامریکا مانیفێستی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانی کە بریتی بوو لە جیٚ بە جیٚ کردنی پرۆپۆزاڵی میچێل(Mitchell Proposal) ناردنی نوێنەری نێو دەوڵەتی بۆ چاودێری و کەم کردنەوەی توند و تیژی لە ناوچەدا ویٚتۆ کرد. بابەتەکە ناردرا بۆ کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەویٚش بەرەوڕووی دژایەتی کردنی ئامریکا و ئیسرائیل بۆوە. لە ئەنجامدا کێشەکە ون بوو. ئێوە دەتوانن ئەم هەواڵانە لەو ژێدەرانەدا کە هەن تێبنینی بکەن. حەوتوویەك لەمەو بەر کۆنفرانسێك کە پێك هاتبوو لە ئەندامانی پایەبەرزی هاوپەیمانانی چوارەمین کوبوونەوەی ژنێڤ کە بە پێی گرێبەستێکی فەرمی بریاری جێبەجیٚ کردنیان دابوو، لە ژنێڤ رێك خرا. ئەم ئەنجوومەن و کۆبوونەوەیە زۆر بە توندی لە بەرامبەری هەر کردەوەیەکی ئەمریکاو ئیسرائیل کە لە سەرزەمینە داگیرکراوەکان دا ئەنجامی بدەن، هەڵوێست دەگریٚ،



بە تایبەت ئەو ئاوەدانی و شارۆچکە جوولەکە نشینانەی بە بوودجەو پشتیوانی تەواوی ئەمریکا دروست کران و گەشەیان سەندو لە سەردەمی حکوومەتی کلینتۆن و باراك لە رێکەوتنەکانی کەمپی دەیویددا گەشەی زیاتری بە خۆیەوە بینی. ئیسرائیل خۆی بە تەنیا ئەم درێژ داڕیانەی رەت کردەوە.

لە مانگی ئۆکتۆبەر کاتێك کێشەکە گەییشتە ئەنجوومەنی ئاسایش، ئەمریکا لە را دەربڕن خۆی پاراست. لە رواڵەت دا نەیدەویست لە پێشێلکاری سەرەکی ترین یاسا نێودەوڵەتیەکان دا وەها هەڵوێستێکی پڕ لە هەراو هوریا بگریٚ، بەڵام لە بنەمادا نەیدەویست بارودۆخێك بۆ چەسپاندنیان بڕەخسێنیٚ. بەم پێیە ئەنجوومەنی ئاساییش بە چواردە دەنگی ئەرێنی و هیچ دەنگێکی  نەرێنی بڕیاری دا ئیسرائیل ئاگادار بکاتەوە کە رێز لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاساییش بگریٚ. بەڵام دیسانەوە ئیسرائیل زۆر بیٚ شەرمانە دژایەتی لە گەڵ دا کرد. بەر لە کلینتۆن ئەمریکا زۆر بیٚ شەرمانە لە گەڵ باقی ئەندامانی ئیسڕائیل دەنگیان بە رەت کردنەوەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی گشتی دابوو. لە بنەمادا ئەمانە ئاشکراکەری کاریگەریەکانی پێداگری کلینتۆن لە پێشێلکاری ماف نێودەوڵەتی و پێش لە ئەوەش بڕیارەکانی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بارەی پەیوەندی فەلەستین و ئیسرائیلیەوەیە.

میدیا گروپیەکان پێمان دەڵێین، عەرەبەکان پێمان دەڵێین کە پەیمان و گرێبەست لەو شوێنانەدا کە دەستکرد نین، جیٚبەجیٚ

دەکرێ، هەرچەن لەوێشدا هەندێك لە، لەبیرچوون و سڕینەوە بەرچاو دەکەوێ– عەرەبەکان و هەرکەسێکی تر. لە پێنجەمی دێسامبەری ٢٠٠١ ، کۆبوونەوەیەك کە لە سەرجەم ئەندامانی یەکیەتی ئەوروپا پێك هاتبوو ڕێك خراو لە سەر جێبەجێ کردنی ئەو پەیمانە لە هەموو ناوچەکاندا پێداگریەکانیان نوێ کردەوەو زۆر بە ئاشکرایی دەریان بڕی کە هەرچەشنە دروست کردنی شارۆچکەیەك لە ناوچە داگیرکراوەکان دا نایاساییەو ئیسرائیل لە ئەسڵدا ئەمریکاو ئیسڕائیلیان ئاگادار کردەوە کە ڕێز بۆ یاسا نێودەوڵەتیەکان دانێین. ئەمریکا بەشداری ئەو کۆبوونەوەیەی نەکردو لە ئەنجام دا بەرەو تیاچوونی برد. ئەگەر پێویستی کرد خۆتان راپۆرتەکان بخوێننەوە.

ئەم جۆرەکردەوانە یارمەتی توندتر کردنی تیرۆریزمی لە ناوچەدا کە جیددی ترین بەشەکانی پێك دێناو میدیا گروپیەکانیش زۆر بە ساکاری لە گەڵ ئەو بابەتەدا هەڵسووکەوتیان کرد.



## پەرچەکردارگەلێك سەبارەت بە تیرۆریسم:

لە کۆتایی دا وای دانێن ئێمە بیرۆکەی مەریخیەکەمان لا پەسەندەو زۆر بە خێرایی کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەنەکە بە جێدێڵیین و هاوسەنگی ئەخلاقی پەسەند دەکەین. ئەگەر ئێمە بگەینە ئەو پلەو پایەو ئاستە، ئەوکاتە ئەتوانین، تەنیا ئەو کاتە ئەتوانین، زۆر بە ڕوسوریەوە پرسیار بکەین کە بە چ جۆرێك دەکرێ لە بەرامبەر کارەساتە تیرۆریستیەکان دا دژکردەوە نیشان بدەین. وەڵامێك ئەمەیە کە یاسای گشتی دەوڵەتە سەقامگیرەکان درێژە بدەین، وەك یاسای پێشووی خەڵکی نیکاراگۆیە. هەڵبەت چوونکە ئەوان بە پێچەوانەی جووڵەی ئاو، ڕێگا دەپێون، شکست دەخۆن، چوونکە جیهان بە سیستەمی ئۆتۆریتە هەڵدەسوڕێ نەك بە بنەماکانی یاسا، بەڵام بابەتەکە لە بارەی ئەمریکاوە بە پێچەوانەوەیە. هەر چۆنێك بێت، بابەتەکە بە تەواوی لە بازنە چۆیەدەر. ئێستاش دەبێ هەندێك ڕستە لەبەر چاوبگرم کە لە بڵاوکراوەکانی مانگی رابردوودا ، ئاماژە بە یاساکانی پێشوو دەدات.

وەڵامێکی تر لە لایەن بوش و بویسەوە درایەوە، بەڵام ئێمە زۆر بە پەلە ڕەتمان کردەوە، چوونکە هیچ کەس لە سەر ئەم بڕوایە نیە کە هائیتی، نیکاراگۆیە، کوبا یان باقی وڵاتە هاوشێوەکان لە جیهان دا ئەم مافەیان هەبێت کە پەلاماری

تیرۆریستی بە دژی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی یان باقی دەوڵەتە سەرمایەدارو بە هێزەکان ڕێك بخەن.

وەڵامی باشترو لۆژیکی تر لە لایەن سەرچاوەکانی تر، بە تایبەت واتیکانەوە درایەوە کە لە مانگی رابردوودا لە لایەن مێژوو نوسێکی سەربازیەوە بە ڕەگەز بەریتانی – ئەمریکاییەوە بە ناوی مایچێل هاوارد (Michael Haward) ، رەخنەی کردە دەرەوە. لە راستی دا بابەتەکە لە کۆتا ژوومارەی گۆڤاری وزین " کاروباری دەرەوە" ژوومارەی ژانویەو فوریەی ٢٠٠٢ بە چاپ گەییشت. ئێستا ئیتر هاوارد سەرجەم دەست رۆییشتنی پێویست و متمانە کۆمەڵایەتیە پێویستەکانی هەیە. ئەو یەکێکە لە گەورەترین ستاییشگەرانی ئیمپراتوریەتی بەریتانیا لە ئاستی جیهانی دا. کە واتا هیچ کەس بۆی نیە ئەو بە ڕێژەیی بوونی ئەخلاقی یان هەر چەشنە تاوانێکی تر ، تاوانبار بکات.

ئەو بە ئاماژە بە بابەتی یانزەی سێپتامبەر پێشنیاری هێرشی پۆلیسی کرد بە دژی پیلانی تاوانباری، کە پێویستە دانەدانەی ئەندامانی ئەو تۆڕە راو بکرێن و تەسلیمی داداگای نێودەوڵەتی بکرێن هەتا لەوێ بکرێ لە گەڵ داداگایی کردنێکی دادپەروەرانە بەرەوڕوو وەبن و ئەگەر بە تاوانبار ناسران، سزای پێویست بدرێن. هەڵبەت لەم بابەتە زۆر بیر نەکرابۆوە، بەڵام بە شتێکی لۆژیکی دەبیندرێ. ئەگەر ئەم شێوازە بنەڕەتی بێت، دەبێ لە بارەی تاوانە تیرۆریستیەکانەوە خراپتر لەمەش لە سەر ئەو شێوازە کار بکرێت.بۆ نمونە، پەلاماری تیرۆریستی



ئەمریکا بە دژی نیکاراگۆیە، یان تەنانەت کرداری خراپتر لە وەش لە شوێنەکانی تر کە هەتا ئەمڕۆ دەستی تێیدا بوە.

هەڵبەت بە هیچ جۆرێك لە بەر هۆکاری ناتەبا ناکرێ تەنانەت وێناشی بکەی. لە ئەنجام دا ئێمە توشی دڵەڕاوکێ دەکات. وەڵامی ساناو ساکار ئەمەیە کە دیسانەوە دوورویی و ریاکاری داب و نەریتێکە لە نێو دەسەڵات دارەکان دا. خاڵی تریش هەن کە هاوڕێی مەریخیمان لە راستی دا بە پێی بنەماکان پێداگریان لە سەر دەکات، کە بۆخۆمان دان بە دادپەروەریەکی گەورە دا نێین. جێبەجێ کردنی ئەو خاڵەی سەرەوە دژوارە، بەڵام ئەگەر بڕیارە جیهان لەم گرفت و بەڵایانە رزگاری ببێت، ئەو کاتە ئەم بنەمایانە دەبنە کارێکی پێویست و زەروور.

# کتێبەکانی یانەی قەڵەم

| ناوی کتێب | بابەت | نوسەرو وەرگێڕ |
|---|---|---|
| ١ ـ فریوو خۆحەشاردان | چیرۆك | عەتا محەمەد |
| ٢ ـ ئایین (هزر سیاسەت) | سیاسی | یاسین عومەر |
| ٣ ـ بەیەکداکێشانی شارستانێتییەکان | سیاسی | ئاوات ئەحمەد |
| ٤ ـ سوەیلا | رۆمان | شارام قەوامی |
| ٥ ـ رۆژی هاتنەکەی عودەی | چیرۆك | ئاوات عەبدوڵڵا |
| ٦ ـ سیماکانی عەقلانیەت و | سیاسی | ئاوات ئەحمەد |
| ٧ ـ وەنەوشەکەی چوارشەممان | چیرۆك | شیرین.ك |
| ٨ ـ نەبەهەشت لەسەر زەویدایە | سیاسی | ئومێد عوسمان |
| ٩ ـ فیمینیزم | فکری | عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی |
| ١٠ ـ لە روانگەی | فکری | ئومێد عوسمان |
| ١١ ـ منداڵباز | رۆمان | فەرهاد پیرباڵ |
| ١٢ ـ کیمیاگەرانی وشە | ئەدەبی | یاسین عومەر |
| ١٣ ـ گوزارشتی مۆسیقا | هونەری | حەمە کەریم عارف |
| ١٤ ـ خەمەکانی رۆشنگەری | فکری | ئاوات ئەحمەد |
| ١٥ ـ یەڵماز گۆنەی | هونەری | حەمە کەریم عارف |
| ١٦ ـ هەناسەی پێخەفە | چیرۆك | چنوور سەعیدی |
| ١٧ ـ سادقی هیدایەت | ئەدەبی | حەمە کەریم عارف |
| ١٨ ـ یادەوەرییەکانی کۆلانێکی | چیرۆك | سیامەند هادی |
| ١٩ ـ قالاو یانی قەفەسێکی | شیعر | کەمال ئەمینی |
| ٢٠ ـ تیانووسی پاشای | شیعر | یاسین عومەر |
| ٢١ ـ لەسێبەری پرسیاردا | دیدار | سەمەد ئەحمەد |
| ٢٢ ـ زەمین وەك پرتەقاڵێك شینە | شیعر | فەرهاد پیرباڵ |
| ٢٣ ـ گێلاسی خوێن | رۆمان | عەتا محەمەد |
| ٢٤ ـ حەرامترین | چیرۆك | عەلی پێنجوێنی |
| ٢٥ ـ رەنگە کاڵبووەوەکانی | شیعر | مەریوان هەڵەبجەیی |

نرخ(٢٠٠٠) دینار